# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیارانی پرۆژە**

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# مۆنتیسکۆ

**پاوڵ ا. راه**

**وەرگێڕانی: سیار خورماڵی**

**بەشی چوارەم**

72

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# مۆنتیسکۆ

ناوی نووسەر: پاوڵ ا. راه
وەرگێڕانی : سیار خورماڵی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان ڕەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 196 )



# مۆنتیسکۆ

پاوڵ ا. راه
وەرگێڕانی: سیار خورماڵی

بەشی چوارەم

72

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین،  ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و  شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

له ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پـرۆژەیـەش لە سـاڵـی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# مۆنتیسکۆ
# ڕۆحی یاسا و جیاکەرەوەی دەسەڵاتەکان

## پێشەکیی وەرگێڕ

مۆنتیسکۆ وەک فەیلەسوفێکی مەزنی سەدەی حەڤدەهەمی فەرەنسا و ئەوروپا، بە گشتی بە دیارترین و کارگەرترین فەیلەسوفەکانی فەرەنسا بەتایبەتی و ئەوروپا و جیهان دادەنرێت. مۆنتیسکۆ سەدساڵ پێش شۆڕی فەرەنسیی لەدایکبووە، لە خێزان و خانەوادەیەکی زەنگین و خانەدان و دەستڕۆیشتوودا چاوی بەژیان هەڵهێناوە، کەڵکیشی لەو زەنگینییەی بینیوە لە بواری تێکەڵبوون بە نوخبە و سەردارەکان، لە مەیدانی گەشت و گەڕانەکانیدا بۆ وڵاتانی ئەوروپا و لە کایەی نەرمینواندنی دەسەڵاتداران لەبارەی ئەو ئایدیا و سەرنجانەی کە دژ بە پرەنسیپەکانی فەرمانڕەوایی ئەوان بوون. تایبەتمەندی مۆنتیسکۆ لەوەدابوو، کە نوسینەکانی و سەرنجەکانی قووڵ و نوێبوون، قووڵبوون بەو مانایەی لە دوورترین کونجی مێژوودا، بایەخەکانی هێنا و شرۆڤەیکردن، ئەو دەستیبرد بۆ نەزمی حوکمداری بەربەری و جەرمەنی و قوتەکان و کەڵکی لە رەوگەی رامیاری رۆم، یۆنانییەکان وەرگرت، پەرژایە سەر رۆژهەڵات و ئێران و دنیای ئیسلام، لە کۆی هەموویاندا و لەدوا

دواکانی تەمەنیدا، لە شاکارەکەی خۆی، کە ڕۆحی یاساکان بوو خستەڕوو. مۆنتیسکۆ لە سەرچاوەی گرفتەکان دواوە، ئەوەی ئەو نوسیویەتی لەسەر سیستەمە سیاسییەکان بووە، جەختی ئەویش لەبارەی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان بووە. واتە ئەو بەوردی دەردەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی دیاریکردبوو، هەربۆیە توانی دەست بۆ باشترین چارەسەربەرێت، کە ئەویش بریتییە لەئازادی سیاسی و جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان و مافی هاووڵاتیبوون، پاراستنی ماف و پێگە و رابردووی گروپەکان و جڵەوگیرکردنی زێدەڕۆییەکان بە یاسا.

ئەو بۆ چارەسەرکردن و زێدەڕۆییەکانی ئایین، نەهات کاردانەوە پیشانبدات و نەخشی ئایین بسڕێتەوە، وەختێک کە پیاوانی ئایینی دەستیان لە بینەقاقای کۆمەڵگەدابوو، نەهات داکۆکی لەسەر ئەوەبکات کە پێویستە ئەو دەستانە ببڕێنەوە، بەڵکو هات ئایینی گەڕاندەوە بۆ ڕەوتی راستەقینەی خۆی. گەڕانەوەی ئایین بۆ پێگەی راستەقینەی خۆی، پێدانی تایبەتمەندی بەخانەدانەکان بە گوێرەی یاسا، هاوکات هێشتنەوەی پادشاکان و چاودێریکردنیان بەیاسا، دیسانەوە پێدانی مافی هاووڵاتیان بە بوونی دەنگو بە دەربڕینی ئازادیو بەدیاریکردنی

نوێنەرەکانیان، کە دواجار سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانی دەوڵەتن، هاوکات هێشتنەوەی رۆڵی نوخبە و بەهرەدار و نەجیبزادەکان لە ئەنجومەنی پیراندا، کۆی هەموو ئەو داکۆکییانەی مۆنتیسکۆ، هۆیەکی کاریگەر بوو، تا ئەو وەک نێوەندگیرو مامناوەندێک، یاخود وەک سازێنەرێکی واقی تەماشابکرێت و لێی بڕوانرێت. مۆنتیسکۆ ئەو شتانەی کە دەیخستنە روو، لە ئاستێکی یۆتۆپیو خەیاڵیدا نەبوون، ئەو شتێکی دەوت، کە شیاوی جێبەجێکردن بێت، جێبەجێکردنێک کە ئازادی تێیدا هەوێن بێت، ئەو ئازادییەی ئەو داوایدەکرد، تەنها گروپ و دەستە و نەتەوەیەک لێی بەهرەمەند نەبوو، بەڵکو فرە واقیعیانە سفرەی ئازادی راخست، بەجۆرێک هەموان بتوانن پشکیان لە ئازادیدا هەبێتو هەموانیش ئەو ئازدییەی کە گەرەکیانە، بتوانن بەدەستیبهێنن.

هەر ئەوە بوو وای لە مۆنتیسکۆ کرد، کە ببێتە یەکێک لەو فەیلەسوفانەی زۆرترینی تیۆرەکانی کراونەتە واقیع و لە ئاستی پراکتیکدا کاریان لەسەردەکرێت. ئەو جیا لە فەیلەسوفەکانی تر، بەرهەمێکی دایە مرۆڤایەتی، کە سودی هەبێت، فەلسەفەی لە چوارچێوەی خەیاڵدا نەهێشتەوە و فەلسەفەی کردە دارێکی بەرداری

دونیایی، بەرهەمەکەی لە زۆرێک لە دەستورە بنچینەییەکانی ئەورۆی دونیادا دەدورێتەوە. مۆنتیسکۆ ئاوێکی رشت، کە هەمووان بتوانن پێی تێخەن و نەخنکێن. ئەو ئیلهامبەخشی شۆڕشی فەرەنسی بوو، هەروەک چۆن رۆسۆ و ڤۆڵتێر، ئیلهام بەخشیبوون. بوونی تیۆرەکانی مۆنتیسکۆ لەنێو شۆڕشی فەرەنسیدا، زیاتر جڵەوی شۆڕشی هێورکردەوە و پیاوانی ئایینی و خانەدانیشی لەگەڵ شۆڕش ئاشتکردەوە، تەنانەت پادشایشی لە تەک شۆڕشدا ئاشتکردەوە. ئەو زەمینەیەکی رەخساند، تا هەموو لایەک لەبەرامبەر شۆڕشدا ملکەچبن.

هیچ بنەمایەکی تیرۆر و کوشتن و توندوتیژی لە تیۆرێکی مۆنتیسکۆوە سەریدەرنەکردووە، ئەو بەکاوەخۆ ویست و ئیرادەی شۆڕشی بەبارێکی لەباردا بردووە، کە شیاوی روودان بێت. مۆنتیسکۆ یەکێک بوو لەو فەیلەسوفانەی کە بڕوای بە قۆرغکاری نەبوو، هاوکات غرور و رابردووی وڵاتەکەیشی، لەئاستی وڵاتانی تردا چاوی پێنەدەنوقاند. ئەو سەروەرییەکان لە هەرکوێ و هی هەر هێزێک بووبن، بە مانا مرۆڤییەکەی کەڵکی لێوەردەگرتن، چونکە بەسەردانی بۆ بەریتانیا نەیشاردەوە، کە بەریتانیا چەندە لەپێش فەرەنساوەیە و چۆن ئەوان خاوەنی سیستەمێکی تۆکمەی دەستوری

پادشایەتین. ئەم تایبەتمەندییەیش وای نەکرد کە لە ئاست وڵاتەکەیدا بە ناپاک و کەوتنە ژێر باری کاریگەرییەکانی دەرەوە تەماشابکرێت، چونکە مۆنتیسکۆ هاتەوە و کاریگەرییەکانی بە فەرەنسی کرد و بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسا شتەکانی دووریی، هەربۆیە سیستەمی سیاسی و دەوڵەتدارییەکەی، کە بۆ فەرەنسا داینابوو، بەجۆرێک بوو کە بۆن و بەرامەی فەرەنسا بدات.

لەبەرئەوە هیچ کات فەرەنسییەکان، ئەویان بە کەسێک نێونەدەبرد، کە دەمارگیریی نەتەوایەتی هێزێکی تری لەپشتەوە بێت. مۆنتیسکۆ وەک فەیلەسوفێکی مەزن، مەزنایەتی خۆی لەوەدا بینییەوە کە دنیا بچوک و دوورکانی فەرامۆش نەکردبوو، چونکە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییەکانی مۆنتیسکۆ، خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کە بڕوای بە کاریگەری و بایەخی هەموو ئاووهەوا و ژینگە و کلتور و فەرهەنگێک هەبوو. ئەو پێیوابوو لە هەر یاسایەکدا، کە یاسا داڕێژەران جەختی لەسەر دەکەنەوە، نابێت بچوکترین تایبەتمەندی فەرامۆشبکرێت، تەنانەت بڕوای بەوە هەبوو، کە تایبەتمەندییەکان گەر دیوی دزێویشیان بوو، نابێت لە نوسینەوەی یاسادا بەهەند وەرنەگیرێن، کۆی ئەم

بۆچوونەی وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات، بە رۆحی میللی ناودەبرێت، ئەو لە رۆحی میللیدا شوێنی بۆ مەزهەب و ئایین و رێچکان و رەوگە دینییەکان کردبوویەوە، ئەو شوێنی بۆ زمان و فەرهەنگ و تقوس و خورافیاتی گەلان هێشتبوویەوە، کەلتوور خاڵێکی گرنگ و بەبایەخ بوو، بازنە رۆشنبیرییەکان نەدەبوو بەپێی یاساکان ببەزێنرێن، لە هیچ حاڵەتێکدا بڕوای بەوە نەبوو، یاسایەک کە لە ژینگەو دابونەریت و کەلتورێکدا لەدایکبووبێت، دەکرێت لە ژینگەیەکی تردا جێبەجێبکرێن، ئەو باوەڕی وابوو، پێویستە یاساکان هەڵقوڵاوی تایبەتمەندی گەلان بن و دەبێت کلتوور رۆحی ئەو یاسایە بێت کە بۆ هەر گەلێک دەنوسرێتەوە، ئەو بڕوای بە نوسینەوەی یاسایەکی یەکگرتو و سەرتاسەریی نەبوو، بۆ کۆی مرۆڤایەتی، ئەوەی بە مەهزەلە دەزانی و بڕوای بەوە نەبوو، کە یاسای بەریتانیا بۆ فەرەنسا دەبێت، پێیوابوو گەر ئایینیش وەک یاسا تەماشابکەین، ئەوا ئایینی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر ناشێت و نابێت، دەبوو ئایین سازشبکات لە بەرامبەر بنەما کلتورییەکانی هەر نەتەوە و هۆزێکدا و بەزمانی ئەوان و بە نەریتی

ئەوان و بە ئەتواری ئەوان بێتە پێشەوە. مۆنتیسکۆ لە نامە ئێرانییەکاندا، ئێرانی وەک نموونەی ڕۆژهەڵات هێناوە، ئێران بە تەواوی مانا کلتوری و فەرهەنگییەکانییەوە، گەشتیارە ئێرانییەکانی کردبووە نموونەیەکی نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات کە لەنێو خۆرئاوادا نەسازان و دووریی و نامۆییان بە نەریتی یەکتریی، هێمایەک بوو پێیوتین چۆن نابێت دنیا دوورەکان لە چوارچێوەی یاسای یەکتریدا کۆنترۆڵبکەین، یان کۆتبکەین.

مۆنتیسکۆ باوەڕیوابوو، کە پێویستە هاوسەنگی لە هەموو بوارەکاندا رابگیرێت، راگرتنی هاوسەنگی مەچەکی بەهێزە بۆئەوەی لە هیچ کاتێکدا تاکڕەوی روونەدا. چونکە هەوێن و سودی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بنەمای خۆی، یان سودی خۆی تەنها لەوەدا دەبینییەوە، کە نابێت تاکڕەوی رووبدات و دەبێت زیادەڕۆی هەر لایەنێک بە دەسەڵاتی لایەنەکەی بەرابەری کورتبکرێتەوە، ئەو بۆ مراندنی دەسەڵاتی زیادەڕەو، پێویستی و پێویستی بە دەسەڵات هەبوو، بۆ وەستاندنی هەر دەسەڵاتێک، پێویستیی بوونی دەسەڵاتێکی دیکەی بە رەوا

دەزانی، لە ئەگەری تاک دەسەڵاتیدا، هەمیشە شیمانەی ستەمکاری و تاکڕەویی دەکرد. ئەو کاتێک تایبەتمەندی دابووە خانەدانەکان، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی هێنابووە گۆڕێ، کاتێکیش مافی تەواوی دابوو بە گەل، کە تایبەتمەندیشی دابووە خانەدانەکان، وەختێکیش پادشا جڵەوی حوکمی لەدەستا بوو، کە دادگاکان سەربەخۆ بوون.

ئەم راگرتنی هاوسەنگییانە دیسانەوە پێیاندەوتین، مۆنتیسکۆ چەندە واقیعی لە سروشتی مرۆڤی روانیوە، بە جۆرێک هێندەی سروشتی مرۆڤ مافیشی داوە بە تایبەتمەندی و سروشتی جوگرافی، لەبەرئەوە پێمانوایە وەرگێڕانی نامیلکەیەکی لەم جۆرە لە سەر مۆنتیسکۆ و شرۆڤە و شیکاری بۆچونەکانی و روونکردنەوەی مانا و مەبەستی بەرهەمەکانی، خاڵێکی گرنگ پێویستە لەبارەی نوسینی کوردی لەنێو پەرتوکخانەکاندا، پێویستە لە چوارچێوەی ئەم نوسینەدا بیرمان بەلای یەکێک لەتەگەرەکانی وڵاتی خۆمان بێت، کە لە نوسینەکانی مۆنتیسکۆ و لە تیۆرەکانی ئەودا دەرمانیان کراوە. ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا و

له ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی، داگیرکردن و سڕینەوە و نەبوونی ئازادی و تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان هەیە. لەڕووی ئاینییەوە بندەستی دروشمی رادیکاڵ و ڕیشەیی و ناسیۆنالیستەکانی عروبەین و ئاینێکیان بە یاسا پێداوین، کە سەرلەبەری ئەدەبیاتی بادییەی تێکەڵبووە. ئاینێکی سیاسی بە نزا و پاڕانەوە و بەندایەتی و پۆشاک و رواڵەتی بادییەوە، لەشوێنێکی جوگرافیا و زمان و دابونەریتی جیاوازدا. ئەم ئایینە هیچ بەرامەیەکی نەتەوەیی و هیچ ئەرزشێکی نەتەوەیی و هیچ خەسڵەتێکی رابردووی کوردی تێدانییە، لێرەوە زەرورییەتی بنەما و پرەنسیپەکانی مۆنتیسکۆ دێتەپێشەوە، کە پێیدەوترێت رۆحی میللی، واتە له هیچ یاسایەکی ئەو ئایینەدا، کە ئێستە وەک رادیکاڵ و ڕیشەیی دەیسەپێنن، رۆحی میللی رەچاونەکراوە، بۆیە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و رۆشنبیر و خوێنەواری کورد، لە بناغەیەکی بەهێزی وەک تیۆرە شۆرەتدارەکانی مۆنتیسکۆ، دروست وابەستەیە بە رەوشی هەنوکەیی ئێستەی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

## له وته دیارەکانی مۆنتیسکۆ

– لەگەڵ ڕێورەسمی پڕ لە خەرجی و تێچوونی پرسەکاندا نیم، دەبوو بۆ مرۆڤەکان، لەکاتی لەدایکبونیاندا کۆڕی پرسە بگرن، نەوەکو کاتێک کە لە دونیا دەردەچن.

–خۆشەویستیی خوێندنەوە بریتییە لە گۆڕینەوەی ساتە بێزارەکان بە ساتگەلێکی چێژبەخش.

–ئازادی لەوێوە کۆتایی دێت، کە ئازادی ئەوانی دی دەستپێدەکات.

– لەنێو وڵاتانێکی ستەمکاردا، کڵۆڵترین و بێ نەواترینیان ئەو وڵاتەیە، کە پادشاکەی مژوڵی کاری بازرگانی بێت.

– بە هیچ بەهایەک ناتوانرێت کاتژمێرێک تەمەنی بەسەرچوو بگەڕێنینەوە، بەڵام بە پێدانی چەند پارچە پوڵێکی ناقابیل، دەتوانین ئەزموونی هەموو تەمەنی مەزنە دانا و حەکیمەکانی جیهان بەدەستبهێنین.

– کەسانێک کە بەبێ بیرکردنەوە دەدوێن، وەک راوچییەک وەهان، کە بەبێ نیشانەگرتن، تیرەکانیان دەهاوێژن.

– ئادەمیزاد ئەگەر بیەوێت تەنیا خۆشبەخت بێت، ئەوا بە زوویی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت خۆشبەختتر لەوانی دیکە بێت، کێشەکە

لێرەدایە کە چۆن ئەو، ئەوانی دیکە بە خۆشبەختتر لەوەی کە هەن وێنادەکات.

– دەکرا کێشەکان پێش بڕیاردان، بە دادگای ویژدان رادەستبکرانایە، چونکە ویژدان ڕێنیشاندەرێکی بێوێنە و قازییەکی بێلایەنە.

– لەپێناو خراپ بەکارنەهێنانی دەسەڵاتدا، پێویستە ڕێوشوێنێک بگیرێتەبەر، کە بە دەسەڵات، دەسەڵات بوەستێنرێت.

– گەر دەسەڵاتی دادوەریی، لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان جودانەبێتەوە، ئەوا دیسانەوە خەبەرێک لە ئازادی نابێت.

– ئازادی بریتییە لە مافی ئەنجامدانی هەرکارێک کە یاسا ڕێگەی پێدەدات. هەروەک چۆن بریتییە لە ئەنجامنەدانی هەر کارێک، کە یاسا ڕێگریی لێدەکات.

– گومانی خراپ، تەنیا زیان بە گومانکەر دەگەیەنێت، بەڵام قسەی رەق بە هەموو ئەوانە زیان دەگەیەنێت، کە گوێیان لێ دەبێت.

– لوتکەی کارزانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوەیە کە بزانی بە چ پێوانەیەک و لە کوێ پێویستە لە هێزی خۆت بەهرەدار بیت.

– کەسێک بۆی نییە خۆی بکوژێت، ئەگەر خۆی کوشت، ئەوا بوونی خۆی لە وڵاتی خۆیدا دزیوە.

- ئاوەدانی هەر کیشوەرێک بە کێشانەی ئازادییەکەی دەپێورێت، نە بە پێوەری پیت و بەرەکەتەکەی.

-وڵات وەختێک خاوەنی ئازادی و سەربەخۆییە، کە تاکەکانی خاوەنی ئازادی و سەربەخۆیی بن .

- هیچ خەم و خەفەتێکم نەبووە، کە بە خوێندنەوەی پەڕەیەک لە پەرتوکەکان لەناومنەبردبێت.

- دەبوو بۆ ساتێک ئازادی لە دەستبدەین، تا بتوانین بۆ هەمیشە بیهێڵینەوە.

- شکستخواردن بە رێگەیەکی رەوا، بایەخدارترە لە سەرکەوتن بە رێگەیەکی ناڕەوا.

- کۆمارییەکان لە ئاکامی لە خۆباییبوون، پاشاخوازەکانیش لە ئاکامی هەژاریدا لەنێودەچن.

- زەمەنێک دێتە پێشەوە، کە بێدەنگی لەپێش تەواوی وتنەکانەوە، مەبەستی خۆی دەگەیەنێت.

- مرۆڤ وەک رووبار وایە، تاوەکو قووڵتر بێت، ئارامتر و هێورترە.

- هەندێک جار بێدەنگی هەزار واتا دەدات بەدەستەوە، لەکاتێکدا لە وتندا پێیان ناگەین.

- هەمیشە عاشقانی دڵشکاو، لە بێدەنگیدا خۆیان دەبیننەوە.

– تەنیا هێز دەتوانێت پێش بە هێز بگرێت.

– هەندێک جار بێدەنگی، زیاتر لە هەر ئاماژەیەک دەستگیرۆیی و ڕێپیشاندەرمان دەبێت.

# ڕەوشی فەرەنسا و ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی مۆنتیسکۆ

**سەرنجێکی گشتی لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی سەردەمی مۆنتیسکۆ**

بارودۆخی سەردەمی مۆنتیسکۆ، سەرەتای دەستپێکی داڕوخان و باری سەنگینی سەرشانی خەڵک بوو، سەرەتایەک بوو بۆ داتەپینی بەهاکان و سیاسەت و گۆڕینی ئاڕاستەکانی فەرمانڕەوایەتی لویسەکانی فەڕەنسا، بەرەو سیستەمی ستەمکاریی رەها، هەربۆیە پێویستی فریادرەسێک بۆ راستکردنەوەی بارودۆخەکە و بۆ وەستانەوە بەرەو رووی نەزانی و ستەمکاریی، پێویستییەکی لە رادەبەدەری رەوشی فەرەنسای سەردەمی پێگەیشتنی مۆنتیسکۆ بوو.

هەربۆیە کۆی بەرهەم و نوسین و هێزی رۆشنگەرانەی مۆنتیسکۆ و هاوتاکانی سەردەمەکەی خۆی، زەمینە سازیکرد، تا لە داهاتوویەکی نزیکی پاش مەرگی ئەوان، شۆڕشی فەرەنسی هاتە ئاراوە و بووە وەرچەرخانێکی مەزنی فەرەنسا و ئەوروپا و تێکڕای مرۆڤایەتی.

شۆڕشی فەرەنسا تەنها لەمێژووی ئەو وڵاتەدا گرنگ نییە، بەڵکو لەمێژووی ئەوروپا و جیهانیشدا گرنگە، چونکە گەلێک بیروباوەڕی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، هاوکات لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا

چەندین جەنگ بەرپابوون، چەندین کودەتای رامیاری و کۆمەڵایەتی بەهۆیەوە سەریانهەڵدا و شرۆڤەی تیۆریی چەندین فەیلەسوف چوونە بواری پراکتیکەوە[1].

لەو ساتەدا و لە زەمینەکانی پێش شۆڕشدا و لەو کاتانەی کەسێکی وەک مۆنتیسکۆ دەست و پەنجەی لەگەڵ رەوشەکەدا نەرمدەکرد، لەرووی سیاسییەوە، پادشای فەرەنسا دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبوو، خۆی سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێک بوو، لە گرنگترین دەسەڵاتەکانی پادشا، بەر لەبەرپابوونی شۆڕش، بریتی بوو لە دانانی وەزیرو لابردنی و هاوکات هەڵگیرساندنی جەنگو پەیمان بەستن و لەهەمووی گرنگتر، دانانی باجو دەستکراوەیی لەخەرجکردنی پارەو پوڵو سامانی گشتیدا. ئەوەی زیاتر فەیلەسوفانیشی دوچاری شۆککرد، کەوتنە پەیجوری خاسکردنی یاساکان بریتی بوو لەوەی، کە پادشا مافی دانانی یاساو هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی هەبوو، یاخود دەرکردنی فەرمانی گرتن و دادگاییکردنی خەڵک، دیسانەوە هەر لەژێر رکێفی خەونو خەیاڵو حەزی پادشادا بوو. پادشای فەرەنسا

لەم تاکڕەوییەدا پشتی بە «تیۆری مافی خودایی» دەبەست، کە ڕێبازێکی سیاسی حوکمڕانییەو جەختدەکاتەوە، کە پادشا دەسەڵات لەخوداوە وەردەگرێت، تەنها لەبەردەم خوادا بەرپرسیارەو گەل بۆی نییە ڕەخنەی لێبگرێت. ئەم تیۆرە هەوێنی قسەکردن بوو لەلایەن فەیلەسوفانەوە، لێرەوە دەرگای عەقڵو لۆژیکی ئەوان کرایەوە، ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەو نەزمە ستەمکارییەدا. لە سەدەی هەژدەهەمدا، کۆشکی پادشا 18 هەزار کاربەدەستی هەبووە، کە هەموویان بێ ئەوەی کاریان هەبێت، مووچەیەکی زۆریان وەردەگرت. پادشاکانی فەرەنسا بەخواستو ئارەزووی خۆیان، چییان بویستایە دەیانکرد، خواستو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان پێش دەخست.

لە ڕووی کارگێڕیشەوە، فەرەنسا بە ڕووکەش وڵاتێکی یەکپارچە بوو، ئەگینا خاوەن یەک یاساو ڕژێمی هاوشێوەو یەکگرتوو نەبوو، لەهەر ناوچەیەکدا، جۆرە پێوەرێک بۆ کێشانەو پێوانە هەبوو. جگە لەمەش سنوری هەرێمو ناوچەکان، لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی سروشتیو ئیداریی دابەش نەکرابوون، لەمانەش

خراپتر باجی ناوخۆیی لەسەر شمەکو کەرەستە هەبوو، ئەمەش بووە هۆی پەککەوتنی بازرگانی نێوخۆیی و داتەپینی ئابوری کیشوەرەکە[2] لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین، کە باری ئابوری‌و دارایی خۆی لەم نەزمەدا دەبینییەوە، باجەکانی فەرەنسا زۆرو جۆراوجۆربوون‌و بەشێوەیەکی دادگەرانە دابەش نەکرابوون و زۆربەیان تەنها بەسەر کرێکاراندا سەپێنرابوون. بەگشتی جۆرەکانی باج لەوسەردەمەدا بریتیبوون لە، باجی خانوبەرە، یاخود خاوەنداریێتی‌و سەرانە، کە هەموو دانیشتوانی دەگرتەوە، جگە لەپیاوانی ئاینی، هاوکات باجە لاوەکییەکانی وەک باجی خوێ‌و خواردنەوە و باجی دەیەکو باجی ژن‌و ژنخوازیی، کە دەدرایە پیاوە ئاینییەکان. خەڵک زۆر رقیان لەباجی خوێ دەبوویەوە، چونکە جۆرێک بوو لەحوکمی زۆردارانەو حکومەت بەرهەمی خوێی لەدەستی خۆیدا هێشتبوەوە و خەڵکی ناچاردەکرد بڕێکی دیاریکراو بکڕێت.

میکانیزمی کۆکردنەوەی باجەکان زۆر خراپبوو، چونکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازبوو، حکومەت خۆی کۆی نەدەکردەوە

و لەرێگای کەسانێکەوە کە قۆنتەراتیان دەکرد کۆیدەکردەوە و ئەوانیش هەموو رێگایەکیان دەگرتەبەر بۆ زیادکردنی باجەکان و لەوێشەوە کرێی کۆکردنەوەکەی.

سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتیش، کۆمەڵگەی فەرەنسی لە سێ چینی سەرەکیی پێکهاتبوون، کە بریتیبوون:

خانەدانەکان (ئەریستۆکراتەکان)، کە بەشێک لەوانەی رۆشنگەر و بیرمەندبوون لەنێو چوارچێوەی ئەم خانەدانو خانەوادانەدا پەیدابوون، ئەوەیش هۆکاری تایبەت بەخۆی هەبوو، چونکە لەنێو ئەواندا زیاتر زەمینەی خوێندەواری و ئاشنابوون بە زانست و کەشی بەهاری بۆ تەقینی فیکر و هزری تاکەکانی نێویان رەخسابوو. جیا لە خانەدانەکان پیاوانی ئاینیش دیسانەوە چینێکی تری کارا و بەهێزی کۆمەڵگەی فەرەنسی بوون. پاش ئەوانیش چینی زۆربەی گەل و چینی بۆرژوازی ناوەندی سێهەم چین بوون، کە کۆمەڵگەی فەرەنسییان پێکهێنابوو[3].

خانەدانەکان تایبەتمەندییان زۆربوو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەیش بوون، کە هۆکاری

مانەوەی ئەوان بوو لە هێز و دەسەڵاتدا. ئەوان لە زۆرێک لەباجەکان بەخشرابوون، مافو ئیمتیازی تایبەتیان هەبوو، کە بەپشتاوپشت بۆیان بەجێمابوو، لە دیارترینی مافەکانیشیان وەرگرتنی پارە لەژێر دەستەکانیان، بەرانبەر بەکارهێنانی ئاشو فڕنو گوشێنەرەکانیان، یاخود مافی راوکردن لەکێڵگەی جووتیاران بەبێ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان، هاوکات کارپێکردنی ژێردەستەکانیان «بێگاریی کردن بەخەڵک». ئەم خانەدانانە لەسەردەستی رییشیلیۆ دووچاری زیان هاتن، بەڵام ئیمتیازی خۆیان هەر پاراستبوو. (ریشیلیۆ 1610-1643): وەزیرێکی سەردەم لویسی سێزدەبوو، ئەو لەتمەی دایە خانەدانەکانو زێدەتر دەسەڵاتی پادشای بەرەهایی هێشتەوەو چالاکوانێکی دیاری نێو ماجەراکانی فەرەنسا بوو.

سەبارەت بە پیاوانی ئایینیش پێویستە بڵێین، کە ئەوان هیچ باجێکیان بۆ زەوییەکانی کڵێسە نەدەدا، کە 5/1 کۆی زەوی فەرەنسابوو، جگە لەوەش باجی تایبەتی ژن و ژنخوازیی و دەیەکیان دەسەند، بەڵام زۆربەیان لەکولەمەرگیو

ژیانێکی خراپدا دەژیـان، چونکە گەورەکانیان دەستیان بەسەر سامانی کڵێسەدا گرتبوو، ئەرکە ئاینییەکانیشیان خستبووە سەرشانی قەشە بچوکەکانی ژێر دەستیان، بەرامبەر بەنرخێکی کـەم، لـەبـەرئـەمـەش ژمـارەیـەکیان بـەرە بـەرە بەهۆش هاتنەوەو بوونە سەرداری ئەو زەمینە رۆشنگەرییەی، کە بـەرە بـەرە کـاری بۆکراو دواتریش بینرا، کە چۆن بەشێکی کاریگەریان لەنێو شۆڕشی فەرەنسیدا خۆیان بینییەوە[4].

جیا لە خاندانەکان و پیاوانی ئایینی، چینی زۆرترینی گەل، زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی فەرەنسایان پێکهێنابوو. ئەمانە لە جوتیارانو چینی بـورجـوازی نـاوەنـدیـی پـێکدەهـاتـن، کە لەهەموو مافەکانیان بێبەشبوونو ئەرکی باجدان و بێگاریکردن و بەزۆر سەربازیکردنیان دەکەوتە ئەستۆ. لەدەمی هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسیدا، ژمـارەی خەڵکی ئاسایی 2 ملیۆن کـەس بوون لەکاتێکدا ژمـارەی خانەدانو پیاوە ئاینییەکە، لە ملیۆنێک کەس تێپەڕی نەدەکرد، چینی بۆرجوازی ناوەندی، کە لەسایەی دۆزینەوە جوگرافییەکانو پەرەسەندنی بازرگانیدا داهـاتو دەسهاتێکی

مامناوەندییان چنگکەوتبوو، پێگەی سیاسییان لەگەڵ پێگەی ئابورییاندا نەدەگونجاو گەلێکیان کە کاری مامۆستایەتی، پزیشک، پارێزەرییو ئەندازیاریو وەستاییان دەکرد، لەهەمووڵایەک زیاتر هەستیان بە ناهەمواریو ناهاوسەنگیی باری کۆمەڵایەتیو سیاسی دەکردو خوازیاری بەدەستهێنانی پایەو دەسەڵاتبوونو خواست و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ خواست و بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکاندا تێکدەگیراو بەریەکدەکەوت[5].

**دەرکەوتنی فەیلەسوفی مەزن مۆنتیسکۆ**

لەو رەوشەدا و سەد ساڵ پێش دەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسی شارل دی سکوندا، بارول دی مۆنتیسکۆ (1755/1689)، فەیلەسوفی فەرەنسی و داهێنەری تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدایکبوو.

لە سەدەی شازدەدا، ئەوروپا گرفتاری شەڕ و شۆڕ و جەنگە ئاینییەکان بوو، چونکە بە گوێرەی ئەو دەربڕینەی لۆسەر، جیهان لە خوێندا گەوزابوو. فەرەنسا لەنێو ئەوروپادا بەهۆی هەڵکەوتەی چەند سەردارێکی مەیدانی عەقڵ،

بوویە پێشەنگ و کلیکی ئازادی، هزری ئازادو شوناسی جیاوازی دەسەڵاتەکانی دۆزییەوەو لە هەناوی کۆمەڵگەی بندەستی لویسەکاندا، عەقڵ چەکەرەی کردو مرۆڤایەتی تەنییەوە. بوونی پێناسەیەکی لەو جۆرە بۆ پاریس‌و فەڕەنسا لەخۆوە نەبوو، چون ریزێک بیرمەندو سەرداری مەزنی عەقڵ، لەو قۆناغەدا سەریان هەڵدا، لە ناو ئەوانیشدا مۆنتیسکۆ[6].

مۆنتیسکۆ کە نێردرایە بەر خوێندن، لە زەمەنێکدا بوو کە لەدایکبوونی خۆی سەد ساڵ پێش شۆڕشی فەرەنسی بوو، واتە لەناو دڵی دەرەبەگایەتیی ئایینسالاری و چینایەتیدا ژیا، بەڵام لە قوتابخانەیەک بەناوی (وتاربێژان) دا بەخێوکرا و لەلای ئەوان، کە نەزعەی ئازادیخوازییان هەبوو، فێری وانەکانی مێژوو دەبوو. دواجار توانی لە زانکۆی بۆدرۆ بەکالۆریۆس لە یاسادا بهێنێت. پاشتر چووە پاریس و مژوڵی کاری پارێزەری بوو. لەوێ توانی کەسە دیارەکانی وەک (مدام دی لامبیر) و (فنتنل) و (سان بییر) بناسێت و پێیان ئاشنابێت[7].

ئەوە وەک بیۆگرافیایەکی خێرا، بەڵام ئەو تەنها

وابەستە نەبوو بە بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و شتێک، کە بەسەریدا بسەپێنرێت و خانەوادەکەی پێیبکەن، ئەو لە ساتی خۆیدا هەڵپەی ئاشنابوونی هەبوو، دەیویست زیاتر جیهان ببینێت، سەرەتا دەستیکرد بە خوێندنەوە لەسەر کەلتور و فەرهەنگ و شارستانییەتی وڵاتانی تر. گەشتی شارانی وڵاتی فارسو هەزارو یەک شەوەی خوێندەوە. ئەو ئاشنابوونی بەو کتێبانە لەرێی موحەمەد رەزا بەگی سەفیری ئێرانەوە بوو، کە لەپاریس نوێنەری وڵاتەکەی بوو. دواتر لە رۆحی یاساکاندا، سەرپشککرا لە هەڵهێنجانی یاسا، لە روانگەی یاسا جێرمانییەکانو یۆنانو رۆمەکانو بەربەرییەکانەوە، مۆنتیسکۆ لەو شاکارەیدا کۆی ئەزموونی مرۆڤایەتی بە خوێندنەوەو بە گەشتی مەیدانی بینیبوو، ئەو دەیزانی ئەزموونی ناوچەو کیشوەرێکی دیاریکراو، ناتوانێت بەس بێت بۆئەوەی یاسایەکی مرۆڤانە بنوسرێتەوە، دەیزانی هەلو مەرجو جوگرافیا، چەندە شوێنیان لەسەر بیرکردنەوەو بیری کۆمەڵگەکان دەبێت. ئەو بەپشتبەستن بە کۆماری ئەفلاتون و سیاسەتی ئەرستۆو میری

ماکیاڤیللی‌و سیستەمی جستنیانی ئەفراردو چەندین سەرچاوەی دەگمەنی تر، ڕێگەی دروستی یاساکانی دۆزییەوە. ئەوە پێیوتین مۆنتیسکۆ ڕامانی خۆی بەس نەبوو، یاخود قووڵبوونەوە بەنێو ناخی خۆیدا، سەرچاوەیەکی بەس نەبوو، تا ببێتە دانەری ڕێ‌و شوێنەکانی یاساو سیستەمە جیاوازەکان، بەڵکو ڕامانی ئەوانی تریشی بە هەند وەردەگرت[8].

مۆنتیسکۆ سەر بە چینێکی خانەدانی پەرلەمانی و دەسەڵاتداری بۆدیۆ بوون لە فەرەنسا. ئەو لەسەرەتاوە بەباشی یاسای خوێندو دواتر تێکەڵ بە کاری پەرلەمان بوو، هەر لەپەرلەمانیشەوە پۆستگەلی جیاجیای بەدەستهێنا. پاشتر فەلسەفەی ئەخلاق‌و مێژوو فیزیای بە شێوەیەکی زانستی خوێند . پاش وازهێنانی لە پۆستی پەرلەمانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک، جەولەیەکی بە ئەوروپادا کردو چووە ئیتاڵیاو نەمساو سویسراو بەریتانیا. ئامانجی گەڕانەکەی تێگەیشتنبوو لە داب و نەریت و خوی نەتەوە جوداکان و تێگەیشتن لە ڕەوگەو شێوازی ڕژێمە سیاسییەکانیان‌و گەرەکی بوو، شوێنی جوگرافی‌و ڕەهەندی ژینگە لەسەر

ئەتواری سیاسەتو یاسای گەلان لێکبداتەوە[9].

ئیدی بە گەڕانەوەی، توانی لەمیانی ئەو ئەزموونەدا، لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە رۆحی یاساکاندا لە ساڵی 1748 بەرهەمبهێنێت. مۆنتیسکۆ لە رۆحی یاساکاندا، گەیشتە لوتکە و قووڵبوونەوەی سیاسی و مێژوویی خۆی بە بلیمەتی نیشاندا. ئەو لەو کتێبەدا رەخنەی لە هەلومەرجی رەخساو و بیری ماکیاڤیللی گرت، هەربۆیە مۆنتیسکۆ ئەو هۆکارانەی، کە لە بەردەوامی دەوڵەت دەدوێن، تەنها بە هۆکارێک دەزانێتو لە روانگەی خۆیدا، تەفسیرو شرۆڤەی مێژووی لە رەهەندێکی عەقڵانییەوە لێکداوەتەوەو بەتەواوی لە دەستێوەردانی خوایی جودایکردووەتەوە، هەر بۆیە لە روانگەی شرۆڤەی مێژووییەوە، کتێبی رۆحی یاساکانیشی نوسیوە. کەواتە پاڵنەری نوسینی ئەم پەرتوکە، لە وەڵامی مۆنتیسکۆدا ئەوەیە، کە بە نیسبەت ئەو کاتەوە موجازەفەیەکی گەورەی کردووە، چون جیاکردنەوەی دەستێوەردانی خوایی لەو قۆناغەدا بڤەبوو، کەمبوون ئەوانەی کەدەستیان بۆ شیکارێکی وەها دەبرد، بۆخۆی دەستبردن

بۆ شیکارێکی وەهـا، مانای لێژبوونی گڵۆڵەی سیستەمی چەندینساڵی لویسەکان بوو.

کتێبەکانی مۆنتیسکۆ بۆ (31) بەشی جیا و بابەتی جیا دابەشدەکرێن، لەوێندەر لەبارەی هاووڵاتیبوون و مافی سیاسی و تیۆری ئازادی سیاسیی دواوە. هـاوکـات کاریگەریی هۆکاری جوگرافی لەسەر یاساو هەڵکەوتەی وڵاتان لەسەر نەریتو بایەخی سروشتو ژینگەی، بەبایەخێکی زیندوو زانیوە. بـەدەر لەوەیش پەیوەندیی یاسا بە لایەنەکانی ژیانەوە بەبازرگانییەوە بە رەوتی پێشکەوتنەوە لەریشەوە هێناویەتیو پێوەندیی فیودالی بـە خاوەندارییەتییەوە، بەشێکی تری شرۆڤەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی یاسانو بە وردی نمونەی وڵاتانی ئەوروپی لە سەر هێناونەتەوە[10].

ناوبراو لە تیۆری کەشوهەوا و و ژینگەدا، جەختی لەسەر کاریگەرییەکانی ژینگە لەسەر مەزاجی تاک کردووەتەوە و برەوی بەو رەهەندە ئەرستۆییە، یـان بولیب و هیبۆقرات داوە، کە لەسەر کاریگەریی کەشو هەواو ژینگە دواون. لێرەدا وەک پاڵنەرێکی مادی لەسەر نەریتەکان مۆنتیسکۆ قسەی لەسەر کردووە.

مۆنتیسکۆ لە باسی ئازادیدا خاوەنی تیۆرە و وەک جۆن لۆک ئەویش لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاوداوە و پێیوایە گردبوونەوەی دەسەڵات لە دەست کەسێکدا، سەردەکێشێت بۆ ستەمکاریی و تاکڕەویی، هەربۆیە دەسەڵات نابێت یەک دەسەڵات بێتو هاتووە بەکاریگەریی سیستەمی بەریتانی دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە.

مۆنتیسکۆ پێیوایە ئازادی لە یاساوە سەرچاوەدەگرێت بۆنموونە پێیوایە ئێمە ئازادین، لەبەرئەوەی لە سایەی یاساکانی میریدا دەژین[11].

مۆنتیسکۆ پێیوابوو ئەرکی فەلسەفەیە پەی بە رۆحی یاساکان ببات، لەوێوە بنەمای سروشت و پیرۆزی و سیاسەت ڕێکبخاتەوە، لەبەرئەوە مۆنتیسکۆ بە مەزنترین عەقڵی جوداکردنەوەی رژێمە کۆنەکان دادەنرێت، یاخود سەردەمی کۆن و یەکەم پاڵنەریی عەقڵی مێژووی نوێیە. لە کارەکانی مۆنتیسکۆدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە ماریفەت بە یاساکان هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی گرفتەکانی کۆمەڵگە. مۆنتیسکۆ ئازادی لەسەر پێی خۆی وەستاندو نەیاریەتی بۆ بندەستیو چەوسانەوە جاڕدا. ناوبراو لە رەوتی ژیانیدا، جگە

لەفەرەنسا لە سالانی(1729 بۆ 1732)لە وڵاتی بەریتانیا ژیاوەو کاریگەریی سیستەمی سیاسی ئینگلستان لە ئەتوارو ئەدەبیاتی فەلسەفەی ئەودا بەتەواوی رەنگیداوەتەوە[12].

مۆنتیسکۆ لە باشوری خۆرئاوای فەرەنسا، نزیک ناوچەی بۆردۆ لە ساڵی 1689 لەدایکبووە و پێگەیشتووە، پاشان لە (1755) کۆچی دوایی کردووە. ئەو لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی زەنگین چاوی بە ژیان هەڵهێنا و سەرەڕای خوێندنی لە قوتابخانەدا، هەمیشە بواری بۆ کراوەتەوە، تا پەروەردەیەکی کریستیانی بئاخنرێتە مێشکییەوە. ناوبراو وردە وردە لەمیانی ژیانیدا لەو پەروەردەو بیرکردنەوە مەسیحییە ئاینییە هەڵدێت، رەوگەی فەلسەفیو لۆژیکیی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت. ئەمەیش یەکێک بوو لە هەوڵو هیممەتی مۆنتیسکۆ، کە دەستەمۆی خانەدانو ئەشرافەکانی دەوروبەری بوو، ئەوەیش وەڵامە بۆ هەموو ئەوانەی، کە ئەو بە دەستەمۆی خانەدانەکانی دەزانن‌و پێیانوایە، کە لە سوچی بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوە بۆ ژیانی روانیوە، بەڵام لەراستیدا مۆنتیسکۆ پێش

ئەوەی شۆڕش لە دژی پادشا، پیاوانی ئایینی، ئەتوارە نەخوازراوەکانی خەڵک بکات، هاتوو لەنێو خانەوادەو خاندانەکاندا درزی دروستکردو ئەوانی بەئاگاهێنایەوە.

ناوبراو لە میانی ژیانیدا کە (66) ساڵ تەمەنی گوزەراند، بوویە خاوەنی گەلێک بەرهەمی ناوازە و پەسەند. بۆ یەکەمجار لە نوسینی بەرهەمی نامە ئێرانییەکاندا ساڵی (1722) لەو قۆناغەدا بەتەواوی رەخنە و سەرکۆنەی کۆمەڵگە و رژێمی فەرمانڕەوای ئەوروپای کرد. ئەم پەرتوکەی ناوبانگێکی زۆری پێبەخشی، هاوکات بووە هۆکاری وەرگیرانی لە ئەکادیمیای فەرەنسا بۆ زانستەکان. جیا لەوەیش ساڵی (1734) پەرتوکێکی تری نوسی بەناوی «خاوەنداریێتی جیهانیی»، لەم پەرتوکەدا هەستابوو بە دابەشکردنی گەلانی جیهان بۆ دووبەرەی باکوری‌و باشوریی. بنەمای ئەم دابەشکارییەیشی دەگەڕاندەوە بۆ هۆکارە ژینگەییەکان‌و رۆڵییان لە دابەشبوونی نەتەوەکان بۆ تایبەتمەندیی باشوری‌و باکوریی. هاوکات کتێبێکی تری لە هەمان ساڵدا بڵاوکردەوە، ناوبانگێکی زۆرتری

پێبەخشی ئەویش بەنێوی تیۆرەکانی پەیوەست بە هۆکاریی باڵاچوونو شکستی ڕۆمان بوو. دواتر بەناوبانگترین کتێبی مۆنتیسکۆ ساڵی (1748) بەناوی (ڕۆحی یاساکان) بڵاوکرایەوە. لەم کتێبەدا ناوبراو هەستاوە بە پۆلێنکردنی ڕژێمەکانی حوکمو دەسەڵات بۆ سێ جۆر، کە بریتیین لە: یەکەم، ڕژێمی خاوەنداریێتی، کە تێیدا فەرمانڕەوا دەسەڵاتی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە. دووەم، تێیدا فەرمانڕەوا دەسەڵاتداریێتی خۆی دەکات بەشێوەیەکی تاکڕەویی بەبێ هیچ سنورێکی یاسایی و ئەخلاقی، لێرەشدا دەسەڵات لەڕێگەی توندوتیژیو تیرۆرو هەڕەشەو کوشتنی مەدەنییەکان هاتووەتەدەست. سێهەم ڕژێمی کۆمارییە، کە تێیدا گەلو نوێنەرەکانی فەرمانبەردار دەبن. لە ڕێگەی ئەوانیشەوە دەسەڵات سەرچاوەدەگرێت. ناوبراو ئەم ڕژێمە بە پەسەندترینو مرۆڤانەترین دەزانێت، پێیوایە تەنها لێرەوە گرەنتی ئازادی مرۆڤەکان دێتەبوونو هاوکات مەرجی شێوەی دەسەڵاتداریێتیش دەبەستێت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە نێوانیاندا. دەسەڵاتەکانیش

لای مۆنتیسکۆ بریتین لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو داوەریی. هەموو ئەوانەی کە ئەورۆ جڵەوی دەسەڵات، یاخود وڵاتە پێشکەوتووەکانیان لە دەستایە. دیارە ئەم تیۆرانەی مۆنتیسکۆ لەو دەمەوە تا ئەورۆ لە ئەوروپاو دونیادا شوێنیان دیاربووەو هەوادارو شوێنکەوتەی فرەیان هەبووە[13]. دیارترین شوێندانانی بڕواو روئیا و نوسینی مۆنتیسکۆ، یاخود فەلسەفەی مۆنتیسکۆ و پرەنسیپەکانی لەسەر دەستوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دا شوێنی خۆی گرت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەم بنەمایەی کە مۆنتیسکۆ داینا، راچڵەکانێک بوو بۆ نێو دەستورە کۆنخوازو سەپێنەرو عەیبدارەکانی تەواوی دونیاو لە روانگەی ئەم بنەمایانەوە، ئیدی شانازی مرۆڤایەتیو پرەنسیپی دیموکراسی بۆ ئەو دەستورانە بوو، کە رەچاوی بنەماکانی سیستەمی سیاسی مۆنتیسکۆ لەخۆبگرن، هەروەها بوویە هەوێنی بڕگەکانی راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و مەرجەکانی هاووڵاتی بوون[14]. لە ئێستایشدا لە دەستورە دیموکراتییەکانی گەلێ لە وڵاتانی دونیا رەنگڕێژو ریشەی دیموکراتیانەی

ڕۆحی یاساکانی مۆنتیسکۆ بووەتە هەوێن، بەڵام مۆنتیسکۆ گەلێ بیروباوەڕو سۆنگەی تری هەیە، کە شیاوی شرۆڤەو مشتومڕی فەیلەسوفو یاساناسانن، لەوانە ئەو پێیوایە، کە دەبێت ڕێگە بگیرێت لە گواستنەوە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان، چون پێیوایە یاخود وانابینێت، کە خەڵکی بە گشتیی شیاوی فەرمانڕەوایی تەندروستبن. مۆنتیسکۆ لەسەردەمی خۆیدا ڕەوتێکی نوێی لە دەرەوەی بیری مەسیحی بۆ خۆی دۆزییەوە، بۆ ئەو دەم لە تەنگژەو مەترسیدا دەژیا چوون تەواوی کۆمەڵگە، پاپا، کڵێسا ڕۆحانییەکان دژی بوون، ئەوان پێیانوابوو نەک هەر مۆنتیسکۆ، بەڵکو هەموو عەقڵانییەکان بە ئەرستۆو ئەفلاتونەوە، شوێنیان ئاگرەو باوەڕیان وابوو ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەی ئینجیلن شوێنیان لە میهرەبانی خوادا نییەو پاشەڕۆژیان ترسناکە، ئەو ئاڕاستەیەی پیاوانی ئاییني لەبەرامبەر مۆنتیسکۆدا لەخۆوە نەبوو، چونکە ئەو لە نێوەندی بڕبڕەی پشتی هەموو ئەواندابوو، هاوکات مۆنتیسکۆ هەستیارترین خاڵی ئەوانی گرتبوو، کە سەرچاوەی یاساو

فەرمانڕەوایەتی بوو، ئیمانی خەڵکی لەو قۆناغەدا بە بینینی دیڕێکی نوسینەکانی مۆنتیسکۆ، وەک پەشمەک دەتـوایـەوە. مۆنتیسکۆ بۆ خۆی لە دەستپێکی ژیانییەوە رۆشنگەر بوو، ئەو دژ بوو بە دەمارگیریی مەسیحییەکانو لەگەڵ لێبوردەیی‌و یەکتر خوێندنەوەو ڕێبازی عەقڵدا بوو. کاتێک لە ئەکادیمیای بۆردۆ جێگیر بوو لە دەستپێکی ژیانیدا بوو، هەربۆیە ئەو لەوێوە دەستیدایە خوێندنی فیزیا و بیرکاریی. هاوکات خۆی تەرخانکرد بۆ تیۆرەکانی نیوتن لەسەر سیستمی سروشتی، ئەوەیش پێش ئەوەهات، کە خوو بداتە فەلسەفەو زانستە سیاسییەکانی تر. مۆنتیسکۆ وەختێک پەیامە فارسییەکانی نوسی تەمەنی (33) ساڵ بوو، لەوێدا جەختی لەوە کردبوویەوە نەریت‌و خووە کۆنەکان، کە باڵیان کێشابوو بەسەر فەرەنسادا، بۆ میانی چەندین سـەدە لە سەردەمی ئەواندا وەختە کاڵدەبنەوەو لە لەناوچووندان. پێیوابوو ئیدی کۆمەڵگەی فەرەنسی نەخۆش‌و بیمارە، پێویستی بە چارەسەر هەیەو پێویستە لە هزری کۆنەوە بگوازرێتەوە بۆ هـزرو دنیابینی نوێ، هەربۆیە ناوبراو دەیەویست بۆخۆی ئەو دکتۆرە

بێتو وەک فەیلەسوفە گەورەکانی دی ڕۆڵی لە چارەی دەردی نەتەوەکەی هەبێت، لەبەرئەوە زەمینەسازی تەواوی کرد بۆ بەرهەمێک بەنێوی ڕۆحی یاساکانەوە[15].

لەسەردەمی مۆنتیسکۆدا، فەیلەسوفێکی تری مەزنی فەرەنسی هەبوو، کە 23 ساڵ پاش مۆنتیسکۆ کۆچی دوایی کرد و پێنج ساڵێکیش لە مۆنتیسکۆ گچکە تربوو، ئەویش ڤۆڵتێر بوو، ڤۆڵتێر (1694ـ 1778) لە بەناوبانگترین روناکبیرە فەرەنسییەکانەو زۆرترین خوێنەری هەبووە، هۆیەکی کاریگەربووە لەبەئاگاهێنانەوەی خەڵکدا و لە شێوەی نوسینەکانیدا سیحرێکی بەکارهێناوە، کە خەڵک هانبدات پەیجورو شەیدای نوسینی بن تا لەوێوە بتوانێت راستییەکانی خۆی بە خەڵکی بڵێت. شێوازی نوسینی ڤۆڵتێر بەگاڵتەجاڕیو پێکەنیناویو رەخنەی تەزێنەر، کاریگەر لەدژی کڵێساو حکومەتی فەرەنسی دەناسرێتەوە، دژی دەمارگیریی ئاینی وەستاوەتەوە، پادشایەتی داوەتە بەرنەشتەری رەخنە. خاوەنی کتێبی «نامەکان دەربارەی ئینگلیز»ە، بەڵام لەبەرئەوەی تێیدا هێرش دەباتە سەر حکومەتی فەرەنسا

دادگــای بــاڵای پاریــس، فــەرمــانــی ســووتاندنی دەرکرد. سەرباری رۆڵیشی لەهوشیارکردنەوەو رەخـنـەگـرتـنـدا، بـەکـەسـێـکـی دیموکراسیخواز دانانرێت، چونکە پشتیوانی لەحوکمی تاکڕەوانەی رووناکبیرانە دەکرد، فریدریکی گەورەی پادشای پروسیای بەنمونەیەکی گەشی حوکمڕانی دەبینی، لەبەرئەوە ڤۆڵتێر لەبەرامبەر مۆنتیسکۆدا بە کەسێکی میانەڕەو دانـەنـراو لە نوسینەکانیدا زۆرێک لە بنەماکانی کۆمەڵگەی دەدایە دوواوەو کەمتر بەهای بۆ مێژوو دادەنا، بەڵام مۆنتیسکۆ زیاتر بڕوای بەسازانو گونجانو شتێک دەکرد، کە شیاوی جێبەجێکردن بێت. بۆنموونە راستە مۆنتیسکۆ لـە کتێبی پەیامە فارسییەکانەوە بەتەواوی رەخنەی لە تاکڕەویو زۆنگاوی هزری لویسـەکانی چواردە، پاشان پازدە گرتبوو، ئەو لە زمانی بیانییەکانەوە، کە دەهاتنە فەرەنسا هەموو شتی خـۆی دەوتو خـۆی لەبەرپرسایەتیش دەدزیـیـەوە، سیاسەتی نوسینی کاریگەریی بـەکـاردەهـێـنـاو لـە زمـانـی ئـەوانـەوە شتانێکی کاریگەری دەوروژانـد، هـەربۆیە ئەم رێگەیەی مۆنتیسکۆ رێگەیەکی نەرمتربوو، تا ئـەوەی لە

زمانی خۆیەوە وەک هاووڵاتییەکی فەرەنسی شتەکان بوروژێنێت. سەرەتا پەرتوکەکەی لە ئەمستردامی هۆڵەندا بڵاوکردەوە، چونکە لەوێ ئازادییەکی ڕێژەیی زیاد لەوەی لەفەرەنسا هەبوو، زەمینەی بۆ رەخسابوو. ئەو بەبێ مۆڵەت پەرتوکەکەی بڵاوکردەوە، چونکە دامەزراوەی کەنیسە بەتەواوی چاودێری نوسەرو فەیلەسوفانیان دەکردو بەتوندی سزای ئەوانەیان دەدا، کە باوەڕی ئەوانو باوەڕی باوی کۆمەڵگەی مەسیحی بڕوشێنن. ناوبراو وەک عادەتی گالیلۆو سپینوزا و دیکارت ئەو ڕێگەیەی ئەوانی گرتو گوێی بە مۆڵەتو یاسای بڵاوکردنەوە نەدا، هەربۆیە گەر لەشوێنێک بواری بڵاوکردنەوە نەبووایە لەشوێنێکی تر ئەنجامیدەدا، یاخود گەر بەناوی خۆی ڕێگەی لێبگیرایە بەناوێکی خوازراوەوە ئەو کارەی دەکرد، هەروەک چۆن لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ناوی خوازراوی هەڵبژاردووە و لە فەرەنسایشدا بڵاوینەکردونەتەوە[16].

هەروەها لە کتێبی یادەوەرییەکان لەبارەی ڕۆمانییەکانیش گەلێ بەراوردکاریی توندی

لەسەر رەوشی مەسیحییەت کردبوو. کە دیسانەوە شۆکێکی توندی دایەوە هەناوی کۆمەڵگەکەی، دژ بە رێسا نالەبارەکانی کەنیسە لەسەر گەلانی ئەوروپا. ئەو باسی لە سیاسەتی نەخوێنەوارکردن و بێ هۆشکردنو تلیاکاویکردنی خەڵک کردبوو، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئایینییەوە، ئەو لەسەرەتاوە رەخنەی لە بنەماکانی حوکمی رابردوو گرت، کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ئەو چەوێڵیانەی لە سەردەمی خۆیدا هەبوو لە رابردوودا خستبوونییە روو، بەمەیش تا رادەیەک خۆی لە گێچەڵی میریو پیاوانی ئایینی پاراستبوو. هاوکات بنەماکانی رژێمێکی دادوەرو دروستی لە نوسینەکانیدا نیشاندابوو. ناوبراو بەتەواوی لە رۆحی یاساکاندا عەرشی دەسەڵاتی لەرزاندن، ئەو لەوێدا پێویستی رژێمی نوێو فاکتەرەکانی نوێگەریەتیو قوتاربوون لە ژەنگو ژەهری رابردووی نیشاندان، کتێبەکەی مەزنترین کتێبی بواری سیاسەتەو هاوشانی کتێبی سیاسەتی ئەرستۆ، عەقدی کۆمەڵایەتی جان جاک رۆسۆیە. لەهەندێک رووی باسکردن لە دادوەریو یەکسانییەوە، لەپێش ئەوانیشانەوە دێت، هەربۆیە

هەردوو پەرتوكی پەیمانی كۆمەڵایەتی جان جاك رۆسـۆ، رۆحـی یاساكانی مۆنتیسكۆ دەكرێت بڵێین، كە شیمانەی سەردەمی نوێو مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بـوون، كاریگەرترین بیری شۆڕشگێڕیی بـوون، كە خزانە نێو خواستو هۆكارو ماجەراكانی شۆڕشی فەرەنسییەوە.

دیـارە جـان جـاك رۆسـۆ (1712 1778)، گـەورەتـریـن نـوسـەری دژەبـاو و وروژێـنـەری هەستی خەڵكیی سەردەمی خۆیەتی، جێپەنجەی بەسەر گۆڕانكارییەكانی فەرەنساوە بەئاشكرا دیارە. پوختەی بۆچوونەكانی خۆی وەك چۆن مۆنتیسكۆ لە گیانی یاساكاندا خستوویەتەروو، ئەویش لەدووتوێی «پەیمانی كۆمەڵایەتی»دا كۆكردۆتەوە، كە سەراپا نارەزایەتی و رەخنەیە لەحوكمی زۆردارانـــەو تێیدا دەڵێت «مـرۆڤ بەسەربەستی لەدایكدەبێت، بـەڵام لەهەموو شوێنێك بەكۆت و زنجیر بەسراوەتەوە». رۆسۆ بۆ رزگاربوون لە كۆت و بەندی شارستانێتی پێشنیازی گەڕانەوە بۆ سروشت دەكات. دیارە بایەخی سروشتو رەنگدانەوەی سروشت، كە مۆنتیسكۆ نێوی دەبات بە رۆحی میللی، لەلای

ڕۆسۆیش پێگەیەکی باڵای هەبووە، بە پرەنسیپی سەرەکی تیۆرەکەی دادەنرێت. بەبۆچوونی ڕۆسۆ حکومەت لەدامەزراندنیدا قەرزاری پەیمان بەستنێکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی ئەم پەیمانە خەڵک وازیان لەهەندێک مافی خۆیان هێناوە، لەبەرانبەریشدا حکومەت پاراستن‌و خزمەتگوزارییان بۆ دابیندەکات‌و حکومەتی ڕاست ئەوەیە، لەسەر ئاوات‌و خواستی خەڵک دامەزرابێت‌و کاربکات، ئەگەرنا بەرەو ڕووخان دەچێت. ڕۆسۆ یەکەم کەسە مافی شۆڕش‌و ڕاپەڕینی لەدژی حکومەت داوە بەخەڵک‌و ژێر دەستەکانی لەکاتێکدا پەیمانەکەیان نەبەنەسەر[17].

دیارە ئەو مافپێدانە هیچ کات لە نوسین و ئەتوارێکی مۆنتیسکۆدا ڕەنگینەدایەوە، هەرگیز مۆنتسکۆ خەڵکی بۆ توندوتیژی و شۆڕش هاننەداوە، تەنها هۆشداری دەدایە دەسەڵاتداران و دەیوت ئەگەر ئەو نەزمە بەردەوامبێت، ئەو بۆخۆی دەسەڵات گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی و دەروخێت، بۆ ئەمەیش بەردەوام هۆکارەکانی ڕووخانی ڕۆمانەکانی بەبەڵگەی زیندوو دەهێنایەوە.

ڕۆحی یاساکان، کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ تەرخانکرد، پاش سی ساڵ لە هەوڵ و

هیلاکی مۆنتیسکۆ لە جنێف، بۆ یەکەمجار بڵاوکرایەوە، هەربۆیە ئەو بەو پەرتوکەی کەوتە ریزی ڤۆڵتێر، رۆسۆ، دیکارت، کانتەوە. چوون بووە بناغەی مێژووی نوێو لە تەواوی دامەزراوە سیاسییەکانی دنیادا، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ مەچەکی بەهێزی سیاسەتە لە رۆحی یاساکانی مۆنتیسکۆوە دێت. ئەو لەو کتێبەدا باس و بانگەشەی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیو لیبراڵی تەواوە، باس لە دوورکەوتنەوە لە دواکەوتووییو ئایینو چاوبەستو نەزمی کۆن دەکات، دەخوازێت رۆشنگەریو عەقڵو ئاوەزی مرۆڤ بخرێتەگەڕ. ئەو بۆ ئەو مەبەستەو بۆ پێشکەوتنی خواستی یەکسانی، نوێگەریەتی ئاتاجی بە شرۆڤەی رۆحی رژێمو یاسا کۆنو کلاسیکییەکانە، پەنجەی خستۆتە سەر تەواوی لایەنە بریندارەکانی پێکهاتەی مرۆڤێکی تەندروست. هاوکات بۆ تێگەیشتن لە رەوشی یاساو سیاسەتی تەندروست، تەنها لە رابردوداو لە شیکاری سیستەمی کۆندا نەماوەتەوە، بەڵکو تاوتوێی هەموو چەوتییەکانی سەردەمی لویسی چواردەی کردووە، ئەوەی خستووەتەروو، چەندە ئاینو دەمارگیریو چاوبەست، هێزی لە ئازادی بڕیوە. باسی کاریگەری شوێنو جوگرافیای کردووە،

لەسەر تەمبەڵییەکانی سەر ئازادیو توانای یاسایەکی عادل. ئەو لەو نێوەندەوە بۆ یەکەمجار پەلی زانستی گرتو یاساشو سیاسەتی کرد بە زانستو پۆلێنی دەسەڵاتەکانی کرد، یاسادانانی وەک ئەنجومەنێکی دەنگبۆدراو سەرپشکی یاسا کردو حکومەتی وەک پراکتیکی ئەو یاسایە راسپارد، پاشان دادگاو یاسای داوەری کرد بە چاودێری ئەو نەزمەو دەسەڵاتی سەربەخۆی بۆ تاشی. دیارە لەو قۆناغەدا تەوژمێک هەبوون، کە بەدەر لە مۆنتیسکۆ ئینسکلۆپیدییەکان قسەیان لەبارەی یاساو زمانو ئایین دەکرد،

ئینسکلۆپیدییەکان: ئەمانە کۆمەڵێک بوون بەدانانی ئینسکلۆپیدیاوە (دائرە المعارف) سەرقاڵبوون و کەسێک بەناوی (دیدرۆ) سەرپەرشتیی دەکردن. لە دووتوێی ئینسکلۆپیدیادا جۆرەکانی حکومەتیان ناساندوە، رەخنەیان لەرژێمی کڵێسە گرتووە، خەڵکیان دەربارەی کەموکوڕییەکانی حوکمی ئەوکات بەئاگاهێناوەتەوە. دیدرۆ بۆخۆی نەزمێکی تایبەتی هەبوو، دەکرێت بڵێین ئەویش یەکێک بووە لە مەچەکە بەهێزەکانی رۆشنگەریو شوێنی دیاریی هەبووە لە زەمینە سازی بۆ وەرچەرخانەکانی ئەوروپا بەگشتیی[18].

هەربۆیە خۆرئاوا بەم یاسایانەی مۆنتیسکۆ بۆ یەکەمجار خۆی بوارد لە دنیای سێهەم، چونکە ئیدی دادگا دەیتوانی بپێچێتە سەر گەندەڵیو فەسادو سزای سەرۆکەکان بدات بە زیندانو دەرکردنو هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی دەرەوەی یاسا، هەربۆیە دەبینین تاوەکو ئێستایش ئەم دەستکەوتەی مرۆڤایەتی بووەتە شوێن تیری رقی پیاوانی ئایینی، کۆنخوازانو ئەوانەی بە بندەستی گەلان ئاشنان، لەبەرئەوە هەرچەند مۆنتیسکۆ بۆخۆی لە خێزانێکی ئەرستۆکراتی بوو، بەڵام کارەکانی بواری جیاکردنەوەی زەمەنی هەبوو لە زەمەنی ئەرستۆکراتییەوە بۆ زەمەنی دیموکراسی، کە ئیتر لە پاش شۆڕشی ئەمەریکیو فەرەنسییەوە بەتەواوی زەمینەی بۆ کرایەوە.

## هزری مۆنتیسکۆ و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی

شارل مۆنتیسکۆ نوسەری ئەخلاقیو بیرمەندو فەیلەسوفی فەڕەنسیی. ناوبراو لەکایەکانی مێژوو لەگەڵ یاسا و فەلسەفەدا خوێندوویەتی و لەو بوارەدا کارگەلێکی ئێجگار نایابی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە. لەوانە وتاری «رامیاری رۆمان لە ئاییندا، پەیامە فارسییەکان، تیۆرگەلێک لەبارەی

فاکتەرەکان هەڵکشان و رووخانی رۆمانەکانەوە»، بەڵام دیارترینو بەناوبانگترین کارەکانی بریتییە لە رۆحی یاساکان (1748) ئەمە و لەگەڵ چەندین بەرهەمی دیار و بەرچاوی دیکە[19].

مۆنتیسکۆ بە یەکێک لە مەزنترین بانگەشەکارانی ئازادییو لێبوردەییو داوەرییو حکومەتی دەستووریی دادەنرێت لە وڵاتەکەیدا، لە هەمان کاتدا سەرسەخترین نەیاری حوکمی بندەستی و دیسپۆتیزمە، ئەو خواستی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەبوو. ئەو ریشەی وشەکانی دەوڵەتو یاساکانی وابەستەکردووە بە سروشتەوە. بەتایبەتی لە پەرتوکی رۆحی یاساکاندا پێیوایە، سروشت جۆری دەوڵەت دیاریی دەکات، یاخود جۆری پەیوەندی لەنێو تاکەکاندا، دواجار شێوەی دەوڵەت دیاریدەکات، لێرەدا مەبەستی لە سروشت بریتییە لە ژینگە. چون پێیوایە نەزمی حوکمو یاساکان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی، بە گوێرەی ژینگەو رەوشەکان جودایە. هاوکات وادەبینێت کە جیاوازی ژینگەو رەوشەکان هۆکارێکە بۆ جیاوازی نەریتو یاساو ئایینەکانو رژێمە ئابورییەکان. هاوکات لەبواری چەمکی ئازادیدا، ئەو پێیوایە دانیشتوانی چیاو

دوورگەکان، زێدەتر هەستیارن بە ئازادی، وەک لە دانیشتوانی دەشتو پێدەشتەکان، چون دانیشتوانی چیاکان زێدەتر ناسراون بە سەربەخۆیی ئابوریو توانای خواستو بڕیاردانن، ئەوەیش لە سۆنگەی ژینگەی ناوچەکەیانەوە سەرچاوەدەگرێت، هەربۆیە ئەو دارای ئەم شرۆڤە جوگرافییەیە، کە بەم پێیەش لەپاش ئیبن خەلدون یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی تیۆری حەتمییەتی جوگرافیی. مۆنتیسکۆ بیریی یاساکانی هێناوەتە گۆڕێو لە رۆحی یاساکاندا تیشکی خستووەتە سەر، ئەو لە روانگەی خۆیدا، ئاتاجی بەسروشتو دونیاگەرایی هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا وابەستەیە بە پەروەردگارەوەو پێیوایە پەیوەندییە پێویستەکان دەرهاویشتەی سروشتی شتەکانە. مۆنتیسکۆ وایدەبینێت، کە خودا هیچ پەیوەندییەکی بە کەونەوە نییە. بە دیاریکراویش پێیوایە، کە خودا پەیوەندیی نییە بە مرۆڤەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدارن بە پەیوەستەگی ئەخلاقو ئایینەوە. ئەو پێی وایە مرۆڤ کائینێکی خۆ گونجێنەو بەکاردەهێنرێت، ئەمەیش سەردەکێشێت بۆئەوەی، کە لە رێسا خواییەکانەوە سروشتێک، یاخود رێساگەلێکی دونیایی بەپێی ژینگە جیاوازەکان بەرهەمبهێنێت[20].

لەو سەردەمەدا رەوتو رەوگەی زۆر هەبوون،

کە تیۆرەکانیان گروپێکی دروستدەکرد و بەناوێکی دیاریکراوەوە دەناسرانەوە، ئافراندنی تیۆرەکان و قسەی جدی لەسەر بابەتە هەستیارەکان، هەمیشە پێڕی بۆخۆیان جودا کردووەتەوە. بۆ نموونە لەو دەمەدا فیزیۆکراتەکان هەبوون. فیزۆکراتییەکان ئابوریناسی سروشتینو لەژێر کاریگەری ئابوریناسی بەناوبانگی ئینگلیزی (ئادەم سمس) دابوونو کتێبی سامانی نەتەوەکانی ناوبراو کاری تێکردبوون. ئادەم سمس مەرکیز میرابۆی باوکی میرابۆی وتاربێژی شۆڕش بوو، ئەو نوێنەریان بوو، بەدەرلەوەیش فیزیۆکراتەکان بەشیکارکردنی مەزهەبە ئابورییەکانەوە سەرقاڵبوون. پوختەی بۆچوونی فیزۆکراتییەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە:

1. ئەوان کشتوکاڵیان بە سەرچاوەی سامان و داهات زانیوە و بە هۆکاری باڵابوونی وڵاتیان زانیوە.

2. داوای سەربەستی بازرگانیو لابردنی باجەکانیان کردووە، جگە لەباجی زەوی، کە دەیانهێشتەوە.

3.دژی دەستێوەردانی دەوڵەت بوون لەکاروباری بازرگانی و لەژێر دروشمی «واز لەکاروباربێنە چۆن دەڕوات بابڕوات» کاریان کردووە.

## وردەکاری قۆناغەکانی ژیان و زەمینەیەکەی لەبار بۆ فۆڕمەکانی حکومەتداریی

مۆنتیسکۆ یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی ڕۆشنگەریی. ئەو زمینەیەکی لەبار و دەروازەیەکی سروشتیانەی بۆ فۆرمە هەمەچەشنەکانی حکومەتداریی داهێنا. دەبێت پاڵنەرەکانی ئەو رەهەندە چ بووبن، ئەو بەرەوپێشچوونە لەو مەیدانەدا لە چییەوە سەرچاوەی گرتبێت. هاوکات لەو روانگەیەشەوە هەلوێستەی کردووە، کە چۆن دەوڵەتەکان درێژە بە گەندەڵی و بێ سەرەو بەرەیی دەدەن. ئەو دیسپۆتیزمی وەک مەترسییەکی بەردەم هەر دەوڵەت و حکومەتێک دەبینی، بۆ رێگریکردن لەم وەیشومەیەیش، باشترین چارەسەری لە بونیادی سیستەمێکدا بینیوەتەوە، کە هەریەک لە دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن و یاسادانان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەخۆبگرێت. هاوکات پێویستی کردووە، کە هەریەک لەو دەزگایانە وابەستەبن بە نەزم و رێسای یاساوە. مۆنتیسکۆ سەرچاوەی گۆڕانکارییەکانی بەستووە بە یاساوە و ویستوویەتی یاسا بکاتە خاڵی جێ سەرنجی، خەڵکو هۆشیاری بداتە دەوروبەر، کە بە یاسا دەتوانن خواستی خەڵکو

بەرەوپێشچوونو ئازادی مسۆگەربکرێت[21]. ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە وردبوونەوە لەیاسا مانای وردبوونەوەیە لە ناخی کێشەو گرفتەکانو مانای وردبوونەوەیە لە هۆیەکانی پێشکەوتنو دڵنەوایکردنی خەڵکی بندەست. ئەو یاسای بە دەرمانی تەواوی دەردەکانی کۆمەڵگەو کیشوەرەکەی زانیوە، پێیوابووە زیاد لە هەموو شتێک پێویستە ئاوڕ لە یاسا بدرێتەوە.

تیۆری جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتریی خاوەنی کاریگەرییەکی بەرین بوو لە سەر تیۆری ئازادیی سیاسیی، هاوکات شوێنی دیاری لەسەر نوسەرانی یاسای بنچینەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەجێهێشت. دواتریش بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ زەنگینکردنی یاسا ئینسانییەکانی وڵاتان بە پرسو جۆی دیموکراسیو مافی مرۆڤەوە[22].

لە ساڵی (1725) کتێبێکی بڵاوکردەوە، کە دیسانەوە بەناوی خۆی بڵاوینەکردەوە، ئەو کتێبە بەناوی (پەرستگەی گومەز) بوو، هەر لە هەمان ساڵدا مۆنتیسکۆ گەڕایەوە بۆ بۆردۆ و دەستی لە سەرۆکایەتی دادگا کێشایەوە، پاشان چوویەوە

بۆ پاریس. ئەو لەو دەمەدا لەبارەی خۆیەوە هەستێکی هەبوو، دەیوت ئەوەی وادەکات، کە من دەربارەی خۆم باوەڕێکی خراپم هەبێت، ئەوەیە کە کەمێک لە کاروبارەکانی کۆمار بوونیان هەیە، کە من توانای ئەوانم هەبێت، هەروەها دەڵێت لە کاری سەرۆکایەتی دادگادا پێویستە بڵێم، کە من دارای دڵێکی پاک بووم، خودی کاروبارەکانی دادگـام بە پێی پێویست تێگەیشتبووم، بەڵام لەبواری تەشریفاتی دادگاییدا سەرم دەر نەدەکرد. کاتێک من خۆم بەو کارانەوە سەرقاڵکردبوو، ئاژەڵانێکم دەبینی، کە زیاتر لەمن لەو کارانەدا کارامەتربوون.

مۆنتیسکۆ لە (19ی مانگی یەکەمی 1689) لە لابەردی نزیک شاری بۆردۆ لەدایکبووە. ناوبراو لە خانەوادەیەکی زەنگین و دیار پێگەیشتووە و پێی ناوەتە ژیانەوە، لەبەرئەوە لەبواری خوێندەواریدا نێردراوەتە بەر خوێندنی نمونەییو لە ئۆراتۆریان توانی کۆلێج تەواوبکات، پاشان لە بۆردیۆ توانی ساڵی (1708) خوێندنی یاسا و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا بەدەستبهێنێت. دواتریش چووە پاریس، تا لەوێ بتوانێت بەردەوامی زیاتر

بە خوێندنی یاسابدات. پاش ئەوەی بابی کۆچی دوایی دەکات ساڵی (1713) ئیدی دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە بریدی، تا بتوانێت لەوێوە میرات و موڵک و ماڵی بەجێماوی بابی بخاتەوە دەستی خۆی. هەر لەوێش لە (1715)توانی لەگەڵ خانمێکی نێو رەوگەی پرۆتستانتی بەناوی جین دی هاوسەرگیریی بکات، هەر لەویش دەبێتە خاوەنی دوو کیژو کوڕێک. ساڵی (1716) توانی لە مامییەوە نازناوی بارۆن بە میرات بۆی بمێنێتەوە، پاشان بووە سەرۆکی نوسینگەی مۆنتیریۆ لە پەرلەمان، کە لەوکاتەدا وەک سەرۆکی دەزگایەکی ئیداری‌و دادوەریی وەهابوو. هاوکات بۆ ماوەی (11) ساڵی داهاتوو، بووە سەرۆکی تۆورنێڵ، کە بەشێکی جینائی بوو لە پەرلەماندا. لەوێدا دەیتوانی گوێبیستی رەوشە یاساییەکەو سەرپەرشتی زیندانەکان، هاوکات رەوشی سزادان‌و رادەی مافی مرۆڤی نێوچەکە بێت. هاوکات لەمینای ئەو قۆناغەدا ئەو لە ئەکادیمیای بۆردیۆیشدا چالاک بوو، لەوێ برەوی بە کایەی زانستی خۆیداو توانی لە کۆڵینەوەیەکدا پاڵنەرەکانی مرۆڤ بۆ بەدواداچوونی لایەنی زانستی شرۆڤەبکات[23].

مۆنتیسکیۆ لە بەهێزترین فەیلەسوفەکانی مۆدێرنەیە و بە بنچینە و بنەمای هزری سەردەمی رۆشنگەریی دادەنرێت.

مۆنتیسکۆ لە ساڵی (1721)دا توانی پەرتوکی نامە فارسییەکان بڵاوکردەوە، نامە فارسییەکان سەرکەوتنێکی بە گوڕی دایە مۆنتیسکۆ و لەوە بەدواوە، وەک کەسایەتییەکی ئەدەبی شۆرەتی بڵاوبوویەوە. ناوبراو نامە فارسییەکانی بە نێویکی نادیار بڵاوکردەوە، مافی نوسەرێتی بە نهێنی هێشتەوە. ئەو کاتێکی زۆری لە پاریسدا گوزەراند. لەوێ خوی گرتبوو بە یانەکانەوە و لە هۆڵەکانی ئەوێدا عادەتی گرتبوو، هاوکات لە جیاتی پەرلەمان و ئەکادیمیای بۆردۆ کارو چالاکییەکانی لەوێ ئەنجامدەدا. لەمیانی ئەو قۆناغەدا، کە لەوێ مابوویەوە چەند کارێکی لاوەکی تریشی ئەنجامدا لەوانە: دیالۆگی سیلاو ئیوکراتیس (1724)، قووڵبوونەوە لە خاوەنداریێتی تەواو (1724)، پەرستگای گنیدوس (1725). لە ساڵی (1725) دا خۆی یەکلایی کردەوە لە ئۆفیسەکەیدا و ئیدی لە پەرلەماندا دەستی لە کارکێشایەوە. لە ساڵی (1728) دەستنیشانکراو بۆ ئەکادیمییای

فەرەنسا. دواتر لەگەڵ بوونی ناکۆکیگەلێکی نێو مەزهەبو ئایینەکان لەسەرێی، ئیدی بەخێرایی بڕیاریدا ئەوێ بەجێبهێڵێتو روویکردە دەرەوەی فەرەنسا. پاش ئەوەی سەردانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیاو ئوستralیای کرد، ئیدی روویکردە بەریتانیا. ئیدی لەوێ بۆ ماوەی دووساڵ مایەوە. لە بەریتانیادا بە فراوانی کەوتە ژێر سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتـەوە و بـە جۆرێـک لـە تـەواوی کارەکانی داهاتوویدا، ڕەنگدانەوەی ئەو نەزمەی لەسەر مایەوە. ناوبراو ساڵی(1731) گەڕایەوە فەرەنسا لەوێ بەدیار نەخۆشییەکانی چاوییەوە دەیناڵاند، بەڵام گەڕایەوە زێدی خۆیو دەستیدایە شاکارە بەناوبانگەکەی، کە بریتییە لە رۆحی یاساکان. هاوکات هەر لەو کاتەدا خۆی یەکلاکردەوە بۆ قووڵبوونەوە لەسەر پەرتوکێک بەناوی هۆیەکانی مەزنییو شکستهێنانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی. دیـارە ئـەو لـەوکاتـەدا بەرهەمەکەی بەناوێکی خـوازراوەوە لەساڵی (1734)دا بـڵاوکـردەوە. نـاوبـراو لـەو پەرتوکەدا هەوڵیدابوو بە جدیی کار لە سەر کەیسێکی دیاریکراو لەنێو زەمەنیی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیادا بکات[24]. مۆنتیسکیۆ

مەبەستی ئەوەبوو، رەوش‌و رەوگەی رۆمانیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر زەمەنی هاوچەرخی حکومەتداریی ئەو دەمەی خۆیدا جێبەجێبکات، دەیەویست وەک هۆشیارییەک بابەتە لێکچووەکان بەڕەچاوکردنی بارودۆخەکەی دەستنیشانیان بکات، لەتمە و رەخنەی خۆی بسرەوێنێتە رەوشی دەسەڵاتدارێتی زەمەنەکەی خۆی. دیسانەوە بەشێکی فرەی قووڵبوونەوەکانی تێکهەڵکێشی رۆحی یاساکان کردبوو، کە ئەویش لە (1748) دا بڵاوکرانەوە، دروست وەک نامە فارسییەکان، هەردوو بەرهەمەکە دەنگدانەوەیەکی ئێجگار سەرکەوتوویان لەنێوەندە رۆشنبیرییەکەی ئەو کاتەدا هەبوو. هاوکات دوو ساڵ دواتر، ئەو هەستا بە بڵاوکردنەوەی پەرتوکێک بە ناوی بەڕێکردن لە رۆحی یاساکان لەم پەرتوکەیشدا هەستابوو بە وەڵامدانەوەو دەمکوتی هەموو ئەو لێشاوی رەخنەو بوهتانانەی، کە بەشێوازی جۆراو جۆر رووبەرووی ببوویەوە، هەربۆیە لەبەرامبەردا کەنیسەی رۆمای کاسۆلیکی هەڵسا بە دانانی پەرتوکەکانی مۆنتیسکۆ لە نێو لیستی ئەو کتێبانەی، کە قەدەغەکراون، ئەوەیشی لە

25.سالی (1755) دا بەتەواوی خستە روو.
لەساڵی (1755) دا مۆنتیسکۆ لە پاریسدا توشی تایەکی سەخت دەبێتو بۆ دواجار سەردەنێتەوە.
ئەو لەپاش خۆی وتارێکی نیوە ناتەواوی بەجێهێشت، کە لە بارەی ئینسکلۆپیدییایەک بوو بە ناوی تام و چێژێک بۆ ئینسکلۆپیدیای دالامبرت و دیدرۆ.

**کارە سەرەکییەکان**

گرنگترین بەرهەمەکانی مۆنتیسکیۆ بریتین لە:
نامە فارسییەکان (Lettres Persanes).
تێبینییەکان لەسەر شکستو گەشەی رۆمەکان (: Considérations sur lescauses de la grandeur des Romains et de leur decadence )
رۆحی یاساکان (De l›esprit des lois)
هاوکات بەرهەمگەلێکی تری هەن، کە گرنگترینیان بریتین لە بەرهەمێک بەناوی پەرستگای گومەز (Letemple de Gnide)، هاوکات پەرتوکی مێژوویی راستەقینە (Histoire véritable) یەکێکی ترە لە بەرهەمەکانی، هەروەها یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی کە بەشێوەی پەرش و

بڵاو کۆکراونەتەوە، بریتین لە وتەو وتارو پەندە بەبایەخەکانی، کە بەناوی ئەندێشە نەناسراوەکان بڵاوکراونەتەوە (Pensées et fragments inédits).

دوو لە گرنگترین کارەکانی مۆنتیسکۆ بریتین لە (نامە فارسییەکان) و (ڕۆحی یاساکان). هەموو ئەو کارانە بەشێوەی جیاجیا پشکی بابەتگەلی کۆمەڵگە نا ئەوروپییەکانیشیان تێدایەو بەسەرنجەوە ترس‌و بیمی دیسپۆتیزم‌و تاکڕەویی هەڵوێستەی لەگەڵ کراوە، بابەتەکان بەجۆرێکن، کە بەتەواوی لێکتریی جودان‌و زۆر بەوردی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە[26].

**نامە فارسییەکان**

ئەم نامانە گێڕانەوەی ئەزموونی دوو خانەدانی فارسە، کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا گەشتێکی پڕ لە یادەوەرییان بە ئەوروپادا کردووە. ئەم نامانە گەشتی دوو زەنگین و دوو خاندانی فارسن‌و بە شێوەی گریمانەیی و خەیاڵی، لەماوەی سەردەمی لویسی چواردەهەمدا، مۆنتیسکۆ هاتووە بۆ خوێندنەوەی ڕەوگە و ڕوانینی نائەوروپییەکان و خستوویەتەروو.

نامەکان لەسەر زمانی ئەم دوو خانداندو زەنگینە ئێرانییەوە گێڕاونەتەوە، کە بەناوەکانی (ریکا) و (ئۆزبەک) ئاماژەیان پێدراوەو ئەوان لە گەشتە درێژەکەیاندا، کە ماوەیەکی زۆریش لە فەرەنسا ماونەتەوە، باری سەرنجی مۆنتیسکۆ لەنامەکانی ئەوانەوە خراوەتەڕوو. دەتوانین بڵێین ئەم پەرتوکەی مۆنتیسکۆ بنەمای فیکریی بەرهەمە ناوازەکەی دواتریی مۆنتیسکۆیە، کە بەناوی گیانی یاساکان هاتەبەرهەم[27]. رۆمانەکە سەرەتا لە ساڵی (1724) لە ئەمستردام بە ناوی خوازراوەوە بڵاوکرایەوە. نامە فارسییەکان بریتییە لە نۆڤێڵتێکی پەیامی، کە لە دوو کەسایەتی خەیاڵی فارسییەوە نامەکان نێردراونو بۆشیان نێردراوەتەوە. بە کورتی باس لە (ئەسبێک) و (ریکا) دەکات، کە ساڵی (1711) نێردرابوونە ئەوروپاو بەلایەنی کەمەوە، تاوەکو (1720) لەوێ مابوونەوە، واتە تا ئەو کاتەی کە نۆڤلێتەکە تەواو دەبێت، کەواتە وەختێک مۆنتیسکیۆ نامە فارسییەکانی نوسی، تا ئەو کاتە رەوشی گەشتیارانی ئەوێ بۆ ئەوروپا نەزانراو بوو، بەو پەرتووکە ئیدی داب و نەریت رەوشی ئەوان دەرکیپێکراو لە تەواوی ئەوروپادا، ئەو دونیا نەزانراوانە ئاشنایەتییان بۆ

هاتە پێشەوە. دیارە مۆنتیسکیۆ یەکەم نوسەر نییە، کە هەوڵیداوە وێنای ئەوە بکێشێت، کە لەلایەن گەشتیارە نائەوروپییەکانەوە چۆن ئاماژە دەدرێت بە دونیای ئەوروپا، بەڵام مۆنتیسکیۆ بەتایبەتمەندیو سەلیقەی بەرزی خۆیەوە توانیوویەتی وێنای نا ئەوروپییەکان بە وردیو بە ئاستێکی هونەریو ئەدەبی بەرزەوە نیشانبدات. زۆرێک لە نامەکان ناساندنی کورتەی دیمەنو کارەکتەرەکانە. لەسەرەتاوە خستنە رووی ئەو هەڵە تێگەیشتنەیە، کە لە مەشرەبو نەجابەتی ریکاو ئۆزبەکدا هاتووەتە ئاراوە، واتە خستنەڕووی ئەو تەفسیەرە هەڵانەیە، کە ئەوان لەمەڕ ئەوەی گوایە لە ئەوروپادا چیان بینیوە. بەم رێگەیە: بۆ نموونە لە نامەی (24)دا ئەمە خراوەتە روو: ریکا دەنوسێت، پاپا ساحیرێکە دەتوانێت وا لە پادشا بکات، کە باوەڕبهێنێت بەوەی سیان، تەنها یەکدانەیە. لێرەدا مەبەستی لویسی چواردەیەو بابەتەکە بە درکە بۆ باوەڕی سیانەی مەسیحییەتە، یاخود ئەو نانەی، کە دەیخوات نان نییە، یان ئەو شەرابەی کە دەیخواتەوەو شەراب نییە. لێرەدا ویستوویانە بڵێن، کە نانو شەراب، نانو شەراب نین، بەڵکو بریتین لە گۆشتو خوێنی عیسا. بەم شێوەیە

هـەزاران شتی تـر، بە هەمان جۆر لە وێنای پادشادا دروستیدەکات، کە وانییە. لەنامەکاندا ریکاو هاوڕێکەی، ئیدی بەهەڵە شتەکان نابینن، ئاشنادەبن بە هەڵسوکەوتی ئەوروپییەکان، هەرچەندە ئەوانیش کەمتر نا رۆشن نیین. ئەوان وەسفی خەڵکانێک دەکـەن، کە بە بێ هودەیی بەکاردەهێنرێن، بە جۆرێک کە بوونەتە شوێن مەخسەرەو شۆخی پێکردن. زاناکان ئەوانەی کە رۆدەچن بە زانیارییەکانداو ئاشنان بەوەی چ دەگوزەرێت، دێن پەردە دەدەن بەرووی ئەو خەڵکەداو دایان دەبڕن لەوەی، کە لە دنیادا چ دەگوزەرێت. زاناکانیش وەختە بەرادەی مەرگ چەقبەستوون، چوون رادەی ئەو گەرمییەی لە ژورەکەیاندا هەیە هێندەیە، کە بڕی پێویست بێت بۆ گەرمکردنەوەی خۆی، هەروەها هەر لە چوارچێوەی نامەکاندا، ئاماژە بە شکڵو وێنای ئەوروپییەکانی ئەوکاتە لە زمانی نامەکانی ریکاو ئۆزبەکەوە بەم جۆرە دراون، بۆ نموونە لە وەسفی ئارایشی پاریسییەکاندا هاتووە، کە پاریسییەکان بە جۆرێک ئارایشدەکەن کە قژو مـووی سـەرەوەیـان هێند بـەرزدەکـەنـەوە، بە جۆرێک دەموچاویان دروست دەکەوێتە نێوەندی پێکهاتەیانەوە. دیارە خستنەرووی ئەو واقیعە

لەزمانی ئێرانییەکانەوە بەوردی پەلکێشانی رەوشی تاکی فەرەنسییە بۆ هۆشپێدانی لەبەرامبەر، ئەوەی کە دەستورو یاساکان چ ئارایشتێکیان دەکات. دیارە سەرچاوەی نوسینی ئەم پەرتووکە، دەوترێت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکێک پرسیویەتی ئەوە کێیە، ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی، ئەمە ئێرانییە، کابرای فەرەنسی حەپەساوە عەقڵی بەجۆرێک راهاتووە، چۆن دەبێت ئێرانی هەبێت، وتوییەتی ئایا رەوایە جگە لە فەرەنسییەکان کەسی تر هەبێت. لەم رووەوە مۆنتیسکۆ هاتووە لە دنیابینی دەرەوەدا فەرەنسای ناساندوە، ئەوەی لە دڵیدایە لە دڵی ئەوانی ترەوە ئاراستەی لویسی چواردەی کردووە[28].

## زانیارییە بنچینەییەکانی مۆنتیسکۆ

دوو بنچینەی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە بیری مۆنتیسکۆ گەڵاڵە کراوە، کە بریتین لە:

یەکەم: بایەخی رەوشی هەرێمی و ئاو و هەوا لە هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێکدا.

دووەم: فێربوونی بایەخی دابەشکردن و

هەڵوەشاندنەوەی هێزەکان و دەسەڵاتەکان لە یەکتریی.

هەردوو ڕەوشەکە کە مۆنتیسکۆ پێداگرییان لەسەردەکات، هەمیشە وەک هۆکارێکی زیندو یان کاریگەر لە سەر ڕەوشی هەر وڵاتێکدا بایەخیان دیارە، لە نوێترین لێکۆڵینەوەی سەردەمیانەدا ئەفغانستان وەک نموونەی وڵاتێکی ستەمکار، کە دەرهاویشتەی ڕەوشی کەشوهەواکەیەتی بە نموونە هێنرایەوە، چونکە ئەفغانستان وڵاتێکی داخراو و بێ دارستانی سەر سەوزو بێ کەناڵێکی کراوەیەو هەموو ئەو زەمینانەی ستەمکاریی تێدایە، کە مۆنتیسکۆ ئاماژەیپێداون[29]، یان بەواتایەکی تر، نەبوونی گیانی دیموکراتیو پەیوەستبوون بە سونەتە توندەکانەوە، دروست وابەستەیە بە هاوکێشەکانی ڕەوشی کەشو هەواو ژینگەی جیۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتەوە. لەبەرامبەردا بەریتانیا لەنێو سەرنجەکانی مۆنتیسکۆدا بە نموونە هێنراوەتەوە، کە بارانی بەردەوامو کەشو هەوای مام ناوەندی ڕەوشێکی فرە دیموکراسیو ژینگەیەکی فەرهەنگی لە باری بۆ دەستە مۆکردووە.

## ڕەوشی سروشتی لە دیدی (مۆنتیسکۆ) و (جان جاك ڕۆسۆ)دا

دیـارە وابەستەیەکی زۆر و لێکچوون و لەهەمانکاتدا نەیارییەتی لەنێوان مۆنتیسکۆ و جان جاک ڕۆسۆدا هەیە، بۆ تێگەیشتن لە هەریەکەیان پێویستە لەسەر تیۆرو لەسەر پێداگری‌و سەرنجی ئەوی تریان ئاشنایەتییەکی تەواو هەبێت. جان جاک ڕۆسۆ مێشکی ڕۆشنبیرەکانی سەردەمەکەی هێنابووە جۆش، ئەمەش کاتێک بوو، کە یەکەم کتێبی بـڵاوکـردەوە، کتێبەکە لەژێر ناونیشانی وتارگەلێک بوو دەربـارەی زانست‌و هونەر، کە ساڵی (1757) بڵاویکردەوە، پاشان بەدەرکردنی کتێبە یەک لەدوای یەکەکانی ناوبانگی زیاتر بوو، بە جۆرێک ناوبانگی گەیشتە ئاستی ناوبانگی ڤۆڵتێر و مۆنتیسکۆ، زیاتر ئەمەش پاش مردنی لەساڵی (1778)دا، هـاتـەگـۆڕێ. ئاشکرایشە کتێبی (دانپیانانەکان) کە لە ساڵی (1782-1789)دا بڵاوکرایەوە لە چەند بەشێکی یەک لەدوا یەکدا بوو، ئەم کتێبە ڕۆسۆ بەباشی زانی، کەدوای مردنی بڵاوبکرێتەوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ کەسانی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند، کێشەی بۆ دروستنەکات و تێکنەگیرێت، ئەویش وەک مۆنتیسکۆ لەبەرامبەر سیاسەتی بڵاوکردنەوەدا

هەستیاربووە.

لە سەرەتاوە رۆسۆ وادەردەکەوت، کە کەسێکی نامۆ و دەرچووە لە دابونەریتەکانی کۆمەڵایەتی و دەوروبەریی.

فەندەمێنتالیستەکریستیانییەکان و ڕادیکاڵەکان، دەستەوسان نەوەستان، هێرشیان کردەسەری و بە کافریان دانا و ئیدانەی ئایدیاکانیان کرد، هەروەک چۆن بە هەمان شێوەیش رووبەرووی ڤۆڵتێرو مۆنتیسکۆ دەبوونەوە. دەسەڵاتو خاوەن ئیمتیازەکان، رۆسۆیان بەمەترسی دادەنا بۆ سەر گەنجان، ئەمەش هەمان شتە، کە لەگەڵ سوقرات رویدا، کاتیک بەدەرچوو لە عورفی باوو ئاینی کۆمەڵگەو گەندەڵکردنی گەنجان تۆمەتبارکرا، یاخود هەمان ئەو دادگایکردنەبوو، کە ملتۆز لەبەرامبەر سوقراتدا دەیوت تۆ تاوانباری، چونکە گەنجەکان خراپ دەکەیت، لەو دەمەیشدا دەبوو رۆسۆ، مۆنتیسکۆ، ڤۆڵتێر، کە دەسەڵاتداران بەسەرچاوەی خراپکردنی گەنجانیان دەزانیین، دەبوو وەک سوقرات بپرسن، کەوایە ئەی ئەوانە کێن، کە گەنجەکان چاک دەکەن، بێگومان وەڵامێک بۆ ئەوە نەبوو[30].

لەبەرئەوەی رۆسۆ خاوەنی هەندێک ئایدیای باوە لە سەردەمەکەیدا، هەربۆیە باجێکی گەورەیدا،

راستە کە نە ژەهریان دەرخواردداو نە کوشتیشیان، بەڵام ژیانیان لێ تاڵکردبوو، بەجۆرێک بەکاوەخۆ بەرەو مەرگیان برد. لەهەمانکاتدا ئەو رەوشەی، کە رووبەرووی ببوویەو نەبووە هۆکارێک، تا سازش لەبەرامبەر نەیارانی بکات‌و گوێ لە ویژدانی راستەقینەی نەگرێت.

لەبەرئەوە خەڵکی ئەو سەردەمە بە شوێنیدا دەگەڕان و لێیدەپاڕانەوە، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت، دە خولەک لەکاتی خۆیان پێببەخشێت، چونکە خۆشبەخت ئەو کەسەبوو، کە رۆسۆ رازی دەبوو، ماوەیەکی زۆر لەماڵی خۆیدا پیشوازی لێبکات، یان رازیبوایە پیاسەیەکی دورو درێژی لەگەڵدابکردایە. خەڵکی بەوە خۆشحاڵ دەبوون، کە بیبینن لە شەقامێکدا پیاسەیەک دەکات، یان لەنێو شەمەندەفەرێک، یان لە قاوەخانەیەکدایە، ئەو ببووە رەمزو ببووە خۆشەویستی خەڵک‌و ببووە فریادرەس، ئەو جوانییەکانی ژیانی لێنیشتبوو، تا دور تربووایە لەدەسەڵات، نیزیکتربوو لە دڵ‌و دەرون‌و خواستی خەڵکییەوە.

وەختێک لەقاوەخانەیەک دەبینرا، خەڵکی گەلەکۆمەیان دەکرد، دەچوونە سەر مێز و کورسییەکان، تا بەجوانی بیبینن.

بەمجۆرە رۆسۆ لە ناوەندە رۆشنبیرییەکەدا بەتەواوی ببوە سەردەست و باڵادەست و ئەتوار و فەتوای پیاوانی ئایینی، نەیانتوانی لەو راستییە دووری بخەنەوە، کە ئەو خۆشەویستی نێو دڵی خەڵکی بندەستە.

ئەم بارودۆخە کە خەڵکی دوای رۆشنگەرەکان بکەون، لەو قۆناغەی فەرەنسادا، مایەی لەسەروەستان بوو، چۆن عەقڵی خەڵکی دوواکەوتوو، کە وابەستە بوو بە بەندو باوەکانی ئایینەوە، شوێن بۆ بیرمەندەکان دەکەنەوە، کە دەسەڵات بە کافرو دەرچوو لە چوارچێوەی یاسایان دەزانێت.

لەم جۆرە ئەتمۆسفیرەدا پەرتوکە سەرەکییەکانی فەلسەفەی رۆشنگەری دەرکەوتن، وەکو (نامەیەک دەربارەی لێبوردەیی) و (فەرهەنگی فەلسەفی)ی ڤۆڵتێر، هاوکات پەرتوکی (ئینسکلۆپیدیای مەزن)ی دیدرۆ و گروپەکەی و ئەوانەی وابەستەبوون بە بونییەوە، جگە لەوانەی پەرتووکەکانی (ئەمیل) و لەسەروی هەموشیانەوە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) رۆسۆ شوێنی گەورەیان لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە هەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم کتێبانە ڕاڤەیەکی عەقڵانیی، یاخود لۆژیکیان کردەوە لەبارەی ئایینی کریستیانییەوە، پرسیاری گەورەیان دەدا بەدەستەوە[31].

بەڵام لێرەدا پرسیارێک دروستدەبێت ئەویش ئەوەیە، بۆچی ڕۆسۆ لە سەردەمی خۆی و لە سەردەمەکانی پاش خۆشیدا جێگەی پیاوی ئاینی گرتەوە؟ بۆچی کەسێکی کەی وەکو ڤۆڵتێر نەگەیشتە ئەم ئاستە، کە ناوبانگەکەی ئەوەندەی ڕۆسۆش دەبوو، یاخود سەراپای ئەوروپای گرتبوەوە؟ یان بۆچی ئارامگای ڤۆڵتێر نەبووە، زیارەتگای دیدەنیکەرانی گەورە و بچووک؟ لەکاتیکدا پێچەوانەی ئەم قسەیە بەنیسبەت ڕۆسۆوە ڕاستە.

بۆ ئەم پرسیارە تەنها یەک وەڵام هەیە: ئەویش ئەوەیە ڕۆسۆ گیانی فەزیلەت و حەقیقەتە و خۆی لەخۆیدا ئەمە بایەخێکی گرنگی هەیە. ئەمەش گەیشتە ڕادەیەک، کە بە سوقراتیان دەچواند، بۆنمونە یەکێک لەهاوڕێکانی، کە دەیویست گەنجیکی تامەزرۆ بەئایدیاکانی ڕۆسۆی پێبناسێنێت وتی: تکاتلیێدەکەم لەگەڵ

خۆت مەیهێنە، لەوەو پێش نامەیەکی بۆ ناردووم و تیایدا وەسفی منی کردووە بەوەی، کە لەسەرو عیسای مەسیحەوەم، بەراستی نامەوێت بیبینم .

هەتا وەزیری رۆشنبیریی لە سەردەمی لویسی پانزەدا، کە ناوی مالزیری بوو، بە دوو ساڵ دوای مردنی رۆسۆ دەنوسێت و دەڵێت: ناکرێت لە مێژوودا بەراوردی رۆسۆ بەهیچ کەسیک بکریت، جگە لە سوقرات. راستییەکەی بۆ هەریەک لە فەیلەسوفەکانی هاوسەردەمی مۆنتیسکۆ، شانازی و پیاهەڵدانی بەو جۆرە لە جێگەی خۆیدا بوو..

ژمارەیەکی زۆر لە گێڕانەوەکان شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن، کە رۆسۆ هەر لە ژیانیدا بووبوو بە ئەفسانە، ئیتر روون بوو، کە لەپاش مردنیدا، چۆن بەو پلەیە ناگات[32]. بەدڵنیاییەوە ئەوانە هەموویان سەردانی ڤۆڵتێریشیان دەکرد، حەزیاندەکرد بیبینن بەو سیفەتەی ئەستیرەیەکی کلتوری گەورەبوو، هەرچەندە عاشقی بوون، بەڵام لەبەردەمیدا هەستیان بەترس نەدەکرد، هەمان تەزوو بەگیانیاندا نەدەهات، وەکو ئەوەی بەرامبەر رۆسۆ وابوون، چونکە رۆسۆ هەژار بووەو دڵسۆزیش بووە، ناوبانگییەکەی بەکارنەدەهێنا

بۆ بەدەستهینانی پـارە، پـارەی لـە پاشاکان وەرنەدەگرت، بەڵام ڤۆڵتێر و دیدرۆ و ژمارەیەکی زۆری تریش لەژێرەوە، یان بەئاشکرا پارەیان لەم پاشاو لەو پاشا وەردەگرت، بەڵام رۆسۆ بەم کارە نامۆبوو، هاوکات لەبەرئەوەی مۆنتیسکۆ بۆخۆی زەنگین‌و خانەدان بوو، هەر بۆیە بەرادەی رۆسۆ خەڵک عاشق‌و ئاشنای نەبووبوون.

رۆسۆ پێشبینی روودانی شۆڕشی فەرەنسی کرد، پێش رودانی بە سی ساڵ و بەدەستەواژەی ورد و سەرسوڕهێنەر، کە باوەڕناکرێت، ئەوەش ئاشکرایە کە شۆڕشەکە رویدا، بە دە ساڵ دوای مردنی رویدا و بەهۆی ئەمەشەوە رێزی خەڵک بۆ ئەم فەیلەسوفە زۆر زیاتر بـووە، کتێبەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بوو بە ئینجیلی شۆڕشی فـەرەنسـی، رۆسـۆش بووبە بـاوکی روحـی بۆ سەردەمە مۆدێرنەکان. ئایدیاکانی رۆسۆ تۆوی ئەو کودەتایەی چاند، کە لەدواییدا روویدا، لەبەرئەوە گۆڕەکەی پاش مردنی بوو بەجێگەی زیارەتکەرانی گەورە و بچووک، لەنێوانیاندا پاشای سوید، کە بەدزییەوە هات و لە پۆشاکی پیاوێکی ئاسایدا هات، لەو کەسایەتییە ناودارانەی تر، کە سەردانی

گۆڕەکەیان کرد، ڕۆبسبیر ماری ئەنتوانیت هەتا ناپلیۆن پۆناپارت، دەگێڕنەوە کاتیک ناپلیۆن هاتووە بۆ سەر گۆڕەکەی وتویەتی: باشتربوو دووکەس لەسەر زەویدا نەبونایە، ڕۆسۆ و من.

ئەوانەی لەگەڵیبوون سەرسوڕماو یەکێکیان پرسی بۆچی گەورەم؟ ناپلیۆن لە وەڵامدا وتی: چونکە ڕۆسۆ ڕێگای بۆ شۆڕشی فەرەنسی خۆشکرد، منیش لە سەرانسەری جیهاندا بڵاومکردەوە، ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان گەورەم وامانزانی کە تەنها کەسێک بۆی هەبێت باسی شۆڕشی فەرەنسی بکات تۆیت!

لەراستیدا ناپلیۆن دەیویست بڵێت: ئایدیای ڕۆسۆ، نەبووایە شۆڕشە گەورەکە روینەدەدا و فەرەنسا ئارامی نەدەگرت[33].

پێویستە ئەوە لە پێشچاوبگرین، کە پرسێکی گرنگی فەلسەفەی سیاسیی، پەیوەستە بە هەقانییەتی سیاسییەوە. کام جۆری حکومەتداری لە روانگەی ئەخلاقیو عەقڵییەوە، شیاوی پەسەندییەو چۆن؟ بەڵام پرسی هەقانییەتی سیاسیی، یەک زنجیرە پرسیاریی تری لە هەگبەدایە. بەرزترین پۆستو پلەی سیاسیی لە روانگەی دەسەڵاتو

هـێـزەوە لـە خواستی چ کەسێکدایە، یـاخـود چ نیازێک پێویستە بێتەدی؟ یاسایی بنچینەیی لەسەر چ بنەمایەک پێویستە بنوسرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە نێوەندترین پرسیارانێکی نێو ئایدیا سیاسییەکانن. لەسەدەکانی رۆشنگەریداو لەو سەردەمەی پاریسدا، کەسانێک هاتنە گۆو نوسیانو فەلسەفەگەلێکی نموونەیی سەریانهەڵداو دەنگیان هەڵبڕیی، ئەوان لە مەڕ سیاسەتو مافو ئـازادیو هاووڵاتیبوونو جۆرەکانی دەسەڵات، بەگورجی هەنگاوگەلێکی بەرینیان بڕی. تیۆری قەراردادی کۆمەڵایەتی، یاخود بەڵێنی کۆمەڵایەتی جان جاک رۆسۆ، بنەمای فەلسەفەی دەوڵەتی مۆدێرنو بونیادی عەقڵیی دامەزراندنی دەوڵەت بـوو. بـەگـوێـرەی ئـەم تـیـۆرە مـرۆڤـەکـان لە رەوشێکی گریمانکراو بەنێوی رەوشی سروشتی لە هەلومەرجێکی ئازادانـەدا لە سروشتدا ژیان دەگوزەرێنن، پاشان بە تایبەتمەندییە عەقڵییەکانو بە بەهرە وەرگرتن لە نەزمو رێساکان، گوڕ بە فەرمانبەرداریی لە دەوڵـەتدا دەدەنو ئازادییە سروشتییەکانی خۆیان بە قوربانی دەکەن. ئیدی بە سنوورەکانی ئازادی تاک هەنگاودەنێن، دیارە

که تواناو نەزمی دەوڵەت دیاریکراو لە هەمانکاتدا متمانە پێکراویشە. لەبەرامبەر ئەمەدا، پەیمانی کۆمەڵایەتی، سازشێکە بەشێوەیەکی نەنوسراو لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکدا، بە شێوەیەکی خۆکرد رەوش‌و رەونەقی دەوڵەتداریی دەگرێتەخۆ. دیارە کە خواستی گشتی لە سەرەداوەکانی بەڵێنی کۆمەڵایەتیدا، بە شێوەیەکی خۆکرد گەڵاڵە دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە خواستی گشتی لەسەرەتاوە بریتی بوو لە خواستی خاوەن زەوییەکان‌و کەسانی پێشکەوتوو دەستڕۆیشتو‌و بەهیچ شێوەیەک بەرامەی ژنان‌و بێکاران‌و هەژارانی لەخۆدا نەدەبینییەوە، واتە لەو بەڵێنە کۆمەڵایەتییەدا ئەوان شوێنیان نەدەبوویەوە. تیۆری بەڵێنی کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگە دیموکراسییە نوێیەکاندا، ئاوێتەی خەڵک بووە‌و خەڵک تێیدا گەیشتوون بە پشکدارێتی لە رای گشتیدا[34].

بەڵام لەبارەی حاڵەتی سروشتییەوە، واتە رەوشی مرۆڤ پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر باری دەوڵەت و دەسەڵاتەوە، ئەوا لەلای هۆبز و جۆن لۆک و رۆسۆ و مۆنتیسکۆ جیاوازە. هەڵبەتە لە

تیۆری جۆن لۆکدا پەیمانی کۆمەڵایەتی بەڵێنێکە، کە خەڵکی بەستوویانە، ئەوەیش پێچەوانەی تیۆری هۆبزە، لەوێدا هەریەکە مافی سروشتی خۆی وابەستەی ئەوی تر دەکات، پێکەوە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەرپادەکەن. هەڵبەتە تیۆری بەڵێنی کۆمەڵایەتی، یان هەر تیۆرێکی تر، مسداقییەتێکی دەرەکیان نییە، بەڵکو چەمکێکی بەردەوامو مادیی مێژووییە.

رۆحی یاساکانیش وەک بەرهەمەکانی تری سەردەمی رۆشنگەریی راڤەی دیدگای نوسەرە لەبارەی رەوشی سروشتەوە. لەبارەی رونکردنەوەیەک کە مۆنتیسکۆ لەبارەی رەوشی سروشتییەوە دەیدات. بە گوێرەی رونکردنەوەیەک، کە مۆنتیسکۆ لەبارەی رەوشی سروشتییەوە دەیدات، بەو ئاکامە دەگات، کە سازان و ئاشتی یەکەمین یاسای سروشتییە. مۆنتیسکۆ لەبواری راڤەکردن و قووڵبوونەوە لەسەر خاڵی سروشت، دیسانەوە دەیەوێت چەمکێکی تری گرنگی بواری فەلسەفە بوروژێنێت، کە ئەویش بریتییە لە ململانێکان لەپێناو مانەوەدا، ئەو وەک چارەسەرییەکی گونجاو بۆ پێش ئەو ململانێیانە هاتووە، پێشنیازی

سازان و لەهەمانکاتدا هێشتنەوەی هەریەک لە جەمسەریململانێکانی کردووە. بەو واتایەی لە یاسای جەنگەڵ رەوشەکەی جودا کردووەتەوە، نەهاتووە هێزی یاسا ببەستێت بە بەهێزترینەوەو لە ململانێکاندا بێ هێزەکان ببنە قوربانی، بەڵکو لە روانگەی مۆنتیسکۆوە دەسەڵات وەک خۆی دەمێنێتەوە و جڵەوگیردەکرێت بەیاسا، بەگوێرەی پێگەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکریت، دیسانەوە هەر بەیاسایش بوونی دەسەڵاتی ئەوانی تر دەهێڵرێتەوە، چونکە مرۆڤ لەپێناو پاراستنی خۆیدا، پێویستە لە پەیجوری ئەوەدا بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە هۆبز نەزمو ئاشتی بە دەرهاویشتەی بەڵێنی کۆمەڵایەتی نازانێت، بەڵکو وەک ئەوەی، کە هەیە ئەو رەوشە پێش هەنگاونانی مرۆڤ بۆ رەوشێکی کۆمەڵایەتی، هاوکات بە نیازێکی سروشتی لەقەڵەمیدەدات. دووەمین یاسای سروشتی لە روانگەی مۆنتیسکۆدا، بریتییە لە بەردەوامی رەچەڵەکو زاوزێ سێهەمین یاسایش بریتییە لە سێکسو هاوسەرگیرییو نزیکی ژنو مێرد. دوواجاریش ئارەزوو و شەوقو شۆری ژیان لە کۆمەڵگەدا بە چوارەم یاسای سروشت دەپێورێت[35].

**باڵایی سیستەمی کۆماریی**

**لە بەرامبەر سیستەمی پادشایەتیدا**

پاش خستنەرووی ئەو روانگانەی سەرەوە، مۆنتیسکیۆ ئەم پرسە درێژە پێدەدات، ئەو دەیەوێت بیسەلمێنێت کام سیستەمی سیاسی دەکرێت بوونی هەبێت، هاوکات ئەوەیش دەخاتەروو، کە تایبەتمەندیی هەریەک لە سیستەمە سیاسییەکان لە چیدایە. مۆنتیسکۆ پاش شرۆڤەکردنێکی پوختو تەواو بەم پۆلێنبەندییە دەگات. کە سێ جۆر سیستەمی سیاسی شیاوی وێناکردنن. کە ئەوانیش بریتین لە سیستەمی کۆماریو سیستەمی پادشایەتیو سیستەمی ستەمکاریی. شرۆڤەی تایبەتمەندییەکانو نەزمی بنچینەیی سیستەمە سیاسییەکان، مۆنتیسکیۆ بەم ئاستە دەگەیەنێت، کە سیستەمی کۆماریی لەسەر بنەمایەکی باڵاترو پەسەندییەتی زیاتر وەستاوە. هاوکات سیستەمی پادشایش لەسەر بنەمای شانازیو شکۆ راگیرکراوەو سیستەمی ستەمکاریش، لەسەر بنەمای ترسو بیم راوەستاوە، هەموو ئەوەیش لەبنەماکانی رۆحی یاساکاندا ئاماژەپێدراوە و رونکراونەتەوەو لەوێدا بۆمان روونبەبێتەوە، کە ئەو پەرتووکە دارای چ بایەخێکی لەپێشچاوگیراوە[36].

مۆنتیسکۆ گەیشتووە بەو پێناسەی کە لەنێوان نەزمی ئەخلاقیو سیاسیو ئاییندا تایبەتمەندیی بهێڵێتەوە. مەبەستی مۆنتیسکۆ لە تەقوای سیاسی، بریتییە لە وەتەنپەروەرییو یەکسان خوازی، بەڵام مۆنتیسکۆ ناچێتە نێو ئەو باسەوە، کە تەقوای ئەخلاقیو ئایینی، پەیوەستە بە جۆرێک لە سیستەمی سیاسییەوە، یاخود بوونی تەقوای سیاسی لە ناو سیستەمی پادشایەتیدا ناکرێت هەبێت، بەڵام پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە کرۆکو پاڵنەری سیستەمی کۆماریی، تەقوای سیاسیو ئەوین بۆ نیشتیمانە، لەسەر بنەمای بەرابەری بۆ هەموو تاکێکی نەتەوەو گەلە. هاوکات مۆنتیسکۆ دو سیستەمی کۆماریی لێک جودادەکاتەوە. ئەوانیش کۆمارییەکی پشت بەستوو بە پایەکانی دیموکراسیو کۆمارییەکی پەیوەست بە ئەریستۆکراسییە. جیاوازی ئەوانە لەسەر روانینی مۆنتیسکۆدا، هەمان ریشەی ئەو تەقواسیاسییەیە، کە بنچینەی کۆمارییەکی پشتبەستوو بە دیموکراسییە، بەڵام تەقوای سیاسیی لە کۆماری ئەریستۆکراسیدا، یان بوونی نییە، یاخود بونێکی ئێجگار ئێجگار

لاوازی هەیە. مۆنتیسکۆ سیستەمی پادشایەتی بە سیستەمێکی خۆویست و گەمارۆدراو دەزانێت، بە بەرژەوەندییەکانی تاکڕەوی‌و خۆخوازی دەزانێت و سیستەمی ستەمکاریش، کۆیلایەتی گەل دەخوازێت، کە لەو نەزمەشیدا پشتئەستوورە بە ترس‌و تۆقاندندن‌و بڕینەوەی بندەستەکانی. لەهەموو رووەکانەوە مۆنتیسکۆ لەنێوان سیستەمە سیاسییەکاندا، جیاوازی دەخاتەروو، بۆ هەر یەکەیشیان تایبەتمەندیی بەرچاو دیاریدەکات. ئەو لەسەر ماهییەتی حکومەت دەدوێت‌و پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە ماهییەتی حکومەت ئەوەیە لە هەر حکومەتێکدا ئەوەی، کە هەیە دەیسازێنێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، کە حکومەت چالاکی دەکات‌و کاردانەوەیشی هەیە.

مۆنتیسکۆ تایبەتمەندییەکانی هەرسێ سیستەمە سیاسییەکەی خستووەتەروو، هاوکات گیانی پەروەردەو رەوشی باڵاچوونی هەریەکەیشیان لە رۆحی یاساکاندا بەوردی‌و بە قووڵی نیشانداوە[37]. دواجار مۆنتیسکۆ گەیشتووەتە ئەو رادەیەی، کە سیستەمی کۆماری لەسەر بنەمای دیموکراسی، بریتییە لە نیشتیمانپەروەری‌و رێسای یەکسانی‌و دادپەروەریی تێدادێتەبوون.

چون پـەروەردەی لاوان‌و نەوجەوانان لەسەر بنەمای نیشتیمان دۆستی‌و بەرابەریی تاکەکاندا، لـە ڕێـبـازو سیستەمی کـۆمـاریـدا دێـتـەبوون، لەوێوەو لە بەرامبەریدا هەموو جۆرە بندەستی‌و ستەم‌و چەوسانەوەیەک، جێگەی پێ لێژدەبێت، پاشان لە هەمان پەرتوکدا مۆنتیسکۆ لەبارەی هۆیەکانی شکستی ئیمپراتۆر و ڕژێمەکان دێتە شرۆڤەکردن، بەوردی هۆیەکانی لەنێوچوونیان شیدەکاتەوە و بەتەواوی لەسیستەمی ئینگلیزیدا رادەوەسـتـێـت، کـە چـۆنـە وا جێگیرو ئـارام ماوەتەوەوە و لێرەوە چەمکێکی ترو بابەتێکی تر دێنێتەناوەوە، کە بریتییە لە بابەتی ئازادیی. پێیوایە چەمکی ئـازادی پێگەیشتن بە ئـازادی، یاخود لە دەستدانی ئازادی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بریتییە لە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ پرس‌و جۆی هۆکارەکان، واتە تێگەیشتن لە ڕادەی ئازادی هـەر نـەتـەوەو ڕژێمێک، سـەرەداوی سەرەکی دەداتە دەستەوە بۆ هەڵسەنگاندنەکان. لەبەرامبەر ئـەمـەدا یاساگەلێک، کـە ئـازادی دابیندەکەن، مـایـەی بەربەستکردنی ئـەو دەسـەڵاتـەن، کە بەسەر هاوڵاتیاندا دەسەپێن. ئەو یاسایانە ئیدی بەشێکن لە هاودەردی‌و هام دەردی نەتەوەکان. مۆنتیسکۆ لە ڕۆحی یاساکاندا بەوردی وەستاوەو

هەڵوێستەی کـردووەو پێیوایە نیاز و نەزمی ئازادی، بریتین لە هەوێنی راستەقینەی تەواوی یاسا مرۆڤ دۆستەکان، چونکە بە شوێنکردنەوەی ئـازادی لـەیـاسـا بنچینەییەکاندا، دەتـوانـرێـت جێگیریی سیستەمی سیاسیی بهێنرێتەبوون، واتە یاسا بنچینەییەکان دەبێت لەسەر بنەمای ئازادیی بنوسرێنەوە. لێرەوە نەتەوەپەرستیو نیشتماندۆستی و بەرابەری تەوای هاووڵاتیان و مافەکانی تاک بەرجەستەدەبن، هەربۆیە ئازادیو لێکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە گرنگترین خاڵەکانی رەوایەتی هەر سیستەمێکی سیاسیین. جیا لە بابەتی سەرەکیو بنچینەیی ئازادی لە یاساکاندا مۆنتیسکۆ پەرژاوەتە سەر بابەتێکی گرنگ تر و ئاماژەی پێداوە. ئەو پێیوایە هەر یاسا دارێژەرێک پێویستە ئەوە لەپێشچاوبگرێت، کە لە دانانی بنەما یاسایەکاندا پێویستە فەرهەنگو تایبەتمەندیو دابونەریتی هەر گەلێک وەک خۆی رەچاوبکرێت، لەهەمووی گرنگتر هەلو مەرجی ناوچەیی نابێت لەو مەیدانەدا پایماڵبکرێتو بێ ئاگابن لێی. ئەو لێرەدا وردتر شۆڕبووەتەوە، بۆ نموونە گەلی جودا پێیوایە ئەتوارو هەڵسوکەوتو ئەخلاقو دابی خەڵکێک بەپێی کەشو هەواو سروشتەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە

خەڵکی نێوچە گەرمەسێرەکان لەو رووەوە جودان لە خەڵکانێک، کە لەنێوچەی کوێستانو سەرماو سۆڵەدا دەژین، ئەو دەڵێ خەڵکی نێوچە ساردەکان، زیاتر بڕوایان بەخۆیان هەیەو لە کارەکاندا فزوڵترن، لەبەرئەوە ناکرێت لە یاساکاندا لۆژیک لەهەمبەر ئەم بابەتە گرنگانە فەرامۆشبکرێن. جیا لەوانەیش مۆنتیسکۆ لە نەزمی، یاخود لە رەوگەی نوسینەوەی یاساکاندا، فاکتەرگەلێکی دی زیاددەکات، کە تێیاندا ئاماژە بە مەزهەبو رێچکانی ئایینی دەکاتو لەوسۆنگەیەوە مەزهەبو رابردووی نەتەوەکانو عاداتو رسومی فەرهەنگی کۆی هەموویان بە رۆحی میللی نێودەبات. مۆنتیسکۆ زێدەتر لەسەر ئەوە دەڕواتو پێیوایە دەبێت لە دارشتنی یاسادا چۆنییەتی رەچاوکردنی ئەو رۆحە میللییە ئامادەکاریی بۆ بکرێت[38]. مۆنتیسکۆ بۆخۆی لەبەرامبەر ئەمەدا سەرنجی خۆی دەخاتەروو، کە هیچ سیستەمێکی سیاسیو یاسایەک بەبێ رەچاوکردنی رۆحی میللی، ناتوانێت تۆکمە بێتو بەرقەرار بێت. لەخاڵێکی تردا مۆنتیسکۆ پێیوایە لەهەوڵو تێکۆشان بۆ مامەڵەکردن لەتەک گۆڕانی رۆحی میللی هەر نەتەوەو کیشوەرێک، دەبێت ئێجگار هەستیارانەو

تەواو بە هۆشیارانە مامەڵەبکرێت، حساب بۆ هەموو ئەتوارێکی نەتەوەکان بە وردی بکرێتو لە ڕەهەندی فەرهەنگییاندا، کە بە ڕۆحی میللی ناوی دەبات، هۆشیارانە بجولێنەوە. تەنانەت مۆنتیسکۆ پێیوایە، کە ئەو فەرهەنگو نەریتو ئاینانە ئەگەریش دارای خاڵی لاوازو تقوسو ئەتواری ناهەمواریش بن، ئاسان نییە لە ڕێگەی یاساو نەزمەکانەوە هەوڵی لەباربردنیان بدرێت، دەبێت بەکاوەخۆ و نابێت بە خێرایی هەوڵی نەهێشتنو سڕینەوەیان بدرێت. بۆچوونەکەی مۆنتیسکۆ فرە بەسانایی دەربڕاوە، ئەو پێیوایە ئەگەر ئازادیو ئارەزووی نەتەوەکان، یاخود خەڵکی بەگوێرەی ئەوەی، کە دەرونیان دەیەوێت تا ڕادەیەک، کە بە کەسانی دی لەتمە نەدەن، ئەگەر ئەو ئازادییە پەسەندنەکرێتو قبوڵنەکرێت، ئەوا ئەستەمە بتوانرێت بەو ڕێساو یاسایانە لە کۆمەڵگەکاندا هیچ بەرەو پێشچوونو بوژانەوەیەک فەراهەمبێت. هەموو ئەم دەستەواژانە دەربڕی ڕۆحو ڕەونەقی ئازادانەی مۆنتیسکۆن، کە خۆیان لە خوێندنەوەی بەرامبەردا دەبیننەوە. ئەوەیش مانای چاوپۆشی نییە لە جیاوازییەکان، یاخود لە خاڵە نەرێنییەکان، هێندەی دەتوانین دیوی جوانی ئەو ڕەهەندە بخوێنینەوە. ئەو

پێیوایە گەر وانەبوایە ئەوا جیاوازی نێوان فەزائیلو نەنگییەکان فراوانتردەبوو، ئەو پێیوایە هەموو عەیبو عارەکانی سیاسەت لایەنی ئەخلاقییان نییە، هەروەک چۆن هەموو عەیبو عارە ئەخلاقییەکان لە هەڵەکانی سیاسەتەوە سەرچاوەناگرن، هەربۆیە تێگەیشتنێکی لەم جۆرە لەلایەن یاسا دارێـژەرانەوە، کە لەسەر بنەمای شوناسی میللیو فەرهەنگی بن، بێ ئەندازە گرنگو بەبایەخە. مۆنتیسکۆ لەم رووەوە و لە نوسینی کتێبەکەیدا پێماندەڵێت مەبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆخۆیان سەربەخۆن و مامەڵەکردنیان لەتەک یەکتریدا، دەبێت ئێجگار بە سەرنجەوە بێت. دواجار مۆنتیسکۆ ئەوەیشی پێوتوین، کە لە کۆمەڵگەیەکدا فەرهەنگو ئەخلاقی ئەرێنی باڵادەستە، ئەوە یاسا تێیدا بەشێوەیەکی ساناتر دادەڕێژرێت وەک کۆمەڵگەیەک، کە بنەما فەرهەنگییەکان تێیدا لەکەدارو روو بەهەڵدێرن[39].

**نەخشی مەزهەب**

مەزهەب یەکێکە لە دامەزراوە و دەزگاکان، کە لەلای مۆنتیسکۆ شوێنی تایبەتی بۆ کراوەتەوە و بە تەوس و تینێکی هزریی قووڵەوە، لەسەری

وەستاوە. مۆنتیسکۆ یادەوەری ئەوە دەکات، کە ڕۆحی یاساکان دیدگای کەسێکی مەزهەبی، یاخود مەزهەبناس نییە، بەڵکو دیدگایەکی فەلسەفی سیاسییەو بەو دنیابینییەشەوە نوسراوەتەوە.لێرەدا مۆنتیسکۆ پێداگریی توند لەسەرئەوە دەکات، کە سیستەمە سیاسییەکان‌و یاساکانی فەرمانبەرداری نێو سیستەمەکان، هەرگیز ناتوانن ڕۆڵ‌و ڕوانگەی خۆیان نیشانبدەن، بەبێ سەرنجدان لە نەخش‌و ڕۆڵی مەزهەبەکان، هەربۆیە بە جیاوازییەکانی نێوان کاسۆلیک‌و پرۆتستانەکانی نێو ئاینی مەسیحییەت ئەوەمان پێدەڵێت، کە پرۆتستانەکان بە بنەماکانی دیموکراسی هاوتان‌و کاسۆلیکەکانیش زێدەتر لەتەک سیستەمی پادشایەتیدا دانویان پێکەوە دەکوڵێت. هاوکات یەکێکی تر لە خاڵەکانی جێ بایەخی مۆنتیسکۆ بریتییە لە نەخش‌و ڕۆڵی فاکتەرەکانی بواری بازرگانی لە نێو سیستەمی سیاسیدا. ئەو بە پشتبەستن بە بەڵگەو ئەزموونی جۆراو جۆر دەڵێت» بازرگانی‌و ئاڵوگۆڕی بازرگانی کیشوەرێک لەتەک کیشوەرێکی تردا، کۆمەک‌و دەستگرۆیی ئێجگار مەزن بە پێشکەوتنی ڕەوشی ئازادی و دیموکراسی دەکات، لە نێو

سیستەمە سیاسییەکەی کیشوەرەکەدا، چونکە پێیوایە پێکداچوونی تۆڕە بازرگانییەکان لەنێو وڵاتاندا، زەمینەی گیانی لێکتێگەیشتن‌و لێبوردەیی‌و پێشکەوتنی دنیابینی‌و هزر فەراهەمدەهێنێت لە ناوخۆی وڵاتانداو کاریگەریی بەرچاو لەسەر رەوش‌و هەلومەرجی ئەو پرەنسیپانە بەجێدەهێڵێت لە سەر ئاستی دونیادا»، هەروەها پێیوایە دابەشکردنی هێزو دەسەڵات لە جیهاندا یەکێکی ترە لە پەیامەکانی بازرگانییە نێونەتەوەیی‌و جیهانییەکان». لەگەڵ ئەوەیشدا مۆنتسکیۆ سورە لەسەر ئەوەی ، کە مەبەستی لە واتای بازرگانی بریتی نییە لە شڕەخۆری‌و تێکدان‌و نەناسینی سنورەکان‌و نەبوونی سنوورەکانی یاسا لە ناوخۆی وڵاتان و لەسەر ئاستی دنیا، بەڵکو پێویستە یاسادارِشتن لەپێناو بەهێزکردنی بازرگانی لە ژێر سایەو سێبەری یاسادا بێت، بەو جۆرە بایەخی بازرگانی‌و دەرهاویشتەکانی لە مەیدانی ئازادی‌و دیموکراسی‌و لێبوردەییدا، شوێنی خۆیان دەگرن. بۆ ئەم مەبەستەیش مۆنتیسکۆ ئەزمونێکی سەرکەوتوو لەو بارەوە وەک نموونە دەهێنێتەوەو خەڵکی ئینگلیز دەکاتە

پێشەنگی ئەو سەوداکارییە، چونکە وەک ئاشکرایە مۆنتیسکۆ لە میانی مانەوەی بۆ چەند ساڵێک لە ئینگلیزدا بەتەواوی دیوە جوانەکانی ئەویِ، لەلای بوونە بەشێکی بەهێز لە بنەما هزرییەکانی، هەر بۆیە دەڵێت: خەڵکی ئینگلیز، خەڵکێکی فامیدەن، چونکە توانیویانە بە باشترین ڕێگە، سود لە سێ شت وەربگرن، کە بریتین لە: بازرگانیو ئایینو ئازادیی[40].

### جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان

تیۆری لێکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرسێکی تری شوێنبایەخی هزری سیاسییە، کە ریشەی ئەم هزرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆی فەیلەسوفی دێرینی یۆنانییەکان، بەڵام مۆنتیسکۆ لە رۆحی یاساکاندا ئەم هزرە سیاسییەی وەک تێزێکی نێوەندیو بنچینەیی خۆی بۆ یەکەمجار و بە شێوەیەکی فرە لۆژیکی لە سەر بنەمای عەقڵو ئەزموون هێنایە نێوکایەی هزری سیاسییەوە. مۆنتیسکۆ لە کورتەی ئەم روانگەیەداو لە چەمکی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا بەم شێوازە مەبەستی خۆی دەخاتەروو: لەپێناو

دوورکەوتنەوە لە ستەمکاریی، دەسەڵاتەکانی دەوڵـەتو حکومـەتـەکان، پێویستە لەرێگەی جوداکردنەوەیان بۆ چەند دەسەڵاتو دەزگایەکی سەربەخۆ ئاراستەبکرێن، چونکە جوداکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە، دەسەڵاتی دادوەریی‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و دەسەڵاتی یاسادانان، لە بنەماکانی دیموکراسییە یاساییەکانە، سەربەخۆیی دادگا لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و ڕێگریکردن لـە دەسـتـێـوەردانـی هـەر دەسـەڵاتـێـک لـە کـارو باری یەکتریدا بریتییە لە: کەرەستە گرنگەکانی دیموکراسیی، لەبەرئەوە کرۆکی سەرەکی‌و تێزی راسـتو رەسـەنـی مۆنتیسکۆ لـەم زەمینەیەدا، بریتییە لە بایەخی نێوەندیی ئازادییە سیاسییەکان لە سیستەمە سیاسییەکاندا.

لەکاتی بوونی رەوشێکدا، کە بایەخ و برەو بە جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان نەدات تێکەڵاویی و دەستێوەردان لە کاروباریی یەکتریدا هەبێت، ئەوە رەوشێک دێتەپێشەوە، کە خراپ بەکارهێنانی یاسای تێدا دەخوێنرێتەوەو حکومەتێکی ئارەزوو خـواز دێتەپێشەوە، کە ئازادییە سیاسییەکان دەکـەونـە مـەتـەرێـزی مـەترسـی‌و مـەودایـەکـی

تاریکەوە. لێرەدا مۆنتیسکۆ دروست بە پێچەوانەی هۆبزەوەیە، کە سەرۆکی حکومەت تەنیا بە جێبەجێکەری یاسا دەزانێت، نە بە دانەریی یاساکان. زیاد لەوەیش مۆنتیسکۆ ڕێو شوێنی بۆ چاودێریکردنی هەرسێ دەسەڵاتەکە داناوە لەڕێگەی پتەوکردنی ڕێو شوێنەکانو بەهێزکردنی پێگەی پەرلەمانەوە، وەک نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەل، بۆئەوەی هەریەک لەو دەسەڵاتانە بەرێگەی یاسایی شوێنی پێگەی خۆیان بزانن. لێرەدا بە ئاماژەکردن بە ئەزموونی دیموکراسییەتی سەردەمە دێرینەکان، یادئاوەری کراوە کە یاساگەلی باشو چاک بەتەنیا بەسنین، بەڵکو کۆنترۆڵو کۆشش، لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو یاساگەلانە بایەخی بنچینەییان هەیە[41].

**ئەنجومەنی پیران بۆچی؟**

مۆنتیسکۆ یەکەمین بیرمەندی سیاسییە، کە بیری هەبوونی دوو ئەنجومەن، واتە ئەنجومەنی گشتی، یان نوێنەرانی گەل، لەگەڵ ئەنجومەنی پیرانی گەڵاڵە کردووە. هۆکارەکانی بوونی یاخود پێویستی ئەنجومەنی پیران لەلای مۆنتیسکیۆ،

پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە هەمیشە و هەردەم پێڕ و گروپگەلێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، کە لەروانگە جیاوازەکانی بایەخی سیاسی و پێگەیاندنەوە، یاخود لە روانگەی بەرژەوەندیی ئابوری، دارایی پێگەی فەرهەنگییەوە، لەکۆی خەڵکی گشتی جودان. ئەگەر ئەم گروپانەیش هەمان ئەو تەنها دەنگەیان هەبێت، کە کۆی خەڵکی گشتی هەیەتی، ئەوا ئازادی بۆ هەمووان دەکرێت لە کۆیلایەتی ئەم گروپانەدا بشکێتەوە. لەبەرامبەر ئەوەدا بۆ پێشگرتن لە ستەمو پایماڵی بەهرەکانی ئەم گروپانە، ئەوا پێویستە سەرەڕای ئەنجومەنی نوێنەران، کە هەڵبژێراوی کۆی میللەتن‌و نەخش‌و دەسەڵاتی بنچینەییان هەیە، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی پیران، یاخود سەنا، کە هاوتای ئەنجومەنی لۆردەکانی ئینگلستانە بوونی هەبێت، ئەم ئەنجومەنە بۆ ئەو کەسانەیە، کە تارای بەهرەو نوخبەو توێژی باڵاو بە ئەزموون‌و بە سەلیقەی کۆمەڵگەن. دیارە ئەمانە هەڵبژاردن‌و دیاریکردنیان سنوردارترو ڕێ‌و شوێن بۆ دانراو ترە. ئەمانە پێویستە لەکارەکانیان تەنیا دارای

مافی راوێژپێکردن، یاخود هەڵوەشاندنەوە بن. لەگەڵ ئەوەیشدا مۆنتیسکۆ پێداگریی لەسەر ئەوەدەکات، کە ئەنجومەنی پیران دارای دانانی یاساکانو گۆڕینی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران نین[42].

بابەتێکی تر کە دیسانەوە مۆنتیسکۆ جەختی لەبارەوە کردۆتەوە، بریتییە لە: مافی فەرمانڕەوایەتی گەل، کە لێرەدا ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل نومایان و پایەی ئەو ماف و هەقەن، ئەو لێرەدا سەرنجی داوەتە سەر گرێ و گۆڵەکانی نێو دەسەڵاتە جوداکان، کە حکومەت و هێزی دادگاکان و ئەنجومەنن، پێیوایە لەم دەسەڵاتە بنچینەییانەدا، مافی ئەنجومەنی نوێنەرانی میللەت لە هەموو باڵاترەو مافی ئەوانە، کە خاوەنداریێتی مافی حاکمییەت لە ئەستۆیاندابێت، لە پێش هەموو ئەوانی ترەوە.

ریشەی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکەمجار لە دەستووری بنچینەیی ئەمەریکادا بەرجەستە ببوو، دوای ئەویش لە یاسای بنچینەیی فەرەنسادا بە فەرمیی ناسێنراو دان بە فەرمیی بوونی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکاندانرا،

لێرەوە دەرگا لەپێش نەزمی دیموکراسیانەی دەستورە بنچینەییەکانی کیشوەرەکانی دیکەدا کرایەوە. یەکێک لە لایەنە بەبایەخەکانی دەسەڵاتە جوداکان، کە بایەخێکی ئێجگار بەرینی لە نەزمی پێوانەو کردارەکیی لەرادەبەدەری نێو سیستەمە سیاسییەکاندا هەیە، بریتییە لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریو دەسەڵاتی دادگاکان، لە بەرامبەر رەوگەکانی سیاسەتو حکومەتدا.

**رێژەگەرایی و گیانی سەردەم**

مۆنتیسکۆ لە رۆحی یاساکاندا چەندەهاجار ئاماژەی بە رێژەگەرایی لە نوسینەوە و دارشتنی یاساکان و شێوەگیریی سیستەمە سیاسییەکاندا داوە. هەر لەسەر ئەو بنەما و پێناوەیشە، کە پێکەوە مەنزڵ و رێزی دیاریکراوی بۆ فەرهەنگ، نەریت، تقوس، مەزهەب و ئایینە جیاوازەکان دانـــاوەو لـە چـوارچـێـوەی دارشـتـنـی یـاسـاو دەسەڵاتەکاندا تایبەتمەندی هەریەک لەوانەی فرە بەروونی لەپێشچاوگرتووە. دیارە سنووری ئەم رێژەگەراییەی مۆنتیسکۆ روونو رەوانە، چونکە لەبارەی ئەو پرسەوە دەڵێت: بە لەپێشچاوگرتنی

تایبەتمەندییە فەرهەنگیو ئاینییەکانی هەر وڵاتو میللەتێک، هاوکات رێزگرتن لە بەهاکانی ئەوان لە نێو یاساکانو دەسەڵاتەکاندا، ناکرێت رێگر بێت لەوەی، کە لە سیستەمێکی سیاسیدا بنەما یاساییو ئازادییە سیاسییەکانی، کە ژێرخانی هەر حکومەتێکن چاوپۆشی بکرێت. لەبەرامبەر ئەمەدا، نابێت خۆ بواردن لە جودایی دەسەڵاتەکانو سەربەخۆیی دادوەریی و ماف و هەقدان بەحاکمییەتی ئەنجومەنی نوێنەران شتێک بۆ تایبەتمەندییە ئایینیو فەرهەنگیو مەزهەبییەکان بکات[43]. خاڵێکی تر کە لەهەمانکاتدا لەچوارچێوەی جەختکردنەوەی رێژەگەراییەکەی مۆنتیسکۆیە، بریتییە لە گیانی سەردەم[44]. مەبەستی روونو رەوانی مۆنتیسکۆ لەم چەمکە ئەوەیە، کە هەر سیستەمێکی سیاسیی بە هەبوونی رێژەگەرایی پێویستە دارای هێزێکی سەرنجراکێش بێتو بتوانێت لە رێگەی ناسینەوەو شوناى گیانی سەردەم، ئەو مەبەستانەی کە هەن، بە بەرپاکردنی سیحرو کاریگەرییە جێ سەرنجەکان کەمەندکێش بکات.

**ئەندێشە و ئەجێندا هزرییەکانی مۆنتیسکۆ**

بنەمای تیۆریی و ئامادەسازی هزریی شۆڕشگێڕیی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم (1789) لە فەرەنسادا بەرجەستە بوو. دیارە زەمەنێک پێشتر و لەو سەدەیەدا بەرنامەکانی رۆشنگەریی دەستیانپێکردبوو. داڕشتنەوەی بنەما عەقلانیو مرۆڤایەتییەکان لە هەمبەر رۆشنگەرانەوە بەشێوەیەک تۆوی هزریو هێزی رۆشنگەریی خۆی لە زەمینە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا وەشاند، کە کەشێکی بەهاری وەهای هێنایەگۆڕێ، تا دواجار بەرهەمەکانی خۆیان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەمدا دوورییەوە، دەرهاویشتەکانی بوونە سەرنگونکردنی رژێمی پادشایەتیو هێنانە پێشێی وەرچەرخانێکی مەزن لە مێژووی ئەورووپاو مرۆڤایەتیدا.

لە سەرەتاکانەوە نموونەگەلێک بوونە مەچەکی بەهێزی رۆشنگەریی، وەکو بناغەیەک دیواری عەقڵ و سیاسەت و ئازادییان بە مەحکەمی بۆ مرۆڤایەتی بونیادنا، دیارە هەریەک لە رۆشنگەرەکان بە شێوەیەک شرۆڤەی سیستەمی سیاسیو تیۆرەکانی دەسەڵاتداریێتیو ئابوریی

کۆمەڵگەکەی خۆی دەکرد، لەم میانەدا مۆنتیسکۆ توانی بە کەڵکوەرگرتن لە نەزمو ریساو ئەزموونی ئینگلیز شتێکی جیاواز پێشنیازبکات، کە لەگەڵ بونیادی سیاسیو ئابوریو فەرهەنگی کۆمەڵگەی فەرەنسادا یەکبگرێتەوە، کە پێیوابوو حکومەتی دەستوریی پادشایەتی دەبێت لەسەر بنەمای لێکهەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتەکان بێتەگۆڕێ. ئەوەیشی لە نەزمو نوارینییەوە بۆ پێکهاتەی سیاسی ئینگلیز هەڵهێنجابوو، کە پێشنیازی ئەنجومەنی پیرانی بۆ خانەدانو شۆرەتدارو بەهرەدارەکان کردبوو. ئەوانە وەک چینێک تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەپاراست و درێژەیان پێدەدان. هاوکات لەنێو سیستەمی دەستوری پادشایەتیدا، پێیانوابوو حکومەتێک دێتەپێشەوە، کە تەواوی گروپە جۆربەجۆرو نارازییەکانو جیاوازەکان هیوا و ئایدیای خۆیان دەتوانن بدۆزنەوە.

## سەردەمی رۆشنگەری و
## شۆڕشی فەرەنسا و مۆنتیسکۆ

شۆڕشی فەرەنسی لە روداوێکی کتوپڕدا شوێنی ناکرێتەوە، بەڵکو زەمینەی ئەو شۆڕشە

وەک هەندێک لە مێژووناسان تیشکی دەخەنەسەر، دروست وابەستەیە بە ڕێنیسانسەوە، بەڵام دەکرێت هۆکارە ڕاستەوخۆکانی لە سەدەی هەژدەوە گەڵاڵەبووبن، چونکە زەمینەکەی بەتەواوی ڕەخسابوو، لەڕووی هزرییەوە هەنگاوگەلێک نران، کە بڕیاری نەوەستانیان دابوو، هەنگاوگەلێک بوونە ڕیشەی هەموو پێشکەوتنەکان‌و ئێستەیش هەموو سەرەداوێکی پێشکەوتن، ئاتاجی بە ئیلهام بەخشیی وزەی ئەو هەنگاوانەیە. هەریەک لە ڤۆڵتێر، جان جاک ڕۆسۆ، مۆنتیسکۆ و گەلێکی تر لە فەیلەسوفە بەنێوبانگەکان، بوونە داینەمۆی هزرو لۆژیک‌و ململانێی عەقڵانییەکان‌و پاریسیان ڕازاندەوە بە بەرامەی عەقڵ. ئەوان لەسەردەمێکی تاریکدا داگیرسان، هەربۆیە کاریگەرییان ئێجگار نەبڕاوەو بەبایەخ بوو، خودی مۆنتیسکۆ و جان جاک ڕۆسۆ، بوونی خۆیان بە شێوەیەک نیشاندا، وەک ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئامادەکاریی بکەن بۆ شۆڕشێکی لەو جۆرە، شۆڕشێک جیا لەو هەموو شۆڕشانەی دنیا، بۆچی شۆڕشی فەرەنسی کەواسوری پێش شۆڕشەکانە، ئەوەچی بوو

ئەو رووداوەی بەوجۆرە جوداکردەوە، بێگومان سوچی ئەو بیرمەندانە بەتەواوی لەو شۆڕشەدا، یان لە مەزنی ئەو شۆڕشەدا نومایانە.

شۆڕشی فەرەنسا ئەگەرچی لە ناکاودا و وەک بورکانێک هاتەگۆڕێ، بەڵام ئەم بورکانە وەک بورکانێکی بێ پاڵنەر و رابردوو، یاخود بەبێ شوناسێکی قووڵ و دەوڵەمەند بە هۆکارگەلێک نەهاتە گۆڕێ. ئەو هێزە جۆراوجۆرانەی، کە وەک هێزی شۆڕش هاتنە پێشەوەو دەستیاندایە راپەڕین، پێشووتر زەمەنێک بوو لە ژێر رووی رووکەشی کۆمەڵگەی فەرەنسادا پایماڵ و بندەستبوون. ئەو هێزانە رووە رووکەشەکەی فەرەنسایان داماڵیو تیغی رەخنەو روانینە واقیعییەکانیان بەرزکردەوە، بە شەڕو شۆڕێکی بێئەندازەوە دوماییان بە چاوبەستو ساختەکارییەکان هاورد، ئیدی عەقڵ بووە سەنگی مەحەک. ئیدی فەیلەسوفەکانی سەردەمی عەقڵگەراییو رۆشنگەریی هەریەکەیان لە ئاستی خۆیەوە بۆ دەردە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکانی سەرزەمینی ئەوکات چارەیەکیان خستەپێش، هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بە تیۆرەکانی گەمەی عەقڵو ئاوەزیان

هێنایە پێش گەمەی خورافیات، چاوبەستو فریودانەوە. 45 دیارە کە ژمارەی عەقڵمەندانو رۆشنگەران کەم نەبوون، بەشێوەیەکی بەرین توانییان جڵەوی سەردەمەکە بگرنەدەست، لەوانە: دالمبەرت، فیورباخ، هیردەر، هلوسیوسن بومارشە، کندورسەو چەندانی تر لەو قۆناغەدا بوونیان هەبوو. لەنێو تەواوی رۆشنفکرانی سەردەمەکەدا، دەتوانین سێ لەوانە جیابکەینەوە بە لەپێشچاوگرتنی تایبەتمەندییانەوە. ئەم سێ کەسە وەک نوێنەرو وتەبێژی سێ چینی دیاریکراوی کۆمەڵگە هاتنەپێشەوە، نیازو مەبەستەکانیان نومایانی خواستو خولیاکانی کۆی ئەو سێ توێژوو چینەبوون. لەوانە مۆنتیسکۆ بەرگریکارو پارێزەری ئارمانو ئامانجەکانی خانەدانەکان بوو، هاوکات ڤۆڵتێر، خۆی بە دەمساغی چینی بۆرژوا دەزانی، ئەو کەسەیش کە هەمیشە بڵندگۆو پێناوی چینە نزمەکان بوو، بریتی بوو لە فەیلەسوفی مەزن جان جاک رۆسۆ. هەڵبەتە هەریەکە لەمانە بەدووی خواستو خولیای چینەکەی خۆیەوە نەبوو، یاخود ئایدیۆلۆژیاکەیان تەنیا بۆ ئەوە نەبوو چینەکەی خۆی قوتاربکات،

بەڵكو لە خوێندنەوەی ئەواندا، ئەو چینە زیاتر بوونی خۆی بینیوەتەوە. نە وەک ئەوەی مۆرخانی ماركسیست ئەوانی بە نەیاری چینایەتی دادەنا نەخێر، مەبەستی سەرەكیی ئەوان بریتی بووە لە ئارامشو بەرەوپێشچوونی فەرەنسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا گروپە جۆراو جۆرەكان بۆ خزمەتكردن، بە تیۆرە ستەمكارەكانیان كەڵكی تەواویان لە روانینی چینایەتی هەریەک لەم سێ فەیلەسوفە مەزنە دیتۆتەوە[46].

رۆشنبیران لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیی كیشوەر و ناوچەی خۆیان، بە خوێندنەوە بۆ ژینگە و ژیانێک، كە تێیدان جۆری جیاجیای تایبەت بەخۆیان لە سیستەمی سیاسی خستووەتەروو، هەریەكەیان لەئاستی خۆیەوە ئەو تیۆرانەی خۆی بە كلیلی كردنەوەی دەرگا كلۆدراوەكانی رووی كۆمەڵگەكەی زانیوە. مۆنتیسكۆ لەم پێناوەدا دەستی گرتبوو بە داوێنی حكومەتێكی پادشایەتی دەستوورییەوەو لە نوسینەكانیدا ئەوی وەک شاكاری بەرێوەچوونی سیاسەتی خەونەكانی دەزانی. ئەو پێیوابوو دەبێت لەو حكومەتەدا دەسەڵاتەكانی لێكجودابن.

لەبەرامبەردا و لە زەمینەی دەسەڵات جوداییدا بیریشی لای خانەدانو ئەشرافەکان بوو، کە پێیوابوو دنیا دیدەییو بەهرەبەرداری ئەوان ئەوە دەخوازێت، کە ئەنجومەنی پیرانیان هەبێت. ئەو جۆرەتایبەتمەندییەکی بۆ چینی خانەدان بەو پێشنیازەی بەشێوەیەکی بەیاسا سنوردار بۆکراو هێشتبوویەوە، هاوکات ڤۆڵتێر لێنەوی بوو، ئەو بوونی سیاسەتی لە حکومەتێکی رۆشنگەری ستەمکاردا دەبینییەوە، هەرگیز بڕوای بە عەبای شێوە پیرۆز بۆ بەرتەنی دەوڵەت نەبوو. رۆسۆ رێگەی سێهەمی هەڵبژاردو پێیوابوو هێزی خەڵک دەبێت لە یاسای بنچینەییدا بالآبێت، بوونی خەڵک لە بەڵێننامەی کۆمەڵایەتیدا بڕیاری لەسەردەدرێت، کە چۆن سەرلەبەری سیاسەت ئاڕاستەدەکات.

بەڵێنی خەڵکی و یەکلابوونەوەیان لە هەڵبژاردنی کەسێکدا بۆ رێبەرایەتی، لە هەر ئەگەرێکی ستەم و بندەستکردنی خەڵکیدا لادان و دوورخستنەوەی دەبێتە شتێکی چاوڕوانکراو، نابێتە قۆرتێکی هەمیشەیی. لەم میانەدا جەختی تەواو لەسەر مۆنتیسکیۆ دەکەینەوە، تا بزانرێت لەسەردەمەکەی خۆیداو لە نێو رووداوەکانداو

لە ئەگەرەکانی روودانـی شۆڕش‌و دەوڵەتداریدا چی پێیەو چۆن رۆچووتـە نێو دامـەزراوەکـانی میرییەوە، چ چـارەسـەرێـکی پێیە بۆ رەوش‌و رەوگەی مرۆڤایەتی.

**وانە و وێناکانی ئێران و رۆم،**
**لە هزر و نوسینی مۆنتیسکیۆدا**

شـارل لوی دو سکوندا، بـارۆن دۆ لابەرد مۆنتیسکیۆ[47]، لە نزیک کۆشکی لابەرد[48] لە بۆردۆ لە (1689)دا[49] هاتووەتە دونیاوە. دایکیشی ماری فرانسوا دوپل، کۆشکی لابەردی وەک بەخششی وەختی زەواجی خۆی بەدیاریی دابوویە باوکی مۆنتیسکۆ، جاک دوسکوندا، ژان پاپتیست دوون سکوندا، کە مامەی مۆنتیسکۆ بوون، ئەو وەک سەرۆکی پەرلەمانی بۆدرۆ بوو، ئەو ناونیشانەی مۆنتیسکۆی بەخشییە برازاکەی، کە وەک میرات لە دوای ئەو بۆی بەجێمابوو، هەروەها هەر لەسەر راسپاردەو پێشنیازی مامی بوو، کە نێردرابوویە بەر خوێندنی وانەی یاسا لە قوتابخانەی ژوویی، کە وابەستەی کڵێسای ئۆراتۆریی بـوو. پاش تـەواوکـردنـی خوێندن لـە زانکۆکانی بـودرۆو

پاریس. ئیدی بە ناونیشانی راوێژکار لە پەرلەمانی بودرۆدا دەستبەکار بوو. دوواتر لە ساڵی 1715دا بەجان دۆلارتیک هاوسەرگیریی کردو ژیانی خێزانی پێکهێنا. ساڵێک پاشتر مەرگی مامی بووە هۆیەک، تا تەواوی ناونیشانی کارو نێو شۆرەتو نازناو و ماڵو موڵکی هەمووی بۆ ئەو بمێنێتەوە، واتە لە پەرلەمانی بردۆدا دەستبەکاربوون، لەو پێناوەشدا بۆ ماوەی دوازدە ساڵی رەبەق لەسەر ئەو ریَو شوێنەی مامی خۆیدا مایەوە. هاوکات دەستیدابوویە خوێندنی زانستە سروشتییەکانو لە بواری فیزیاو کاردانەوەی دەنگو هاوسەنگیدا، دانـراو گەلێکی خستبووەروو، بەڵام ئەوەی وەک پەرتوکێک بڵاویکردبێتەوەو ببێتە هۆی ئەوەی، کە نێو و شۆرەتی سنورەکان ببڕێت، بریتی بوو لە: یەکەم دانـراوی بە نـاوی نامە ئێرانییەکانەوە. ئەم پەرتوکەی 1721 نوسی و بەنێوێکی خوازراوەوە خستییەروو. ئەم پەرتوکە بریتییە لە شرۆڤەی گەشتکردنی دوو گەشتیاریی ئێرانی بۆ کیشوەری ئەوروپا، کە لە کۆی 161 نامەدا تانوپۆی سەفەرەکە خراوەتەروو. هەردوو گەشتیارە ئێرانییەکە نێویان بە ئۆزبەک و ریکا

هێنراوە، ڕێوشوێنی نامەکان وەک ناردنو وەڵامدانەوەی نامەکان کۆکراوەتەوە، کە لەنێوان ئەو دووانەو دۆستەکانیدا هاتووەتە ئاراوە. نامەکانی ئۆزبەکی وەک نوێنەرایەتی ئەخلاقی بیروباوەڕەکانی مۆنتیسکیۆ دێنە ناساندن، نامەکانی ریکایش نومایانی تەنزو سیحری کارەکانی مۆنتیسکیۆ. ئەم دووانە لە نامەکانیاندا رەوشی فەرەنساو دابو نەریتو تقوساتەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسییان نیشانداوە، تێیدا شرۆڤەو تاوتوێی ئەو قۆناغەیان کردووە بەتەواوی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کلتورییەوە. بۆنموونە لەو نامانەدا هاتووە، کە نەریتی پادشای فەرەنسا وەهایە، کە وەزیرەکانی دەورو خولی خۆی لەنێو نۆکەرەکانیدا هەڵدەبژێرێت. ئەم بابەتە نومایانی ئەو راستییەیە، کە لەوەختی بێداربوونەوەی پادشای چواردەدا خانەدانێک هەبوون، کە هێشتا لە دەورو خولیدا بونیان هەبووە. خانەدان بە گوێرەی مۆنتیسکۆ بە کەسێک دەوترێت، کە نزیک بە پاشانو لەتەک وەزیرەکاندا قسەدەکەنو کاری باشەدەکەنو دەبەخشن. ئەوان لە رەخنە بۆ لویسی چواردە دەنوسن. ئەوە زۆر بەرچاودەکەوێت،

کە پادشا لە خەمی غـرورو شکۆی خۆیداو لەتاو لەکەداربوونی شەرەفی خۆیدا جەنگەکان بەرپادەکاتو خەڵکان بندەستدەکات، ئەمە بەو واتایەیە، کە ئەو ساحیریکەو نامۆیەو بڕیاری رەهای لایە، بە قۆستنەوەی رۆحو خواستی خەڵکی جلەوی کۆمەڵگەی لەدەستدایە. ئەو ساحیریکە، کە وا لەخەڵکی دەکات، کە یەک یەکسانە بە دوو، بەو واتایەی گەر لە خەزێنەکەیدا زیاد لە یەک ملوێن سکە نەبووبێت، لە هەمانکاتدا ئاتاجی بە دوو ملیۆن بووبێت، ئەوا راستەوخۆ ئەرزشو بەهای پوڵی بەرزکردۆتەوە (مۆنتیسکیۆ،1320: 62). ئەم پەرتوکە لەبارەی زانکۆی سۆربۆنەوە شۆخییەکی زۆردەکـات، پێیوایە ئـەم زانکۆیە راستە لـەبـەرزۆری تەمەنەکەی دەبێت رێزی لێبگیرێت، بەڵام هێندە چووە بەساڵدا، زۆرجار تێکەڵی دەکـات، بۆخۆیشی نازانێت چ دەڵێت. هاوکات پاپا بە ساحیرێکی مەزنتر لە پادشا دێنێتە ناو بردن. دەڵێت لە فەرمانڕەوایدا دەسەڵاتدارێکی تر هەیە، کە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی نییە بە رۆحو بە ئیرادەی خۆی باڵادەستە بەسەر تەواوی دڵی مەسیحیانو دیانە ئەوروپییەکانەوە.

ئەو لە تاریکی و شەوەزەنگی شەودا دەوترێت خۆرێکە. دەڵێن بۆئەوەی رێگە لە هەناسەدانیان بگرێت، یاخود بیر لەوە نەکەنەوە، کە خویەک بگرن لەدەرەوەی فەرمانەکانی ئەوانەوە بێت، جار جارێک بڕیارو فەرمانێکی نوێ دەخاتە بەردەمیان‌و بەسەریاندا دەیانسەپێنێت. مۆنتیسکۆ بەم شێوەیەو لەنێو ناوەڕۆکی نامەکاندا، ئیدی زاتی دەستبردنی بۆ دەلویَ‌و لەبەرامبەر هەیمەنەی رۆحی‌و سیحریی کڵێسای کاتۆلیکی ئەو پەردەی ترسە دەشکێنێت، لەبەرامبەریاندا هزرو هۆشی خوێنەرانی دەجوڵێنێت. هاوکات لەبەرامبەر ململانێی دژواری نێوان کاتۆلیک‌و پرۆتستانەکان‌و ژنسنیست‌و هۆگۆنەکان هەڵوێست وەردەگرێت‌و نیگەرانییەکانی خۆی ناشارێتەوە[50]، چونکە مۆنتیسکۆ ئاینداریی بە سوپاس و ستایش بۆ بەخششەکانی خوداو خزمەتگوزاریی بۆ کۆمەڵگە لەقەڵەمدەدات.

ئەو پێیوایە خودا ئەوی بۆ ئەو مەبەستانە ناردووە، تا باری ناهەمواری کۆمەڵگەکەی بەم سەرنجانەی خوارێ رێکبکاتەوە: لەنێو خەڵکی فەرەنسادا سێ شت شیاوی باسن،

یەکەم رۆحانییەکان بە پۆشاکی تایبەتەوە، دووەم، گروپێک بە شمشێری جەلادەتدارەوە، سێهەم، گروپێکی نێو پێگەی دادوەریی، جگە لەم سێ گروپە، کە هەوڵیان لە کڵێسادا مژوڵی کاروباری مەزهەب بوون، دووەم گروپیان لە سەربازخانەکاندا سەرگەرمی مەشقو راهێنان بوون، سێهەمینیشیان لە دادگاکاندا پەیوەستی کارەکانیان بوون. ئیدی کاروبارەکانی تر هێند شیاوی باسو خواست نەبوون. نەبوونی یەکێتییەک لەنێوان چینە جوداکانی خەڵکیدا، هۆیەک بوو تا ئەم دەستەو پێڕانە، دەستەکانی دیکە بەکەم تەماشابکەن، هیچ بەهایەکیان بۆ دانەنێن. (مۆنتیسکۆ 1320: 112).

نامە ئێرانییەکان وەک نمایشگایەک وەهان، کە هەر ساتێک وێنەی مرۆڤێک لە چینێکدا وەک ئەوە وایە نەواخوێنێک بێتو لە پێش بینەرانیدا ئاواز بخوێنێت. ماڵیاتێک کە بە دزی و کاری ناڕەوا بووەتە سەروەتو گردبووەنەوە، ئەوا لە بواری ئەخلاقو ئەدەبدا، هیچی بەرنەکەوتووە، هەروەها دەڵێت» بابی رۆحانی ئەهلی سیانە، یاخود ریابازو شاعیرێکی پڕ سەرئێشەیە، وەک خانەنشینێک

دانیشتووەو لـەیـادەوەری خـەیاڵی فتوحاتەکانی گوزەشتەدایە. مۆنتیسکۆ لە نامە ئێرانییەکاندا، گەجەرو گوجەری پاریس بە بایەک رەخنەدەگرێت. خەڵکێک وا وێنادەکات، کە شارەکەی ئەوان نێوەند، یاخود سەنتەری جیهانە، لەنامەکاندا نوسەرانێکو رۆشنبیرانێک دێنەبەرباس، کە کاتەکانی نوسینیان لە قاوەخانەو بارەکاندا دەگوزەرێنن. هاوکات باس لە مەئمورانی میریو پیاوانی ئاسایش دەکات، بە خود سـەرو دەبەنگ دەیانچوێنێتو پێیوایە لە باشترینو دیارترینی چالاکییەکانی ئـەوان، رووکردنە کۆڕی میوانداریو بۆنەکانەو بوونی خۆیان لە رابـواردنو لەو نێوەندە تەرفیهیانەدا دەبیننەوە. ئەوان هیچ کارێکی تر بە گرنگتر لەوە نابینن، کە پێوەی مژوڵن. مۆنتیسکۆ بـەدەر لە نوسەرانی خودی پاریسو ئەوروپا باسی لەبارەی نوسەرانو پەرتوکەکانی ئەوسەردەمی ئێرانو رۆژهەڵاتکردووە، ئەوانیشی لە رەوشی خۆیاندا ناساندووە. هەموو ئەوانەی، کە بەرهەمەکانیان لە کتێبخانەکانی فەرەنسادا بوو، هێنراونەتە بەرباس، بە تایبەتی گەشتنامەکانی شـاردنو تاورنییەو وەرگێڕاوی هەزارو یەک شەوە. مۆنتیسکۆ لەمیانی

هەڵسەنگاندنەکانیدا ئـەوە دەخوێنرێتەوە، کە گەرەکی بووە سەرنجی ئێرانیو رۆژهەڵاتییەکان بخاتەروو. ئەو ویستوویەتی واپیشانبدات، کە خەڵکی فەرەنسا ئێرانییەکان بە ناشایستە دەزاننو نایانهێننە ئاستی خۆیان، هـەروەهـا ئەوەیش دەخاتەروو، کە فەرەنسا لە ئاستێکدا بووە، کە دابوونەریتی ئێرانییەکان لەلای سەیرو سەمەرە بووە، هەروەک چۆن ئەوانیش دەرەوەی خۆیان بەسەیرو سەمەرە زانیوە. مۆنتیسکۆ بەم کارەی توانی بناغەیەک بۆ نەزمێکی فراوانتر دابنێت، کە تێیدا مرۆڤەکان بە یاسا کۆبکاتەوە، ئەو ویستویەتی کلتورو فەرهەنگو دژو نەیارەکان بە بیروڕاو زمـانو رەنگی جـیـاوازەوە بهێنێتە ئاستێک، کە یاسا بەتایبەتمەندی خۆیانەوە ئارامیان بکاتو بەو سروشتەی کە تێیدا هەن رامیان بکات. مۆنتیسکۆ ساڵی (1732) کتێبێکی تری بەنێوی پەرستگەی قوبەوە نوسی، رۆمانێکی ئەویندارانەو عاشقانە بوو، بە چەند بابەتێکی نا مۆراڵییەوە[51]. لەهەمان ساڵدا بە ئەندامێتی ئەکادیمیای فەرەنسا هەڵبژێردرا، بەڵام مەرجی هەڵبژاردنی وەک ئەندام لەو ئەکادیمییەدا ئەوە بوو، کە لە پاریسدا بمێنێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی

ئەو نەیدەتوانی ئەو مەرجانە جێبەجێبکات، ئیدی هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشێنرایەوە. هەرچەندە مۆنتیسکۆ فرە تامەزرۆی ژیانکردن بوو لە پاریسدا، بەڵام بەتەواوی زەمینەی بۆ نەدەڕەخسا، لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵی فرەی دەدا، ئەوەبوو دەستبەرداری کاری پەرلەمانتاریی خۆی بوو لە بردۆ دا، واتە پیشەکەی خۆی فرۆشت، ئیدی بۆساڵی دواتر نیوەی ساڵێک لە پاریسدا دەمایەوەو نیمەکەی تری لە لابێردا دەگوزەراند. ئەو لەپاریسدا تێکەڵ بە پیڕی ئەدیبانو نوسەرانو یانە فەرهەنگییەکان بوو، لەوانە نێوەندی ئەدەبی هۆتێل سۆبیز[52]، هەروەها لە گلۆپی ئینتەرسولو دانیشتنە هەفتەییەکانی ئەنجومەنی ئەدەبی مادام دۆلامبەر[53] هاموشۆی گەرمو گوڕی هەبوو. یەکێک لەبەرهەمەکانی بەنێوی گفتوگۆی سیلاو ئۆکراتە، کە لە باشگای ئینتەر سویل دەخوێنرا[54]. ئەو لە ئەکادیمیادا هەمیشە لە پەیوەندیکردنو نزیکبوونەوەدا بوو، لەتەک خەڵکی رۆشنبیرو خانەدانەکانی پاریسو لەتەک بۆرژواکانو چینە باڵاکاندا ئاشنایەتی بەهێزی پێکەوەنا. ئەو هێند کورتبینو نالۆژیکی نەبوو، کە ئاگای لە بزاوتی

بەهێزی وردە بۆرژواو رەوشی چینەکانی تر نەبێت، چونکە ئایندەی فەلسەفەو سیاسیی ئەو رێگەی بەو نەدەدا لە بۆتەی حەزو خولیای تویژێکدا قەتیس بمێنێت، دواجار لە (1728) دا کرایە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا. پاش ماوەیەک، کە بە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە قبوولکرا، ئیدی کەڵکەڵەی سەفەرو گەشتێکی فراوان لەسەریدا. ئەو خواستی ئەوەی هەبوو، چەند وڵاتێکی ئەوروپی بەسەربکاتەوە، لەونێوەندەدا بە شێوەی مەیدانی ئاشنابێت بە رەهەندە هزریو سیاسیو رژێمییەکانی ئەوێ، دەیەویست زێدەتر تینو تاوی نوسینو لێکۆڵینەوەکانی زانستی بن. ئەو دەیەویست مرۆڤەکانو سیستەمەکانو ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بخوێنێتەوەو پەیجوریان بێت. ئەوەبوو روویکردە پروسیاو نەمساو هەنگاریا. هاوکات دەوڵەتە شارییەکانی ئیتاڵیاو سویدو هۆڵەندای بەسەرکردەوە، لەوێدا لەنزیکەوە ئاشنابوو بە رەوشو رەونەقی ژیان. دوواجار لۆرد چێستەر فێڵد بانگهێشتیکرد بۆ ئینگلستان، ئیدی بۆ ماوەی ساڵو نیوێک لەوێندەر مایەوە. لە بەریتانیادا زێدەتر کەوتە ژێر کاریگەریی

پێگەی خانەدان‌و ئەشرافەکانی ئەوێوەو بە خاندانە هاوشانەکانی خۆی هامو شۆو کۆنتاکتی دامەزراند. تەنانەت لە دانیشتنەکانی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل‌و ئەنجومەنی پیران بەشداریدەکردو ئاشنایانکرد بە شای ئەوکات. تەنانەت کرا بە ئەندامێتی ئەنجومەنی پاشایەتی. ئەوەی کە مۆنتیسکۆ لە ئینگلستان بینی ئەوی هۆشیارکردەوە، کە لە نێو چوارچێوەی خانەدانەکاندا دەسەڵاتێک دەبێت هەبێت بۆ سەرو وارکردنی وان‌و راستکردنەوەیان، ئەم تێزە لە مێشکیدا گەڵاڵەبوو، کاری لەسەر کرا، ئیدی هەمیشە ئەوانی بەتایبەت‌و جودا تەماشادەکرد، بەبوونیشیان ئاتاجی کۆمەڵگەی بۆ دیوە جوانەکانیان دەهێنایە پێش باس55. هاوکات لە دامەزراوە سیاسییەکان‌و بونیادی یاسای بنچینەیی بەریتانیادا لێکۆڵینەوەی وردی کردو بەوردی هەڵیسەنگاند. هاوکات لێکجوودایی دەسەڵاتەکانی ئەوێی، وەک پاڵنەری پێشنیازو تیۆرە سیاسییەکانی خۆی کەڵک لێوەرگرت‌و کردنییە بنەمای کاری داهاتووی‌و لەهێزو هێماکانی ئەوانەوە تیۆرەکانی خۆی دواتر دارشت. ئەوەبوو

ساڵی (1731) بۆ هەمیشە گەڕایەوە بۆ فەرەنساو ئیدی تەواوی کاتەکانی تەمەنی خۆی لە کۆشکی (لابەرد) بەسەربردو کاتەکانیشی تەرخانکردن بۆ نوسینو خوێندنەوە. دیارە گەشتەکەی بۆ ئیتاڵیا شەوق و شۆڕێکی وەهای پێدابوو، کە ئیدی لە بواری ئەدەبی ڕۆمانو یۆنانی کۆندا فەرامۆشنەکات. بەدەر لەوەیش خوێندنەوەی بونیادی رابردوو شارستانییەتی ڕۆم وەهای لێکرد، کە پاش سێ ساڵ لە گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆیو کیشوەرەکەی خۆی فەرەنسا، پێش هەموو شتێک دەستبداتە نوسینی لێکۆڵینەوەیەکی جدیو قووڵ لەسەر رمانی کۆن. دواجار (1734) پەرتوکێکی لەوبارەوە بڵاوکردەوە بەنێونیشانی تێبینی گەلێک لەبارەی هۆیەکانی بەهێزبوونو شکستی ڕۆمای کۆن. ئەو بەپێچەوانەی بوسوئەوە لە پەرتوکەکەیدا تیۆرێکی دی خستبووەروو، کە تێیدا فاکتەری لۆژیکیو زانستی لە رووخانو بەهێزبوونی دەسەڵاتەکاندا خستبووەروو، بەڵام بوسوئە بەرقەراربوونو لەنێوبردنی ڕۆمانی وابەستەکردبوو بە خواستێکی خواییەوە، شوێنێکی بۆ لۆژیکو دەستی مرۆڤ نەهێشتبوویەوە.

مۆنتیسکۆ بەوردی پەیجوری هۆکارە سروشتیو لۆژیکییەکانبووەو پێیوایە هیچ رووداوێک بەرێگەی سوتفەو لەناکاو روونـاداتو هەموو جموجوڵو گۆڕانکاریەک پێویستە زەمینەیەکی پێشوەختەی بۆ سازبکرێت. مۆنتیسکۆ بۆخۆی دەڵێت» کە هەوانتەییو سوتفە لـە کاردانییە، بۆئەوەیش پێویستە لە رۆمانییەکان بپرسن، چونکە ئەوان تاکاتێک بەرنامەی فەرمانڕەواییان هەبوو بەباشی سەرکەوتووبوون، بەڵام وەختێک بەرنامەی تری دوور لە حوکمرانییان هەبوو، ئیدی بینرا چۆن بەرەو رووخان چوون.

ئەو باوەڕی وابوو، کە رۆمییەکان لە سەرەتاوە دوو نەزمی رامیارییان پەیڕەودەکرد، لە بواری نـاوخـۆدا ئـارامـش و ئاسایش بۆ هـاوولاتـیـان لە بواری دەرەکیدا جەنگو داگیرکاریو سەرکەوتن. پاش ئەوەی لە هەشت باسی هەوەڵی کتێبەکەیدا، هۆیەکانی مەزنیو سەرکەشیو بەهێزی رۆمەکانی خستبووەروو. ئیدی لە باسی نۆهەمدا بە هۆیەکانی شکستو بەرەولەنێوچوونو ئاوابوونی رۆمەکان دەگـاتو بـەوردی شرۆڤەیان دەکـات. ئەو دەڵێت» دامـەزرێـنـەرانـی کـۆمـاری رۆم، زەوییـەکـانـیـان

لەنێو خۆدا لەنێو خەڵکیدا بەشێوەیەکی یەکسان دابەشدەکرد»، دروست ئەوە هۆکارێک بوو، کە رۆمەکان بە هۆی خەڵکییەوە گەیشتنە لوتکەو شکۆو شیاوی بەرزی بوون. هاوکات خەڵک بوونە بناغەی بەهێزی کیشوەرەکەو ئەرتەشیش لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، هەر ئەمە بوو، کە بەرژەوەندی گشتی لە کیشوەرەکەدا فەراهەم هات، چونکە هەمووان دارای زەوی‌و زاربوون، بەڵام وەختێ ئەم تایبەتمەندییە بەرە بەرە لەدەستدرا، ئیدی بەرە بەرە پایەکانی کیشوەر کرمۆڵبوون‌و ئەوەی، کە ئێستە دەیبینین چۆن باس لە رابردوویەکی ئاوابوو دەکەین.

چونکە هەر کۆمەڵگە و گەلێک بە هۆی کار و بە هۆی لەخۆ ڕابینین و هێزی سەرۆک و سەرکردە باڵاکانەوە بناغەکەی دادەڕێژرێت. ئەگەر ئەو سەرۆک گەل‌و دەسەڵاتدارانە، بە شێوەیەکی پتەو بناغەکە دابڕێژن، ئەوە شتێکی بەدیهییە، کە لەنێو ئەو گەلانەدا پیاوانی مەزن دروستدەبن. یەکێک لە هۆیەکانی بەرزی‌و مەزنی رۆم ئەوە بوو، کە زۆرترینی سەرکردەکانی کەسانی لێوەشاوەو بەهێزبوون‌و خەڵکانی تر لەسەردەستی ئەوان لەنێو کۆمەڵگەکەدا بە مەزنی و بە لێهاتوویی پەوەردە

دەکـران (مۆنتیسکۆ، 1345: 12). مۆنتیسکۆ هۆکاری سەرەکی سەرکەوتوویی ئەرتەشی رۆم دەگەڕێنێتەوە بۆ: سەربازانی رۆمی لە خەڵکانی پلە یەکو لە چینەکانی باڵای گەلەوە پێکدەهێنران. نەوەکو لە چینەکانی خوارێ. مۆنتیسکۆ هەرگیز ئەوە بەراست نازانێت، کە جەنگی چینایەتی هۆکار بووبێت بۆ شکستی رۆمەکان. ئەو پێیوابوو کە نەیارێتی خانەدانەکانو خەڵکیی بە گشتی نیشانەی سەلامەتی کۆمەڵگەکەبوو، پێویستە بەردەوام ئەو جیاوازییانەو ئەو ناکۆکیانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەبێت.

دیارە ئەم بۆچوونانە بیری مۆنتیسکۆ فراوانتر لە رۆمـان و چیرۆک و ئەدەبیات نیشاندەدات، زیاتر وابەستەی دەکـات بە بیرێکی فەلسەفی قـووڵـەوە. دیـارە ئەگەرچی نامە ئێرانییەکان بایەخی فەلسەفی و سیاسی خۆیان هەبوو، بەڵام سەرنجەکانی گیانی فەلسەفی مۆنتیسکۆیان بـەرزتـر نومـایـاندەکرد. لـەلایـەکی تـرەوە ئەم کتێبە ئەو بایەخەی هەیە، کە رێگەی نوسینی مۆنتیسکیۆی بۆ کتێبی داهـاتـووی کـە گیانی یاساکان بوو ئێجگار دژوارو سەخترکرد. دیارە

هەمان کتێبی رۆمەکان دیسانەوە لە نێو گیانی یاساکاندا شوێنیان کـراوەتـەوەو مۆنتیسکۆ پێداگریی لەسەر ناوەڕۆکەکەی کـردووەتـەوە، هاوکات هەموو ئەوانە گەلاڵەی رۆحی یاساکان بـوون، چونکە نـاوەڕۆکـی کتێبی رۆمـەکـان پێماندەڵێت، کە دامەزراوەی رۆمەکان بالاتربوو لەو دیوە جوانانەی، کە خەڵکی رۆم هەیان بوو، بەکورتی مۆنتیسکۆ پێیوایە، کە دامەزراوەکانن دەتوانن مرۆڤی باش‌و پێشکەوتوو بەرهەمبهێنن‌و نەتەوە ئاڕاستەبکەن، هەربۆیە یاسا بە بناغەی کاری بەرزدەزانێت‌و نەزمی یاسا بە دروستکەری مێژوو لێکدەداتەوە. مۆنتیسکۆ لە کتێبی مەزنی‌و شکستی رۆمەکاندا، ویستی وانەیەک بە خەڵکی فەرەنسا نیشانبدات‌و ئەزموونی رۆمـەکـان لە نەزمی دەوڵەتداریدا، لە هۆیەکانی سەرکەوتندا بە فەرەنسییەکان بفرۆشێت‌و هۆشیان بێنێتەوە بەر، دامەزراوەکانی میریی بچوێنێت بە دامەزراوەکانی فەرەنسا، بەلام لە کتێبی رۆحی یاساکاندا بۆ سەربڵندیی فەرەنسییەکان، رابردووی رۆمەکانی نەکردە پێوەرو ئەزموونێکی بندەست‌و نزیکی کردە وانەیەک، کە نەزمی سیاسی ئینگلیزەکان

بوو. ئەوەبوو مۆنتیسکۆ لەساڵی (1748) دا بەرزترین‌و گرنگترین شاکاری خۆی بەنێوی رۆحی یاساکان لە جنێفداو بەنێوێکی خوازراوەوە بڵاوکردەوە. مۆنتیسکۆ بەوتەی خۆی بیست ساڵی رەبەق خەریکی ئەو پەرتوکەی بووەو ئامادەسازی بۆ کردووە[56]. ئەگەرچی دۆستەکانی ئامۆژگارییانکرد، کە ئەو کتێبەی بڵاونەکاتەوە، لەوانە هلۆسیۆس ئەو راستییەی پێوتبوو، چونکە میتۆدی میانڕەویی ئەوی لە پرسە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا بە توندڕەوییە سیاسییەکانی خۆی بە نەگونجاو ناتەبا دەزانی. پاش بڵاوبوونەوەی گیانی یاساکان بەهۆی نوێیەتی و زیندوویەتی بابەتەکانی ناوی هەنگاوی سەرکەوتنی نا، هەر بۆیە لەماوەی تەنها ساڵ‌و نیوێکدا پەرتوکەکە 22 جار چاپکرایەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا وەرگێڕدرایە سەر زۆربەی هەرە زۆریی زمانە گرنگە ئەورپییەکان. ئەگەرچی لەهەوڵەوە ڤۆڵتێر ئاماژەی بەوەدابوو کە: جۆری مرۆڤ، پێگەی خۆی لەدەستدابوو، مۆنتیسکۆ هات، ئەوی نوێکردەوەو گەڕاندییەوە سەر پێگە رەسەنەکەی خۆی(ڤۆڵتێر،1337: 32)[57]، بەڵام

پاش ماوەیەکی تر، ڤۆڵتێر پەرژایە سەر هەڵەکانی نێو گیانی یاساکان. پیاوانی کڵێسا مۆنتیسکۆیان بە لایەنگرو هەواداری ئەسپینۆزای بێ باوەڕو کافر تۆمەتبارکرد. هەندێکی تر لەوانە هلۆسیۆس، لەبەرئەوەی مۆنتیسکۆ لەوانەبوو، کە ستایشی خانەدانەکانی دەکرد لەنێو سیستەمی سیاسیداو پێگەی ئەوانی بە کارا دەبینی. ئەو مۆنتیسکۆی بە مافناسێکی نەجیبزادە دەبینی، کە ناوبژییەکانی خۆی لەپێناو چینەکەی خۆیدا پاراستووە، ئەوەیش سەرچاوەی تەواوی هەڵەکانییەتی. بەهەرحاڵ کتێبەکە پێشوازییەکی ئێجگار مەزنی لێوە کرا[58]. مۆنتیسکۆ بۆ بەرگریکردن لە پەرتوکەکەی‌و بۆ وەڵامدانەوەی کۆی رەخنەکان لە ساڵی (1750) دا کتێبێکی بەنێوی بەرگریی لە گیانی یاساکان نوسیی[59]. هاوشانی وەڵامی رەخنەکان لە کتێبەکەدا تیۆرگەلێکی لەبارەی شێوەی رەخنە نوسییەوە خستبووە روو، تاوەکو ئەوانەی دوای خۆی نەزمی رەخنە لەلایان بە شێوەیەک بێت، کە لە چوارچێوەی میتۆدێکی دیاریکراودا بێت‌و بێ سەرەو بەرەیی‌و هێرشکردن‌و یەکتر تۆمەتبارکردن بەشێوەیەکی هەوانتە

نەبێت. مۆنتیسکۆ لە هەمانسالّدا، گفتوگۆیەکی لەبارەی ستەمکارییەوە نوسیو سالّی (1754) بلاّوکرایەوە[60]. تا دواجار لە (1755)دا لە کۆشکی لابەردا بۆ دوواجار مالّئاوایی لە ژیانکرد.

جی لانسۆن پۆلێنبەندییەکی تایبەتی بۆ گیانی یاساکان کردووە، کە بە کۆکراوەیی دێتە بەرچاو:

بەشی یەکەم: تەواوی پەرتوکەکانی سەرەتا، تاوەکو 13 دەربارەی دەولّەت و ئەرکە گشتییەکان و بناغەی دەولّەت.

بەشی دووەم: کتێبەکانی 14 تا 19 دەربارەی چەمکی دەوروبەر. دەوروبەرو ژینگەی جوگرافیاییو دەولّەتن، هەروەها ئاو و هەواو کاریگەرییەکانی لەسەر دەولّەت.

بەشی سێهەم: تەواوی کتێبەکانی 20 تا 25 لەبارەی ئایین و ئابوورییەوە.

بەشی چوارەم: کتێبی 27 تا 28 و 33 دەربارەی بابەتگەلێکی پەرتەوازەو لێک جودا.

بەشی پێنجەم: 26 تا 29 دەربارەی تیۆرەکانی مافو یاسا دارِشتن.

دیارە کتێبەکە بۆخۆی کراوە بە دوو بەشەوە و وادەرناکەوێت بەجیا نوسرابێت و هەمووی

پێکەوە نوسراوەو دواتر کەسانی دی پۆلێنیان کردبوون.

لەسەرەتاوە تیۆرەکانی نوسەر دەربارەی ئەخلاق و ئاداب و نەریتەکان شرۆڤەکراون، هاوکات لەبارەی مەزهەب و دەوڵەتەوە، بۆچوون و وردەکاری خراوەتەروو، ئەوان لەسەرەتاوە لە بەشی دووەمدا زیاتر پەیجوریو لێکۆڵینەوەی نوسەرە لەبارەی مێژووی بابەتەکانی سەرێ، چونکە ئەو لەبارەی هەر تیۆرێکەوە، کە خستویەتییەڕوو شاهیدێکی مێژووی هێناوەتەوە، یاخود بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ هەر یەک لە تیۆرەکانی هەیە. بەکورتی کتێبەکە زۆر جدییەو زۆر بەبەرنامەو وردەکاری تێکراوەو تێکرای تیۆرەکان جەخت لەسەر گەڵاڵەکردنی سیستەمێکی سیاسیین بۆ کۆمەڵگە.

**یاسا**

نوسەر لە پێشەکیی بەرهەمەکەیدا، داوایەک لە خوێنەرانی دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی و بۆ کۆی بەرهەمەکە داوەریی بکەن و تەنیا بەشێکی نەگرن و پەسەندیبکەن، یاخود رەتیبکەنەوە،

چونکە لە بەشێکدا تۆ ناتوانی خوێندنەوە بۆ کۆی نوسەرو خەیاڵو مەبەستی نوسەر بدرکێنێت. هەروەک چۆن لە نێونیشانی بابەتو پەرتوکەکەوە دەردەکەوێت، کتێبەکە بەتانو پۆی قانونو یاسادا رۆچووەو لەبارەی یاساوەیە. مۆنتیسکۆی رێژەگەرا لە پێناسەی یاسادا دەڵێت: پاسا بەو واتایەدێت، کە دەربڕی پەیوەندییە پێویستەکانو کاریگەرییو دەرهاویشتە راستەوخۆکانە، کە لەسروشتی هەبووەکاندا فەراهەمهاتوون. بەم واتایە تەواوی بوونەکان بۆخۆیان یاساو رێسا گەلێکیان هەیە. لەوانە خودایەتی، عەقڵی مرۆڤە بالاکان، دنیای مادیی، مرۆڤو گیانلەبەران هەریەکەیان بۆخۆیان یاسایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە سروشتی ئەو شتانەوە بەرهەمهاتووەو بەو یاسایانەیش ژیان بەرێوەدەبەن (مۆنتیسکۆ 1370، 175).

پاش پێناسەی یاسا و باوەڕبوون بەوەی، کە یاسای سروشتی لە هەموو کاروبارەکاندا لە شتەکانی دەوروبەرییەوە لە بێگیانەکانەوە هەڵدەگۆزێت، تا مۆڤ بتوانێت بە نەزمێکی ئاساییو سروشتی بەردەوامبێت. ئەو باوەڕیوایە،

کە مرۆڤی باڵادەستو خانەدان یاسای سروشت، یاخود مافی سروشتی دەهێنێتەبوون و هاوکات یاسایەکی دیکە هەیە، کە دروستکراوەو دانراوی دەستی مرۆڤە، کە بەشێوەیەکی سروشتی بە گوێرەی کاتو شوێنەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. یاسای دانراوی مرۆڤ لە تێڕوانینی مۆنتیسکۆدا، وەک جۆرە گژوگیایەک وەهایە، کەلەلایەنە جوداکانەوە و لەشوێنە جیاوازەکانەوە شێوەو شکڵی جیا جیای لێ سەوز دەبێت، چونکە ئەو گیایە لە ژینگە جیاوازەکانەوە جیاواز سەردەردێنێتو ناکرێت، تەنها یەک جۆر یاسا لە هەموو شوێنەکان بەرهەمبهێنرێت، هەربۆیە لە ئاکامدا دامەزراوەی جیاواز دێتەبوون، کە جیاوازن لە دامەزراوەو نەزمی یاسا لە شوێنێکەوە، یان لە کاتێکەوە بۆ شوێنو کاتێکی تر. لێرەدا تێڕوانینی مۆنتیسکۆ لەتەک تەواوی فەیلەسوفە رەهاگەراکان جیاوازە، کە پێیانوایە یەک پەرتوکو یەک یاساو یەک رێسا بۆ هەموو مرۆڤەکان لە زەمانو شوێنە جیاوازەکاندا دەکرێت بوونی هەبێت، دیارە ئەم بۆچوونە لەتەک بۆچوونی مۆنتیسکۆدا جیاوازی هەیە. بە

تێڕوانینی ئەو لەبەرئەوەی، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادو بە هەستە، بە پێچەوانەی بوونەوەرانی دی، ڕەفتارەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرانی دی نییەو ڕەفتارەکانی مرۆڤ هاوتای یاساکانی سروشت نییە، لەبەرئەوە پێویستە بە یاسا دانراوەکان‌و دروستکراوەکانی دەستی خۆی ڕەفتارەکانی کۆنترۆڵبکرێن. لەلای مۆنتیسکۆ ڕەفتارەکانی بە یاسا هەوساردەکرێن‌و یاسایش پێویستە مرۆڤە بەبەهرەو سەردەستەکان دایبنێن، ئەو پێیوایە یاسا دانراوەکان بەسەر سێ بەشدا دابەشدەبن.

مـرۆڤ هـەر سـاتـێـک لـە سـاتـەکـان بۆی هەیە دروستـکـراوی خـۆی لـەیادبکات. ئـەرێ بوونەوەرێکی لەم جۆرە هەر ساتێک بۆی هەیە دروستکەرەکەی فەرامۆشبکات، هەر ئەو مرۆڤە دەکرێت ئەوانی دیش فەرامۆشبکات. هەر بەهۆی ئـەم ئـەتـوارەی مـرۆڤـەوەیـە، کـە خـوداوەنـد لە ڕێگەی مەزهەب‌و ڕێکارە ئایینییەکانەوە دەیەوێت بە یاسای خۆی، یان یاسای ئاسمانی مرۆڤ جڵەوگیر بکات‌و هـەوساری نـەزم‌و ڕێساکانی سروشتی بکات. فەیلەسوفان‌و زانایان بەرێگەو ئـامـڕازی یاسا ئەخلاقییەکان، مـرۆڤ بۆ لای

خۆی ئاراستەدەکەنەوە، تاوەکو خۆی فەرامۆش نەکاتو لەتاوانەکانی ببوێرێتو نەکەوێتە دامەنی گومڕاییەوە. یاسا داڕێژەرانیش بە ئامڕازو چەکی یاسا سیاسییەکانو مەدەنییەکان، وا لە مرۆڤ دەکەن، کە لە ئەرکەکانی خۆیدا پەیوەست بێت بە پەیوەندی بەوانی ترەوە و ئاشنابێت بە رێسایەک، کە تاکێک وابەستە بکات بە تاکێکی تـرەوە ( مۆنتیسکۆ .1370: 1178).

نوسینەوەی، یان داڕشتنی یاسا دانـراو و دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ، بە شێوەیەکی بنچینەیی سەر بە دوو شتن، هەوڵیان خوێندنەوە و شـرۆڤـەی لایـەنـە فـەرهـەنگی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە کیشوەرێکی دیاریکراودا، بەتێبینیو رەچاوکردنی ئەوەی ئەو یاسایانە، کە دەنوسرێن لەتەک مەزاجو نیازو سروشتی خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیەدا دێتەوەو هاوتایە، نەک نامۆو نا ئاسایی بن. ئایا یاسایەک کە یاسادانەر مژوڵی دانانی ئەوە، تاچەند لەتەک رۆحو سەلیقەو تواناو ئارەزووی خەڵکیدا یەک دەگرێتەوە؟ ئەم رۆحـی گشتییە مەبەست لێی مـەزهـەبو ئـاو و هـەواو یاسا مەوجودەکانەو

دروست مەبەست لە نەریتو رسومو ئەخلاقی باوی کۆمەڵگەیە. دیاریکردنی گونجاوی جۆری یاسا بەم ئەتوارو تایبەتمەندییانە، دروست پەیوەستە بە یاسادانەرەوە، کە دەبێت رەچاویان بکات. مۆنتیسکۆ لەم پێشەکییەدا دەرهاویشتەیەکی وەها دەدات بەدەستەوە، کە یاسا وەختێک لەلایەن لایەنێکی باڵادەستەوە پێشنیاز کرابێت، هاوکات یاسای کۆمەڵگەیەک پێکبهێنێت، ئەوا دەکرێت، یاخود دوور نییە ئەو یاسایە تەندروستو دروست نەبێت. دیارە بەڕێوەچوونی یاسایەک مانای تەندروستیو دروستی ئەو یاسایە نییە. ئەو لەنێوان یاسای بەڕێوەچوو[61] لەتەک یاسای دروستدا جیاوازی دەکات[62].

لە تێڕوانینی دانەری گیانی یاساکاندا، یاسای دانراو، یان یاسای داڕێژراوی دەستی مرۆڤ بریتییە لەو یاسایەی سەرەڕای خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، یاسایەکی دروست و رەوایش بێت. ئیدی ئەوە پێیدەوترێت یاسای چاک. دیارە مەبەستی ئەوەیە یاسایەک بێت بە گیانی گشتیو سروشت هەماهەنگی هەبێتو بەشێوەیەکی گشتی لەتەک رۆحی خەڵکدا یەکبگرێتەوە.

ئەو پێیوایە لەبەرئەوەی سازان و ئاشتی هەوەڵین یاسای سروشتییە، کەواتە گەر بمانەوێت لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دەستکردیش دابڕێژین، ئەوا ئامانجی یاسادانەر، پێویستە دابینکردنی ئاسایش‌و لەدووی ئەو دابینکردنەیش دەبێت پەیجوری ئازادی بێت. ئەو دەڵێت» هیچ وشەیەک هێندەی وشەی ئازادی زیهنەکانی نەخستووەتە بەر سەرنج، و هیچ وشەیەکیش وەک وشەی ئازادی مانای جیاواز نادات بەدەستەوە. ئایا ئاماژەیە بەوەی، کە هەرکارێک یاسا رێگە دەدات، مرۆڤ بتوانێت بیکات‌و هەرکارێکیش یاسا قەدەغەی کردووەو لەبەرژەوەندی ئەودا نییە ناچارنەکرێت، کە ئەنجامیبدات. لەم میانەدا گەر مرۆڤ لە کارێکدا تێوەگلا، کە یاسا قەدەغەی کردبێت، ئەوا لەم کاتەدا ئازادی بوونی نییە. ئەمەیە مانای سەربەخۆیی‌و ئازادی، کە پێویستە لە مێشکی مرۆڤەکاندا بچەسپێنرێت (مۆنتیسکۆ،1370: 393 و 394). لەئێستادا دەتوانین مەبەستی مۆنتیسکۆ لە گیانی یاساکاندا بە ئامانجگرتنی ئامانجی ئەو لە ئازادیدا تێبگەین، کە دیسانەوە دەڵێت» مەبەستی ئەو بەدەر نییە لەوەی، کە بە

لەبەرچاوگرتنی ئەزموونو شوناسی نەتەوەکانو رۆحی نەتەوە، دەتوانرێت پرەنسیپەکانی مرۆڤ لە ئازادیدا شوێنیان بکرێتەوە، هاوکات ماناو مەدلولی تەواو بە ئازادی بدرێت، بەجۆرێک تەواوی شرۆڤە جیاوازەکانیشی دوواجار بچنەوە سەر چەمکی راستەقینەی مرۆڤ، کە ئازادی بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشتی خۆی[63].

ئەو بە روونی دەڵێت «دەکرێت نەتەوە جیاوازەکان، بە رێگەی جیاجیا دەستیان بە ئازادی راستەقینەبگات». لەراستیدا بۆ مۆنتیسکۆ پرسی سەرەکی ئەوەیە، کە هەموو سیاسەت داڕێژەران ئاگاداربکاتەوە، کە یاسا دەبێت وابەستەبێت بە خواستی خەڵکییەوەو رۆحی نەتەوەیی تێدا رەچاوبکرێتو خۆشگوزەرانی، کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا یەکدەگرێتەوە لە مەفهومی یاسادا بوونی هەبێت.

### جۆرەکانی سیستەمی سیاسی

بەگوێرەی مۆنتیسکۆ یاسای بنچینەیی، لەنێو هەموو وڵاتەکانی جیهاندا، نە تەنها وابەستەیە بە ئاو و هەوا و دابونەریت و تقوس

و مەزهەب و تایبەتمەندیی ناوچەکانەوە، بەڵکو جۆری سیستەمە سیاسییەکانیش لە دامەزراوە جیاکانی دەوڵەتدا بە هەمان رادە وابەستەیە بەو تایبەتمەنیانەی سەرەوە. لە هەر سەرزەمینێک باشترین سیستەمی سیاسی ئەوەیە، کە باشترین روویەکی هەبێت بۆ لەپێشچاوگرتنی سروشتو سیمای تایبەتمەندییەکانی ئەو خەڵکەی، کە سیستەمە سیاسییەکە تێیدا بەرقەرارە، لەبەرئەوە دامەزراوەکانی هەر کیشوەرێک لە سیستەمی سیاسیدا، دەبێت لەتەک تایبەتمەندییەکان سازگار بن، دەبێت لەرووی پیشەی خەڵکییەوە هاو تابێت، ئایا شکارچین، یان جوتیار، یان کیشوەرێکی بازرگانیین، واتە دەبێت سیستەمە سیاسییەکە هەڵقوڵاوی نەزمی پیشەو جۆری کاری خەڵکی بێت، دەبێت سیستەمی سیاسی رەچاوی ئەوە بکات، ئایا ئەو جوگرافیایەی کە تێیدا بەرگوزراری یاسا دەکات، تا چ رادەیەک لە رووی کەشو هەواوە، مام ناوەندە، یاخود گەرمەسێرە، یان کوێستانو بەستەڵەکە، یان کیشوەرەکە لەرووی تۆپۆگرافییەوە چۆنە بیابانە، یان شاخ یاخود دارستان. ئایا ئەو کیشورە سەرچاوە سروشتییەکانی کامانەن،

ئایا کیشوەرێکی بەرینە، یان گچکەو چەپەکە، هەموو ئەمانە بەگوێرەی نەزمی کەشوهەوا، یان یاساو سیستەمی سیاسی جودا دەخوازن، لەوە زیاتر دەبێت رەچاوی ئەوەبکرێت، کە مەزهەبو سوونەتی خەڵکی چییەو دابـبو نەریتەکان، لە کوێی مومارەسەو پەیڕەوکردندان، ئاخۆ خەڵکێکی لۆژیکین، یـان عاتفین، ئایا ئاستی هۆشیاری لەکوێدایە، دەگونجێ لەتەک ئەو بەندە یاسایی‌و سیاسیانەی، کە دامەزراوەکان گەرەکیانە لەخەڵکی بـخـوازن. ئـەم خاڵە خاڵێکی گرنگەو مۆنتیسکۆ یەکەم کەسە، کە بەجدی درێژدادڕی لەسەپاندنی رەچـاوکـردنـی تـایـبـەتـمـەندییـەکـاندا کـردووە (مۆنتیسکۆ، 1370: 182).

**دیموکراتیک**
**کۆماریی ئەرستۆکراتی مامناوەند**
**جۆرەکانی حکومەتە پادشاییەکان**
**دیکتاتۆرییەتی توندڕەو**

پۆلێنبەندی سەرەوە پۆلێنبەندییەکی گشتییە، کە لەمیانی ئەواندا کاریگەرییەکان رۆشن دەبێتەوە.

مۆنتیسکۆ بە پێناسەی سێ جۆری حکومەت، کە لە گیانی یاساکاندا لێکۆڵینەوەی کردووە. ئەوانیش بریتیین لە حکومەتی کۆماری[64]، حکومەتی پادشایەتی[65]، حکومەتی ستەمکاریی[66].

حکومەتی کۆماری حکومەتێکە، کە تەواوی نەتەوە، یاخود بەشێکی نەتەوە و گەل کاروبارەکانی حکومەتیان بەدەستەوەیە. حکومەتی پادشایەتیش حکومەتێکە، کە تەنها کەسێک حکومەتداریی دەکات، بەڵام بە ئامراز و لە ژێر دەسەڵاتی یاسایەکی جێگیرو دیاریکراودا. حکومەتی ستەمکاری حکومەتێکە، کە یەک نەفەر بەتەنها فەرمانڕەوایەتی دەکات. فەرمانڕەوایی ئەم کەسە بەبێ هیچ بنەمایەکو بەبێ هیچ ڕێسایەکی دیاریکراوەو هەموو شتەکان بە گوێرەی هەواو ئارەزووی خۆیو بەگوێرەی بەرژەوەندیو زەوقی خۆی هەڵدەسوڕێنێت[67].

مۆنتیسکۆ بەم جۆرە پۆلێنبەندییەی جۆری حکومەتەکان. لەسەر بنەمایەکی کلاسیکی، کە ئەرستۆ پێی هەستابوو، جۆرێک لە گرتینی دایەوە بە قسەکردن لەسەر سیستەمە سیاسییەکان، چونکە ئەرستۆ ئەو دابەشکارییە کلاسیکییەی بەم

شێوەیە بوو، کە دابەشیکردبوون بە پادشایی‌و ئەریستۆکراسی‌و دیموکراسیی. بنەمای پۆلێنکاریی کلاسیکیی ئەرستۆ، بەشێوەیەک بووە، کە وتویەتی هەر یاسایەک لەلایەن چەند کەسێک بوون، کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتیان لە دەستدا بووە، پاشان دەگونجێت ئەو یاسایە باش، یان خراپ، یان یاسایی، یان نایاسایی بن. مۆنتیسکۆ بۆ هەر حکومەتێک سروشتێک‌و بنەمایەکی حکومەتیی دیاریکردووە. سروشت شێوەی حکومەت، یان فەرمانڕەواییە، هەروەها بنەمای نیشاندانی هێزێکە، کە حکومەت دەخاتە رەوشی جموجوڵ‌و زیندویەتییەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا یاساگەلی پەیوەست بەم جۆری حکومەتانە، پێویستە بە سروشت‌و بە بنەمای ئەو یاسایانە هاوتاو تەبابن. بە رەچاوکردنی ئەم نەزمەو بۆئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک، بتوانن سروشت‌و بنەمای پەیوەست بە حکومەتەکانی خۆیان فەراهەمبهێنن، پێویستە پەروەردەیەکی دروستی گونجاو بە جۆری حکومەتەکان بهێننەبەرکار.

یاساکانی پەروەردە و فێرکردن هەوەڵیین

یاسایەکن، کە گوێرایەڵیی ئێمە دەکەن و لەو شوێنەی کە ئەم یاسایانەمان لەپێناو تاکەکانی کۆمەڵ بن، ئەوا پێویستە تەواوی کۆمەڵگە بگرێتەوە، کە لە خێزانێکەوە دەستپێدەکات و دواتر تەواوی خانەوادەکان کۆمەڵگە پێکدەهێنن (مۆنتیسکۆ، 1370: 225).

مۆنتیسکۆ حکومەتی کۆماری بە دوو بەشی دیموکراسی و ئەشرافی پۆلێندەکات. لە دیموکراسیدا کۆمەڵە خەڵکێک دەسەڵاتی حوکمدارییان لەدەستدایە و لە دووەمیشدا گروپێک لە خەڵکی. فەرمانرەوایی لەهەردوو جۆرەکەی حکومەتدا، پێویستە لەرێگەی دەنگو رای خەڵکییەوە سەرچاوە بگرێت. لەم سیستەمەدا خەڵکی کارێک، کە بۆخۆیان ناتوانن ئەنجامیبدەن پێویستە بیدەنەدەست کارگوزارانی خۆیان کارگوزارانیش بەدەرنیین لەوەی، کە دەبێت خەڵکی دیارییان بکات. دیارە لە حکومەتی کۆماریدا خانەدانەکان، ژمارەیەکی دیاریکراون لە تاکەکان، هەم دارێژەری یاسانو هەمیش توانای جێبەجێکردنی یاسایان لە دەستدایە. ئیدی پاشماوەی خەڵکی لە حوکمدا وەکو رەعیەت

وەهـان. خانەدانەکان لـەم جـۆری سیستەمەدا دارای ئەنجومەنێکن بەنێوی ئەنجومەنی پیران، هـەروەهـا زەنگینەکانیش دارای ئەنجومەنی گشتیین[68]. پاشماوەی خەڵکیش حسابی شتێکان بۆ ناکرێت. سروشتی حکومەتی دیموکراتیک ئـەوەیـە، کە لـەم جـۆرەی حکومەتدا گـەل دوو رۆڵی تەواوکارو دژ بەیەک دەگێڕن. کە رۆڵی فـەرمـانـرەواو رۆڵـی فەرمانپێکەریش دەگێڕن. بنەمای حکومەتی کۆماری دیموکراتیک بریتییە لە فەزیلەت، پێویستە مرۆڤ لەبەرامبەر بەرژەوەندی گشتیو چاکەی دەوڵەت رابهێنرێت. لەشوێنێکدا کە فەزیلەت لە حکومەتدا نەمێنێت ئەوا پێویستە بە پەروەردەیەکی مەزنەوەن، ئەمەیش بۆئەوەی نەوەکان لە رابردووی خۆیان بەئاگابنو ئەوینیان بۆ وڵاتو نیشتیمان زیاد بێت، بۆئەوەی مرۆڤ چاکەی هەمووانی لە سودی شەخسی بەلاوە مەزنتر بێت. مۆنتیسکۆ توانیویەتی بەم نەزمو شێوەیە، رۆحی دیموکراسی بەتەواوی بناسێنێتو هەموو لایەنە ناوازەکانی لە تیۆرو پراکتیکدا بەرجەستەبکات، دەتـوانـین بڵێین مۆنتیسکۆ توانیوییەتی گورێکی زیندوو بکات بەرۆحی

دیموکراسیدا، کە لە خراپبوونی شارستانییەتی یۆنان‌و رۆمانەوە وەستێنرابوو. ئەو پێیوایە فەسادی دیموکراسی ئاماژەیە بە کەم‌و کورتی لەبواری یەکسانیدا. مۆنتیسکۆ لەبەرامبەردا پێیوایە، کە سروشتی حکومەتی ئەشرافی ئەوەیە، کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا پێویستە لە بژاردەی کەسانێکی کەم ژماردا بێت. نەوەکو لە بژاردەی هەموو خەڵکیدا بێت، کە ئەمە جۆرێکە لە دیموکراسیی سنوردار. ئەم کەسانەی ژمارەیان دیاریکراوە بەشێوەیەکی توراسی پێگەیان بۆ ماوەتەوە. بنەمای حکومەتی کۆماریی ئەشرافی میانەرەویی، ئەم حکومەتە فەرمانرەوایی لای ئەشرافە بە لە دەستدانی رۆحییەی میانەڕەوی ئەوا حکومەت دەگلێت لە فەسادو گەندەڵییەوە،

هەروەها سروشتی حکومەتی پاشایەتی لە روانینی مۆنتیسکۆدا ئەوەیە، کە دەسەڵاتی باڵا لە دەستی کەسێکدا بێت، بەڵام ئەو دەبێت لەسەر بنەمای یاسای بنچینەی فەرمانرەوایی بکات. هاوکات هێزی میانگیر هەبێت لەوانە رۆحانیەکان‌و پاسەوانانی یاساکان‌و ...هتد، دەتوانن دەسەڵاتی پادشا راستبکەنەوەو دیاریبکەن. لەکاتی

سەرهەڵدانی ناکۆکیو جیاوازی نێوان ئەو گروپانە، نابێت سڵبکرێتەوە، چونکە سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکیانە نیشانەو ئاماژەیەکی باشنو دەتوانن نەزمێکی هاوسەنگ بدەنە رەوشی سیاسیو رواڵەتی تاکڕەوی کەمبکەنەوە. بنەمای حکومەتی پادشایەتی بریتییە لە شانازیکردنو شکۆ، کە دەکرێت بنەمای هەبێت، یاخود ساختەو دروستکراو بێت. بەپێچەوانەی کۆمارییەکانەوە، تموحو بەرچاوتێری لەم سیستەمەدا شوێنێکی باڵاو بەنرخی هەیە، کە مایەی جوڵەی تەواوی ئەندامانی رەوتی سیاسی نێو سیستەمەکەیە.

لە حکومەتی دەستوریی پادشایەتیدا، دەتوانرێت مافی پێشکەوتن و پلەبەندی، تەنانەت رەسەنایەتی ئەجداد و پێشینان بسەپێنرێت، بەڵام لە حکومەتی کۆماریدا، تەماع مایەی فەساد و گەندەڵییە، بەڵام بۆ دەستورییەکان دەکرێت دەرهاویشتەیەکی چاکی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندییە بە حکومەتی دەستوری پادشایەتی رەونەقو روویەکی باش دەدا بەدەستەوە، ئەو باشییەیشی هەیە، کە مەترسیی نییە، چونکە لەهەموو کاتێکدا، دەتوانرێت پشتگیریی لێبکرێت

(مۆنتیسکیۆ، 1370: 214)، لەبەرئەوەی لە حکومەتی دەستووری پادشایەتیدا تەماعو بەرچاوتەنگی وادەکات، کە کێبەرکێ دروستبێتو هەریەک لەو گروپو چینانە هەوڵدەدەن، کە حزمەتی زیاتر بە سیستەمی حوکمڕانی بکەن. بنەمای سیستەمی پەروەردە لە سیستەمی پادشایەتیدا، پێویستە فێرکردنی شانازییەکان بێت، چونکە خزمەتکردن بە پادشا لە کاروبارە فەرمییەکاندا، بە خانەدانەکان رادەسپێردرێت. لەکۆتاییدا حکومەتی پادشایەتی بە پێشێلکردنی مافەکان بە پلەبەندیو هاوکات بە زیادبوونی ئیمتیازات بۆ ئەشرافەکان، رووەدەکاتە گەندەڵی، بەرەبەرە بۆ حکومەتێکی ستەمکار دێتەئاراوە[69].

سروشتی حکومەتی ستەمکاریی بەجۆرێکە، کە کۆی دەسەڵاتەکان لە دەستی کەسێکدایە، بەبێ رەچاوکردنی هیچ پێوەرێکی یاسایی، کە سەرچاوەکەی دەرەوەی خۆی بێت و تەواوی ئیلهامی یاسایی لە خواست و ئارەزووی تاکە کەسێکەوە سەرچاوەدەگرێت. بنەمای سەرەکی بەرقەراربوونی ئەوکەسە، پشت بەستووە بە ترسو زەبروزەنگ، بەم رێگەیە بوێری خەڵکی

لەبەرامبەر فەرمانڕەوادا ورە بەردراو و رووخاو نومایان دەبێتو ملدەدەن بەهەموو ئەتوارێکی فەرمانڕەوای ستەمکار. ئامانجی پەروەردە لەم سیستەمە سیاسییەدا بریتییە لە بەکۆیلەکردنو سستکردنی تواناو بندەستکردن. هاوکات پێویستە بزانرێت، کە پەروەردە لەم سیستەمە سیاسییەدا ئێجگار سنوردارە، چونکە هەمیشە پێویستە ترس لەسەربنەمای نەزانی بونیادبنرێتو بەهێزبکرێت، لەبەرئەوە رۆڵی پەروەردە دەبێت لێژو لاواز بێت، تا ترس بەبەهێزی بمێنێتەوەو کەشێکی لەبار بۆ نەزانی برەخسێت. ئەرکی گشتی پەروەردە لە دەوڵەتە ستەمکارییەکاندا ئەوەیە، کە شوێنی ترس لە دڵی خەڵکیدا شوێنبگرێت. هاوکات بۆ ئەو مەبەستە، پێویستە چەند بنەمای روکەشی ئایینی تێکەڵ بە پەروەردەو فێرکردنیان بکرێت، چونکە فێرکردنی زانستگەکانو زانست بۆ کۆمەڵگەکانی ئەم جۆرە حکومەتە ستەمکارانە جێگەی زیانە.

لە راستیدا مۆنتیسکیۆ بە خستنەڕووی ئەم جۆرە حکومەتە. دەیەوێت ڕەخنە لە حکومەتی ستەمکاری فەرەنسا بگرێت. چونکە دەیەوێت بڵێت هۆکارگەلێک رۆڵیان بووە، کە حکومەتێکی

پادشایەتی شکستبهێنێتو ببێتە حکومەتێکی ستەمکار، چونکە مۆنتیسکۆ پێیوایە لە فەرەنسادا دەزگا ناوبژیوانەکانو ئەو رایەڵانەی، کە پەیوەستبوون بە شاوە لەبەین برابوونو گەندەڵیو بێدادیو فەرامۆشکردنو چاودێریکردنی یاساو لێپێچینەوە بەتەواوی لەنێو بەرتیلو ریشوەو هەموو جۆرەکانی گەندەڵیدا توابوونەوە[70]. ئەو ئاماژە دەکات و بە ناڕاستەوخۆ وتوویەتی، کە سەردەمی ریشیلیۆ، لویسی چواردە، پازدە، شازدە پاتشایەتی دەستوری لە فەرنسادا نەبووە، بەڵکو حکومەت لە فەرەنسادا و سیستەمی سیاسی لە فەرەنسادا بریتییە بووە لە سیستەمێکی ستەمکاریی و هەموو تایبەتمەندییەکانی ستەمکاری بە رەنگێکی تۆخ لە فەرنسادا نومایان بووە. مۆنتیسکۆ لەنێوەندی ناکۆکییەکانی نێوان چینە جیاوازەکاندا، کە خانەدانو بۆرژواکانن، ئەو لە سیستەم پادشایەتیدا زێدەتر پشتیوانیو تەرەفداریی لە خانەدانەکان دەکرد. ئەو پێیوایە کەسانێک هەن لە ئەورپادا، کە گەرەکیانە، یان و وێنادەکەن، کە پێویستە لە ئەوروپادا تەواوی مافی نەجیبزادەکانو خانەوادەکان لەنێوببرێت، ئەوانە

تێدەگەن‌و دەیانەوێت هەمان کاری پەرلەمانی ئینگلیز دووبارە بکەنەوە. ئەگەر لە حکومەتێکی دەستوریدا، تەواوی بژاردەکانی ناوداران‌و نەجیبزادەکان‌و رۆحانییەکان‌و هاوولاتیان لە نێوببرێت، ئەوا بەزوویی دەبێتە دەوڵەتێکی خود سەر، یاخود حکومەتێکی تەواو ستەمکار (مۆنتیسکۆ، 1370، 8-197)[71].

هەرچەندە لە روانینی مۆنتیسکۆدا هەریەک لە حکومەتەکانی کۆماری و پادشایەتی، یەکێکیان لەسەر بنەمای بەرابەری و ئەوی تریان لەسەر بنەمای نایەکسانیی دامەزراون، بەڵام گرفتی ئەم دوو سیستەمە سیاسییە یەک رووی هاوبەشی هەیە، کە ئەویش میانەڕەوییە. لە هیچ کام لەمانەدا گوێڕایەڵنەبوون و ئارەزووبازی و دەرچوون لە چوارچێوەی یاسا نابێت بێتەگۆڕێ، بەڵام حکومەتی ستەمکاریی لەچوارچێوەی حکومەتە میانەڕەوەکان، یان مامناوەندەکاندا نییە. لە روانینی مۆنتیسکۆدا پۆلێنبەندی بۆ حکومەتەکان بە شێوەیەکی دیالەکتیکی کراوە، لە کۆمارییەکاندا بنەمای یەکسانی بوونی هەیە، کە پەیوەندی ئەندامانی

کۆمەڵگە بەیەکترییەوە بنەمای سەرەکییە، بەڵام حکومەتی پادشایەتی لەسەربنەمای جیاوازی و نابەرابەرییە و حکومەتی ستەمکاریش بە یەکسانییە، بەڵام لە حکومەتی پاشایەتیدا بەرابەری و یەکسانییەکە لەسەر بنەمای فەزیلەتە و ئەو بنەمایەیش لە دەوڵەتی ستەمکاریدا، لەرێگەی ترس و تۆقینەوەیە، کە هەمووان وەک یەک دەگرێتەوە.

### جودایی دەسەڵاتەکان

مۆنتیسکۆ پاش شرۆڤەی تێروتەسەلی دەربارەی جۆری حکومەتەکان، لەبارەی سیستەمی سیاسی ئینگلستان، کە لەسەر بنەمای جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان دامەزراوە، زیاتر رادەوەستێت. لەراستیدا سیستەمی پادشایەتی و لێکجودایی دەسەڵاتەکان لە ئینگلستاندا ببووە ئیلهامێک بۆ گەڵاڵەی پەرتوکەکەی مۆنتیسکۆ، تێیدا تەواوی تیۆرەکانی خۆی لەسەر نەزمی سیاسیو یاسایی وڵاتان خستەڕوو. ئەو راستییە ناشارێتەوە، کە سەرسامە بە نەزمی رامیاریو ئازادیو لێکجودایی دەسەڵاتەکان لە

بەریتانیاداو پێماندەڵێت» کە هەموو ئەوانەی بەجۆرێک دارِشتووەتەوە، کە بەدەردی کۆمەڵگەو نەریتو کەشوهەواو رەوشی فەرەنسا بخواتو تایبەتمەندییەکی فەرەنسیانەی پێیان داوە[72].
مۆنتیسکۆ بروایوابوو بۆ بەردەوامی دانو پاراستنی ئازادی تەنیا یەک رێگە هەیە، ئەویش راگرتنی بالانسو جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە لەیەکتریی بەو شێوەیەی لە بەریتانیادا هەیە. ئەم جوداییەیش نایەتەدی، تەنها دەبێت لە حکومەتێکی مامناوەندو میانرِەودا بێت. سروشتو بایەخی حکومەتی ستەمکاریی، میانرِەویی بەشتێکی ئەستەم دەزانێتو دەیبینێت، هاوکات لە حکومەتی کۆماریشدا میانەرِەوییو میانگینی شیاوی پەسەندکردن نییە، تەنها لە حکومەتی پادشایەتی دەستوریدا، هەلومەرج رەخساوە بۆ حکومەتێکی میانەرِەو بۆ بەردەوامیدان بە پاراستنو دەستپێوەگرتنی ئازادی. باشترین رێگەیش بۆ پاراستنی میانرِەوی لەو حکومەتەدا بریتییە لە: پێشگیریی لە تورِەیی حکومەت، ئەویش لەرێگەی تاک، یاخود گروپێکی تایبەتەوە دێتەدی، کە یاخود بە بەرپاکردنی هاوسەنگی

دەبێت لەنێوان دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا. دیارە جیاییو سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتەکانن بەبێ بوونی پەیوەندیو هەماهەنگی لەنێوانیان شتێکی شیاو نییە بۆ جێبەجێکردن و ئەستەمە رووبدات، تەنانەت مۆنتیسکۆ بۆخۆی ئاگای لەم خواستە هەبوو، هاوکات پێشبینیکردبوو، کە دەکرێت تیۆری جودایی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی قەتعیو تەواودەکرێت ببێتەمایەی نوشتو پوکانەوەی خولەکانی حکومەتو لەکارەکانیو پەیوەندییەکانی لەتەک یەکتریدا شکستبهێنێت.

مۆنتیسکۆ باوەڕیوایە، کە لە هەر حکومەتێکدا، کە زیاتر روانگەکەی بۆ حکومەتێکی دەستوری پادشایەتییە، سێ دەسەڵات بوونی هەیە، کە ئەوانیش دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی داوەریین. ئەو بە پێچەوانەی جۆن لۆکەوە، دەسەڵاتی دادوەریی بە دەسەڵاتێکی جیا دادەنێتو وابەستەی ناکات بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە. ئەو پێیوایە نابێت گروپێک، یان کەسێک لەکاتێکدا هەرسێ دەسەڵاتەکە بەڕێوەبەرنو سەربەخۆ نەبن. پێیوایە ئەوکات ستەمکاری روودەداتو روونتر پێماندەڵێت: کە ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنو

یاسادانان، لە بژاردەی تەنها کەسێکدا بن، ئەوا ئازادی مانایەکی نییە، چونکە ئەو تەنها کەسە دەکرێت یاسای نادروست دەربکاتو ئەوکات ستەمکاری دیارترین ئەگەری رووداو دەبێت، هەربۆیە بە بڕوای ئەو، پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دوو دەسەڵاتەکەی تر جودابێت، بۆئەوەی ئازادی بێتە دی، چونکە بەشێوەیەکی ستەمکارانە بڕیارەکانی دادگا گەرسەربەخۆنەبن و وابەستەبن بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، ئەوا رێوشوێنی توندو توندڕەوی روودەدات. سەرەڕای ئەوەیش مۆنتیسکۆ دەسەڵاتی لەنێوان سێ هێزی کۆمەڵایەتیدا بەشکردووە، کە بریتین لە هێزەکانی پادشاو نێوەندییەکانو خەڵکی. نێوەندییەکان لە روانینی مۆنتیسکۆدا بریتین لە ئەشرافو خانەدانەکان. هێزی خەڵکی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادانانەدا فرە رۆشنە. ئەوانە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرنو ئەو نوێنەرانە، کە خەڵک دەنگیان پێدەدات لە ئەنجومەندا تاوتوێی یاساکان دەکەنو گەڵاڵەیان دەکەن، ئەوانە دەنگو خواستی خەڵکن، لێرەدا ئەشرافەکان، تابتوانن بەرگری لەتایبەتمەندی خۆیان بکەنو بەرژەوەندییە باڵاکانیان بپارێزن، پێویست دەکات مافی ڤیتۆی بڕیارەکانی

ئەنجومەنیان هەبێت، بۆئەوەیش ئەنجومەنی پیرانیان هەیە، کە ئەو مافەیان پێدەدات، پادشایش کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، پێویستە لە خراپ بەکارهێنانی یاسا لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان‌و داوەرییەوە پێشگیریی بکات. بەشێوەیەکی گشتی ئەنجومەنی پیران‌و ئەنجومەنی یاسادانان لە توندرەوییەکانی یەکتریی پێشگیریی دەکەن، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەردوو لا سنوردار دەکات‌و خۆیشی بەهۆی ئەوانەوە سنووردار دەبێت.

## پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن

جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە شرۆڤەی مۆنتیسکۆدا، بە پێکهاتەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مادیی گەلی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمدا، ئێجگار شیاو و گونجاو بوو. ئەو بەئاشکرا رکابەریی چینایەتی پەسەنددەکرد[73]، چونکە پاش مەرگی لویسی چواردە روونبۆیەوە، چۆن وڵات زیاتر بەرەو ئەوە کەمەندکێشکرا، کە گەندەڵکارانی باڵا بەناوی خواوە پیرۆزییان

دابەخۆیان، هەر بۆیە مۆنتیسکۆ دەرمانی هەموو ئەو دەردانەی، کە هۆکارەکەی لە بالآیی ئەشراف‌و بندەستی خوارەوەدا دەبینی، لە بەرپابوونی حکومەتێکی پادشایەتی دەستوریدا دەبینییەوە، چونکە لەوجۆرە سیستەمەدا هەموو گروپ‌و ئەندام‌و پێرە نارازییەکان بەخواست‌و خولیاو ئایدیای خۆیان دەگەیشتن. لێرەدا دیدگای مۆنتیسکۆ دیدگایەکی ریفۆرمخوازانە لەپێشچاو دەکەوێت، ریفۆرمێک کە لە دەرون‌و لە ناو دڵی یاسای بنچینەییەوە رێ‌و شوێنی بۆ دادەنرێت[74].

بۆ شرۆڤەی کاریگەرییەکانی مۆنتیسکۆ لە سەر شۆڕشی فەرەنسیی، وەک بیرمەندێکی مەزنی فەرەنسیی، ئەوا پێویستە دوو خاڵی گرنگ لێکجودابکەینەوە، پاشان پێناسەیان بکەینەوە. ئەو خاڵانەیش هەوەڵیان باوەڕ و روانگەی خودی مۆنتیسکۆیە و دووەمیش ئەو دەرهاویشتانەیە، کە کەسانێک لە تیۆر و بۆچوونەکانی مۆنتیسکۆوە پێیگەیشتوون، چونکە بۆچوونەکانی ئەو لەشرۆڤەی

جیاجیادا بۆچوونی لێک دژی لێکەوتووەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی مۆنتیسکۆ نێوەندگیرەو پەیڕەوی‌و پشتیوانی نەپادشا، نەخەڵک، نەئەشراف، ئەو لەکۆی هەموو شتەکان دیویێکی رازیکەری هەڵبژاردووەو بڕوای بەسازانێکی تەواوە، تەنانەت ئەو نابەرابەرییەکانی کۆمەڵگە، وابەستەدەکاتەوە بەخودی کۆمەڵگە خۆیەوەو بەشتێکی سانایش وەریدەگرێت. ئەندێشەکەی ئەو گەر لە زەمینەی سەدەی هەژدەدا، خوێندنەوەمان بۆ بکردایە، ئەومان بە کەسێکی کۆنخواز دەبینی، چونکە ئەو خوازیاری شۆڕش نەبوو. ئەگەر بۆچوونەکانی ئەو لەچوارچێوەی سیستەمێکی پادشایەتی دەستوریدا وەربگرین، دەبێت دان بەو راستییەدا بنێین، کە ئەو لەتەک شۆڕشدا نەبووەو نەیویستووە سەرلەبەری شتەکان لەسفرەوە دەستپێبکەنەوە وەک ئەوەی، کە روویدا. ئەو بوونی خانەدانەکانی بە هێشتنەوەی توراس‌و میراتی خۆیان قبووڵبوو. لە دوو جۆری نێو چوارجۆرەکەی حکومەت، کە بۆخۆی ناساندبوونی، ئەوا بۆ

ئەشرافو خانەدانەکان پێگەو شوێنی باڵای دانابوو. بۆنموونە لە حکومەتی کۆماریی ئەریستۆکراسیدا، کە ئەشرافەکان بەتەواوی باڵادەستو دەسەڵاتدارن، هەروەک چۆن لە حکومەتی دەستوری پادشایەتیشدا وەهان. لە حکومەتی نموونەیی ئەودا ئەشرافەکان بەشی دووەمی کۆمەڵگەو نێوەندی نێوان شاو خەڵکن. سەرەڕای ئەوەیش ئەو یەکسانی کۆمەڵایەتیو مەرجی ئازادیی، تەنیا لە بونیادی شێوە کۆمەڵگەیەکی ئەشرافیدا دەبینییەوە. حکومەتی مامناوەند لەروانینی ئەودا، حکومەتێکە کە لەلای ئەو دەسەڵات ڕێگریی لە دەسەڵات دەکات، پێویستە هیچ تاکێکی کۆمەڵگە، لەوی دیکە ترسو بیمی نەبێت، هەروەها قەدەغەی ترسێک دەکات، کە رووبەرووی خاندانەکان بێتەوە، بۆ لەدەستدانی ئەو توراسو میراتەی، کە بۆیان ماوەتەوە، یاخود ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانە. هەرچۆنێک بێت بیرۆکەیەک کەمۆنتیسکۆ بۆ حکومەت هەیبوو، دەوترێت کە بیرۆکەی ئەشرافەکانی سەدەی هەژدەهەمی

فەرەنسا بوون، هەر بۆیە سروشتی بوو، کە ئەوانیش مۆنتیسکۆ بە بیرمەندی مەزنی خۆیان بزانن‌و بەرگری لەسەرنج‌و بۆچوون‌و پێگەو کاریگەرییەکانی بکەن، هەر بۆیە لەپێناو هێشتنەوەی پێگە و تایبەتمەندیی خۆیان، زۆرجار پشتبەستوو دەبوون بە گیانی یاساکان‌و ئەویان وەک پێناوێک بەکاردەهێنا. لێرەدا بۆچوونەکانی مۆنتیسکۆ، زیاتر لەلایەن ئەشراف‌و نەجیبزادەکانەوە پشتیوانی لێکراو بەمەبەست‌و بەئومێدی ئەوەوەبوون، کە تواناو تینی خۆیان لە پەرلەمان و لە ئەیالەتەکاندا بۆ بگەڕێتەوە، تەنانەت بۆرجواکانیش لەو شێوە بیرکردنەوانەی مۆنتیسکۆ کەڵکیان وەرگرت، هەر بۆیە ناکرێت بوترێت، بۆچوونی مۆنتیسکۆ لەبەرژەوەندی ئەشراف و خانەدان و بۆرژواکاندا نەشکاوەتەوە، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی بە دیوێکی ستەمکارانە کەڵک لەو برگانەی رۆحی یاساکان ببینن، بەڵکو هەمیشە دەبوو لەپەنای یاسادا بمێننەوەو کۆتبکرێن. ئەوەبوو مۆنتیسکۆ بووە ئیلهام بەخشی جۆرە

هاوسەنگیو لێک نزیکییەک لەنێو دڵی شۆڕشی فەڕەنسیداو بووە ڕێگرییەک لەوەی پەرتەوازەیی زیاد بێتەگۆڕێو هەموو چینەکان بەشداربن لە ڕووداوەکانی شۆڕشدا، بەشێوەیەک کە کەسێکی وەک ڕۆبیسبێرگ بەوەوە دەینازی، هاوکات ڕۆڵی بینی لە داڕشتنەوەی یاساکانی سالانی سەرەتای شۆڕشدا، بەتایبەتی لە یاسای بنچینەیی ساڵی (1791)دا لە یاسای بنچینەی ساڵی یەکەمی (1793)دا، هەروەها لە یاسای بنچینەیی ساڵی دووەمدا (1794) هاوکات لێکۆڵینەوەی یاسای بنچینەی ساڵی سێهەمیش ڕۆڵی هەبوو[75].

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1. Shackleton, Montesquieu, 169; there are other particularly interesting discussions of Montesquieus theories of causation in Sorel, Montesquieu, 2057– and Durkheim, Montesquieu, 4447–

2. hackleton, Montesquieu, ch. xiv and Sorel, Montesquieu, 13940– are particularly illuminating accounts of his theory of climate and causation.

3. The best account of how Montesquieu founded modern functionalism and structuralism is in Durkheim, Montesquieu, 56–63 ,7

4. hklar, Montesquieu, 50; Fletcher, Montesquieu, 73 and Durkheim, Montesquieu, 5759– argue similarly that Montesquieu had no sense of progressive time.

5. Important passages occur in Montesquieu, Spirit, I,369; I, 297; I, 304 and especially Spirit, I, 1225–

6. Montesquieu, 'Dossier on Esprit, translated from Starobonski, Montesquieu, 160; Sorel, Montesquieu, 92, describes the danger of the ageing philosopher desperately trying to finish the great work.

7. Important passages occur in Montesquieu, Spirit, I,369; I, 297; I, 304 and especially Spirit, I, 1225–

8. Montesquieu, ‘Dossier on Esprit, translated from Starobonski, Montesquieu, 160; Sorel, Montesquieu, 92, describes the danger of the ageing philosopher desperately trying to finish the great work.

9. Durkheim, Emile, 1960, Montesquieu and Rouseau: Forerunners of Sociology, Ann Arbor: University of Michign Press.

10. Hulliung, Mark, 1976, Montesquieu and the Old Régime, Berkeley: University of California Press

11. Durkheim, Emile, 1960, Montesquieu and Rouseau: Forerunners of Sociology, Ann Arbor: University of Michign Press.

12. Hulliung, Mark, 1976, Montesquieu and the Old Régime, Berkeley: University of California Press

13. Cox, Iris, 1983, Montesquieu and the History of French Laws, Oxford: Voltaire Foundation at the Taylor Institution.

14. Cohler, Anne, 1988, Montesquieu›s Comparative Politics and the Spirit of American Constitutionalism, Lawrence KS: University of Kansas Press.

15. Carrithers, D., Mosher, M., and Rahe, P. (eds.), 2001, Montesquieu›s Science of Politics: Essays on The Spirit of the Laws, Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
16. Cohler, Anne, 1988, Montesquieu›s Comparative Politics and the Spirit of American Constitutionalism, Lawrence KS: University of Kansas Press.
17. Carrithers, D., Mosher, M., and Rahe, P. (eds.), 2001, Montesquieu›s Science of Politics: Essays on The Spirit of the Laws, Lanham, MD: Rowman & Littlefield.
18. Berlin, Isaiah, 2001, "Montesquieu", in Against the Current, Princeton: Princeton University Press.
19. Althusser, Louis, 2007, Politics and History: Montesquieu, Rousseau, Marx, Ben Brewster (trans.), London: Verso.
20. http://www.nlnrac.org/eearlymodern/charl montesquieu
21. Merrick Whitcomb, ed., Translations and Reprints from the Original Sources of European History, vol. 6, French Philosophers of the Eighteenth Century (University of Pennsylvania, 1899), 2–3.
22. Cahiers de corrections» at the Bibliothèque

Nationale de France (n. a. fr. 14365): cf. Edgar Mass, «Les éditions des Letters persanes,» Revue française dhistoire du livre nos 102–103 (1999), pp. 19–56.

23. Cecil Courtney, Philip Stewart, Catherine Volpilhac-Auger, Pauline Kra, Edgar Mass, Didier Masseau, Œuvres complètes, Oxford: Voltaire Foundation, vol. I, 2004. Critical edition based on the original 1721 edition.

24. An anti-Walpole newspaper, 17261736-. Montesquieu appears to have been a regular reader while in England. It seems to have been from here that he learned of the value that the English put on liberty, or at least of their dominant self-image in that regard. Some notes from his reading of The Craftsman appear in the miscellaneous notes that he collected under the title ‹Spicilegium› (Spicilège), at pp 135760- (ms pp 48593-). Notably:

25. Cecil Courtney, Philip Stewart, Catherine Volpilhac-Auger, Pauline Kra, Edgar Mass, Didier Masseau, Œuvres complètes, Oxford: Voltaire Foundation, vol. I, 2004. Critical edition based on the original 1721 edition.

26. Cecil Courtney, Philip Stewart, Catherine Volpilhac-Auger, Pauline Kra, Edgar Mass,

Didier Masseau, Œuvres complètes, Oxford: Voltaire Foundation, vol. I, 2004. Critical edition based on the original 1721 edition.

27. Mr. Ozell, London, 1722.

28. Philip Stewart (ed.), Les «Lettres persanes» en leur temps, Paris, Classiques Garnier, 2013.

29. Philip Stewart (ed.), Les «Lettres persanes» en leur temps, Paris, Classiques Garnier, 2013.

30. Cooper was a follower of Tom Paine, who in turn was an admirer of Rousseau. For the classical origins of American ideals of liberty, see also Sibi Imperiosus: Coopers Horatian Ideal of Self-Governance in The Deerslayer, Villa Julie College, July 2005

31. Rousseau›s biographer Leo Damrosch believes that the authorities chose to condemn him on religious rather than political grounds for tactical reasons

32. Darnton, Robert, «6. Readers Respond to Rousseau: The Fabrication of Romantic Sensitivity», The Great Cat Massacre for some interesting examples of contemporary reactions to this novel.

33. Darnton, Robert, «6. Readers Respond to Rousseau: The Fabrication of Romantic Sensitivity», The Great Cat Massacre for

some interesting examples of contemporary reactions to this novel.
34. Jean Jacques Rousseau and (trans.) Thomas Martyn (2015). Letters on the Elements of Botany:Addressed to a Lady. Cambridge University Press.
35. Green, Edward (2007), «Reconsidering Rousseaus Le devin du village: An Opera of Surprising and Valuable Paradox» (PDF), Ars Lyrica (Ed Green music) 16: 132, retrieved 17 July 2014
36. Will Durant (1967). The Story of Civilization Volume 10:Rousseau and Revolution. Simon & Schuster. pp. 883–4. Cite error: Invalid <ref> tag; name «Durant_1967_8856-» defined multiple times with different content (see the help page).
37. Leo Damrosch (2005). Jean-Jacques Rousseau: Restless Genius. Houghton Mifflin. p. 465.
38. Einaudi, Mario (1967), The Early Rousseau, Cornell University Press, p. 5, Arthur Lovejoy›s crucial role in dispelling the myth cultivated with such care by many eighteenth-century philosophes
39. Miner, Earl (1972), «The Wild Man Through

the Looking Glass», in Dudley, Edward; Novak, Maximillian E, The Wild Man Within: An Image in Western Thought from the Renaissance to Romanticism, University of Pittsburgh Press, p. 106

40. Miner, Earl (1972), «The Wild Man Through the Looking Glass», in Dudley, Edward; Novak, Maximillian E, The Wild Man Within: An Image in Western Thought from the Renaissance to Romanticism, University of Pittsburgh Press, p. 106

41. Will Durant (1967). The Story of Civilization Volume 10:Rousseau and Revolution. Simon & Schuster. pp. 208–9.

42. Raino och Midgaard, Knut, 1993. De politiska ideernas historia ,Studentlitteratur, lund.

43. Kymlicka, Will, 199گ, Modern politisk filosofi, Nora, Nya Doxa.

–Vincent, Andrew, 1992. Modern Political Ideologies, Oxford, Blavkwell.

–Hampton, Jean, 1997, Politicak Philosophy, Boulder, Colorado, Westview press.

44. Montesquieu, Charles Louis de Secondat, 1977, Om lagarnas anda, Stockholm, Ratio.

45. In 1707. Blackstone, in 1765, thought that it

still existed: Commentaries i.150. So did Dicey as late as 1913 and George V in 1914: V Bogdanor The Monarchy and the Constitution (Oxford Clarendon P) pp 129321–.

46. See generally S Goyard–Fabre La philosophie du droit de Montesquieu (Paris Klincksieck 1973) and Montesquieu: la nature, les lois, la liberté (Paris PUF 1993).

47. Shackleton (Montesquieu p 285) says that the first draft of the section was already complete by the end of 1733; see also his essay on the manuscript of De l›esprit des lois now in the Bibliothèque Nationale de France, OC Masson iii.56777–.

48. C Eisenmann ‹La pensée constitutionnelle de Montesquieu› in (various authors) La pensée politique et constitutionnelle de Montesquieu: bicentenaire de L›esprit des lois 17481948– (Paris Recueil Sirey 1952) pp 13360–. Even Eisenmann ignores the Notes, stating only that ‹around 1730 Montesquieu had studied and observed government in England on the spot›: p 133n1.

49. ‹Jellinek and Laband in Germany; Esmein, Duguit, Carré de Malberg in France – all representatives of the austere

discipline of «public law (droit public)», of Staatsrechtswissenschaft›: Eisenmann ‹La pensée constitutionnelle› p 135. I shall not try to assess Eisenmann›s attributions.

50. Montesquieu introduces the English sense of the word ‹constitution› into French: previously, ‹une constitution› had rendered the ‹constitutio› of Roman law, which was any type of imperial legislation. In his day, moreover, ‹la constitution› meant the papal bull Unigenitus (1713) proscribing Jansenism: Shackleton Montesquieu p 284; see also Montesquieu›s own essay on Unigenitus, ‹Mémoire sur la Constitution› OC Caillois ii.121721–.

51. On the mythology, see JGA Pocock The Ancient Constitution and the Feudal Law (Cambridge Cambridge UP 1987 reissue).

52. exécutrice should properly be translated as ‹executory›, but ‹executive› is so firmly established, both in scholarship and in constitutions, that to do so would seem pedantic. The Notes contain ‹exécutive›, but that might be an error of transcription. Montesquieu›s nomenclature here is in any case unfamiliar to the contemporary reader: Shackleton Montesquieu p 286.

53. Justinian Institutes 1.2.12–.
54. Justinian Institutes 1.2.12–.
55. An anti–Walpole newspaper, 17261736–. Montesquieu appears to have been a regular reader while in England. It seems to have been from here that he learned of the value that the English put on liberty, or at least of their dominant self–image in that regard. Some notes from his reading of The Craftsman appear in the miscellaneous notes that he collected under the title ‹Spicilegium› (Spicilège), at pp 135760– (ms pp 48593–). Notably:
56. Eg R Shackleton ‹Montesquieu, Bolingbroke, and the Separation of Powers› (1949) in Shackleton Essays on Montesquieu and on the Enlightenment ed D Gilson and M Smith (Oxford Voltaire Foundation 1988) pp 315–; Dédéyan pp 8991–.
